کاروانی سەربازی کەنداوی
عەرەبی تێدەپەڕێنێت

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن
پێشوازی لە داهێنانی تەکنەلۆژی دەکەن

مەشقی پاکستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
سەرنج دەخاتەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم

# UNIPATH



# مسۆگەرکردنی داهاتوو



فرۆشیارێکی سەرشەقام لە بازاڕێک لە گەڕەکی ئیسلامیی کۆن لە قاهیرە شەربەت دەگێڕێت.

AFP/گێتی ئیمەیجس

# گرتەکانی سەرەتا



جوتیاران نزیک لاهۆر، پاکستان، لە مانگی
حوزەیرانی 2024 دروێنەی چەڵتووک دەکەن.

AFP/گێتی ئیمەیجس

# پێڕست


**6** **کاروانێک لە سەرانسەری نیمچەدورگەی عەرەبی**

ئەمریکا، سعودیە و ئیمارات لە میانی 'تورەیی ڕەسەن'ی 24 سەرباز و ئامێر بە درێژایی 1,900 کیلۆمەتر دەگوازنەوە

**12** **خۆپاراستن لە کارەساتی بایۆلۆژی**

حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕێگریکردن لەو تەشەنەکردنانەی کە دەکرێت لە COVID-19 خراپتربن بەدواداچوون بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکان دەکەن

**16** **هێزە فرەنەتەوەییەکان هاوبەشی سەربازی بنیات دەنێن**

شێری تامەزرۆی 24 لە 33 وڵاتەوە سەرباز بۆ یەکێک لە مەشقە هەرە گرنگەکانی ناوچەکە بانگهێشتی ئەردەن دەکات

**24** **پابەندبوونی قەتەر بۆ هێزە تایبەتەکان**

فەریقێکی یەکەمی قەتەر لەخۆگرتنی ڕاهێنانی تایبەتمەند لەلایەن وڵاتەکەیەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەرکە ئاڵنگارەکاندا ڕوونەکاتەوە

**26** **چنگەکان دەگوشن**

هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و پاکستان بۆ تێکشکاندنی تیرۆریزم لە مەشقی چنگی هەڵۆی 24 هەماهەنگی دەکەن

**30** **بنیاتنانی خۆڕاگری لە بەرامبەر نەخۆشییە درمییەکان**

دروستکردنی ناوەندی ئەردەن بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشیەکان بۆشاییەک لە پاراستنی وڵات لە پەتا ئەگەرییەکان پڕدەکاتەوە

**34** **ڕۆبۆتیک بۆ ڕزگارکردن**

ناوەندە نوێیەکەی ئەردەن بۆ سیستەمی بێ کارمەند ئاسایشی دەریایی لە کەنداوی عەقەبە و دەریای سوور باشتردەکات

**بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی سەربازی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن**

**38** **پاراستن لەڕێگەی ئامادەکارییەوە**

هێزەکانی سعودیە و ئەمریکا لە مەشقێکی سەربازی هاوبەشدا هێرشێکی هاوشێوەی چەکی کیمیایی پووچەڵ دەکەنەوە

**42** **ئەنجامدانی مەشق بۆ ئامانج**

ئەردەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوچەییەکان، سەرنج دەخاتەسەر ئامادەکردنی هێزەکانی

**46** **هێزەکانی تاجاکستان لەگەڵ هاوبەشانی ئەمریکا مەشق دەکەن**

چالاکییەکان ئەندازیاری، شەڕی شاخ، تەکتیکی پیادە و پەیوەندییەکانی مەیدانی جەنگی لەخۆگرتبوو


**48** **یەکەم لە گەیشتن، کۆتا لە جێهێشتن**

سوپای ئەردەن بۆ دڵنیابوونەوە لە جوڵەی خێرای ئامێرەکان بۆ ئەرکەکان، گرنگی بە لۆژیستی دەدات

**50** **پرۆفایلی سەرکردەی باڵا**

لیوا ئیسماعیل حەسەن عەبدوڵلا زەحزووح، یەمەن

**54** **لە سەرانسەری ناوچەکە**

**لەسەر بەرگ**

هەڕەشە ئاسایشییە هاوچەرخەکان گەشەسەندنی هێزە سەربازییەکان لە وردبینی تەکنەلۆژی و ئاڵوگۆڕکردنی باشترین پەیڕەو لەگەڵ هاوبەشە فرەنەتەوەییەکان پێویست دەکەن..

شێوەسازی یونیپاس


**UNIPATH**

**ئامادەکاری بۆ هەڕەشەکانی نەوەی داهاتوو**


بەرگی 13، ژمارە 1

بەهاری 2025


**فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا**

فەریقی یەکەم مایکڵ

"ئێریك" كوريلا




**پەیوەندیمان پێوە بکە**

**Unipath**
c/o Commander
U.S. Central Command
7115 S. Boundary Blvd.
MacDill AFB, FL 33621 USA

**CENTCOM.**
**UNIPATH@MAIL.MIL**



**یونیپاس** گۆڤارێکی پیشەیی سەربازییە کە بەشێوەی وەرزی لەلایەن فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاوە وەکو کۆڕبەندێك بۆ ئەفسەرانی سەربازیی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست بڵاودەکرێتەوە. هەر تێڕوانینێك کە لەم گۆڤارەدا دەخرێنە ڕوو بەهیچ جۆرێك دەرخەری سیاسەت و بۆچوونی ئەم فەرماندەییە یان هەر دەزگایەکی حکومەتی ئەمریکا نییە. وتارە هەڵبژێردراوەکان لەلایەن دەستەی یونیپاس ـەوە نووسراون، بە ئاماژەکردن بە ناوەڕۆکەکانی تر ئەگەر پێویست بێت، وەزیری بەرگری ئەوەی ڕونکردەوە کە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە گرینگی خۆی هەیە لە ئەنجامدانی کاروباری گشتی وەک ئەوەی داواکراوە لە وەزارەتی بەرگری بەگوێرەی یاسا.

# پەیامی سەرەکی سەرۆک



**ئەردەن** دەکەوێتە چەقی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، کە هەڕەشە نەریتی و نانەریتییەکان تێیدا زۆر و هەمەچەشنن، بەردەوام سەقامگیریی شانشینییەکە دەخاتە مەترسییەوە و سیستەمی بەرنامەڕێژییەکەی ناچار دەکات لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوویەک کە پێشبینی نەکراوی و نادڵنیایی زاڵە بەسەریدا، کاربکات.

لەبەر ئەو هۆکارە، هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب، پێویستییەکی بەردەوامی بە بەرزکردنەوەی تواناکانی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرکەوتووەکان بە هەموو شێوەیەک. ئەمەش بەشداریکردن لە مەشق و مانۆڕی سەربازی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت.

مەشقە سەربازییەکان بە پێکهاتەیەکی سەرەکی دادەنرێن بۆ پاراستنی ئامادەیی هێز و دڵنیابوونەوە لە توانامان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە ئەگەرییەکان بەشێوەیەکی خێرا و کاریگەر. شانشینی هاشمیی ئەردەن بە بەشداریکردنی 33 وڵات لە مانگی ئایاری 2024 میوانداریی مەشقی 'شێری تامەزرۆ'ی کرد. 'شێری تامەزرۆ' یەکێکە لە گرنگترین مەشقە سەربازییە هاوبەشەکان کە وڵاتانی هاوپەیمان بۆ خۆپاراستن لەهەمبەر هەڕەشە دەرکەوتووەکان و بەزاندنی سنوور ئەنجامی دەدەن.

ئەم مەشقە بوار بە سوپای وڵاتانی بەشداربوو دەدات لە ژێر پێکهاتەیەکی هاوبەشی فەرماندەییدا بۆ دەستنیشانکردنی ئامراز و شێوازە پەسەندکراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی هەموو هەڕەشە زەمینی، ئاسمانی و دەریاییەکان، و باشترکردنی تواناکانی وەڵامدانەوەی دامەزراوەکانی تری وەکو هەواڵگری، ڕاگەیاندن و خزمەتگوزارییەکانی زانیاری پێکەوە کاربکەن.

'شێری تامەزرۆ'ی 2024 بۆ گەیشتن بە چەندین ئامانجی ستراتیژی، ئۆپەراسیۆنی و تەکتیکی داڕێژرابوو. لە ئاستی ستراتیژییدا، مەشقەکە بنیاتانی تێگەیشتنێکی هاوبەشی لە سروشتی هەڕەشە دەرکەوتووەکان و بەزاندنی سنوور، وەکو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و ئەو گروپ، قەوارە و لایەنانەی کە پشتگیریان دەکەن، هەروەها بڵاوبوونەوەی درۆن و چەکی کۆمەڵکوژی بایۆلۆژی، کیمیایی و ئەتۆمی (WMD) و شێوازە جیاوازەکانی گەیاندنیان، بەدیاریکراوی سیستەمی مووشەکیی جۆراوجۆری کردبووە ئامانج.

لە ئاستی ئۆپەراسیۆنییدا، مەشقەکە لە ڕووی پلاندانان و شێوازگەریی بە ئامانجگرتن، فەرماندەییکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕ (زەمینی، ئاسمانی و دەریایی)، ئۆپەراسیۆنەکانی پشتیوانی لۆژستی و وەڵامدانەوەی کارەساتی سروشتی و پەتاییەوە هێزەکانی وڵاتانی بەشداربووی یەکخستن.

لە ڕووی تەکتیکییەوە، مەشقەکە کارمەندانی، بەشێوەی تاک و بەکۆمەڵ، ئامادەکرد و کارامەیی بەرپەرچدانەوەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، چارەسەرکردنی قەیرانە مرۆییەکان و ئەنجامدانی لەناوبردنی کەرەستەی تەقەمەنی پەرەپێدا.

فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەل و سیستەمە ئاسمانی و دەریاییە بێ کارمەندەکانی تر هەڕەشەیەکی نوێ بۆ سەر سیستەمەکانی بەرگری دروست دەکەن. لە کاتێکدا کە بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی نیشتمانی و ناوچەیی بەسوودن، بەڵام زۆرجار هەندێک لەم سیستەمە تارادەیەک هەرزانانە لەلایەن یاریکەرە خراپەکانەوە، کە هەوڵی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە دەدەن، دەقۆزرێنەوە.

گروپە چەکدارەکان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هێشتا مەترسییەکی ڕوون و هەنووکەیین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ ئەمەیش دەبێت ئێمە زرنگ بین و ڕووبەڕووی چالاکیی و ئۆپەراسیۆنە سنووربەزێنەکانیان ببینەوە کە بە چەندین شێوە ئەنجامیان دەدەن. لە دەرەئەنجامدا، ئەردەن هێزی وەڵامدانەوەی خێرای پێکهێناوە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە هەڕەشەڕانە بە نوێترین تەکنەلۆژیا ئامێربەندکراوە. هەروەها بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسییەکانی توندڕەویی و تیرۆریزم هەڵمەتی هۆشیاری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدات.

ڕاهێنان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ سەرەکیترین کاری لەپێشینەی هەرێمییە و پێکاتەیەکی سەرەکی بوو لە 'شێری تامەزرۆ'. هەروەها هێزە چەکدارەکانی ئەردەن و وەزارەت و دامەزراوە جۆراجۆرەکانی دەوڵەت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی باشترین پەیڕەوی بەرەنگاربوونەوەی چەکی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتۆمی بەشدارییان لە سەکۆ و کۆڕبەندە جیهانییەکاندا کرد.

پەتای جیهانیی COVID-19 دۆخناسکیی جیهانی بۆ بڵاوبوونەوەی چاوەڕواننەکراوی نەخۆشییە درمییەکان ئاشکراکرد. ئێستا لەگەڵ دامەزراندنی 'ناوەندی ئەردەن بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشییەکان'، ئێمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشییە بایۆلۆژییەکان باشتر ئامادەین. ئەمەش بابەتێکی سەرەکی دیکە بوو لە 'شێری تامەزرۆ'ی 24.

شۆڕشی دیجیتاڵی، کە وایکردووە دامەزراوە و تاکەکانی بە پلەی یەکەم پشت بە کۆمپیوتەر و تۆڕەکانیان ببەستن، بەهێزکردنی بواری ئەلیکترۆنی و گرنگیدان بە خاوەندارێتی باشترین ئامراز و تەکنیکەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێرشە ئەلیکترۆنییانەی کە تادێت ئاڵۆزتر دەبێت، کردووە بە پێویستییەک. یەکەیەکی وەڵامدانەوەی ئەلیکترۆنی لە میانی 'شێری تامەزرۆ'ی 24 بۆ پاراستن لەبەرامبەر هەڕەشە ئەگەرییە ئەلیکترۆنییەکان و بەرکەوتنی سەربازەکان بەو سیناریۆیانەی کە تێیدا دوژمن هەوڵدەدات بچێتە ناو فەزای ئەلیکترۆنیمانەوە پێکهێنرا. ڕاهێنانەکە بە هەمان شێوە بەرەنگاربوونەوەی ئۆپەراسیۆنە زانیارییە دوژمنکارییەکانی لەخۆگرتبوو کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر دەرکردنی بڕیاری نیشتمانی و باری گشتیی دەروونیی دانیشتووان هەیە.

هەڕەشە دەرکەوتووەکان ناچارمان دەکەن کە وڵاتانی هاوپەیمان و دۆست هاوبەشیی بەهێز دابمەزرێنن و بیپارێزن. ڕاهێنانەکە وەکو بەردی بناغەی ئەم هاوبەشییانە دەمێنێتەوە، بەڵام تاکە ڕێگە نییە بۆ بنیاتنانی هەماهەنگیی ئاسایشی. پێویستە ئێمە بۆ دۆزینەوەی هەڕەشە هەنووکەییەکان، بەستنەوەی چەتری بەرگریی ئاسمانی لەگەڵ سیستەمی مووشەکی لەسەر ئاستی نیشتمانی و فراوانکردنی ئەم پەیوەندییە لەگەڵ هەموو هاوبەشەکانی ناوچەکە بۆ دڵنیابوونەوە لە وەڵامدانەوەی کاریگەر و خێرا بۆ سیستەمی مووشەکیی دوژمنکارانە زانیاریی هەواڵگری هاوبەشی پێبکەین.

ئێمە لە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرکەوتووەکان و گەیشتن بە ئاسایشی نیشتمانی و بەکۆمەڵ بەردەوام هەوڵی بەهێزکردنی چەمکی شەڕکردن، پتەوکردنی هاوبەشی و هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان دەدەین. ئاسایشی شانشینی هاشمیی ئەردەن پێکهاتەیەکی ئاسایشی ناوچەیی و جیهانییە، ئەمەش پاڵنەری بڕیاری ئێمەیە بۆ بەردەوام میوانداریکردنی 'شێری تامەزرۆ'.

ئەم وەشانەی گۆڤاری 'یونیپاس' بە وردەکارییەکی زیاتر باس لە بابەتی هەڕەشە دەرکەوتووەکان دەکات. دەرفەتت پێدەدات تا لە توخمەکانی هەڕەشەی گەورەتر و کاریگەرترین ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەیان تێبگەیت بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی نیشتمانی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

**عەمید ڕوکن مستەفا عەبدول حەلیم ئەلحەیاری**

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی سەربازی، هێزە چەکدارەکانی ئەردەن




کاروانی 'تورەپی ڕەسەن'ی 24 لە بەرزاییەکانی دەرەوەی یەنبەع لە سعودیە دەست بە ئەرکەکەی دەکات.

عەریف مێری کۆڵمان/هێزی دەریایی ئەمریکا

# کاروانێک لە

# سەرانسەری

# نیمچەدورگەی عەرەبی

**ئەمریکا، سعودیە و ئیمارِات لە میانی 'تورەیی رِەسەن'ی 24 سەرباز و ئامێر بە درێژایی 1,900 کیلۆمەتر دەگوازنەوە**

دەستەی یونیپاس





**هێزی دەریایی ئەمریکا لە ئیمارات لە دوای مەشقی 'تورەیی ڕەسەن'ی 24، گوێزەوەکان باردەکەنە سەر کەشتییەک.** عەریف مێشاک هیڵتۆن/هێزی دەریایی ئەمریکا

حەفتا و دوو گوێزەرەوەی سەربازی کە سەدان سەربازی هێزی دەریایی ئەمریکایان هەڵگرتبوو، لە بەرەبەیانیدا دەستیان بەجوڵەکرد، سێبەرەکەیان بەسەر ئاسۆی درەوشاوەدا بڵاوبووەوە کە خۆری سعودیەی لەباوەشگرتبوو.

لە کەمپێکی سەربازیی دەرەوەی یەنبوع لەسەر دەریای سوور، تایەکان تۆز و خۆڵی بیابانیان بڵاوەپێدەکرد لە کاتێکدا کە کاروانەکە دەچووە سەر ڕێگایەکی خێرا کە سەردەکەوت بۆ بەرزاییە بێ پیتەکانی دەرەوەی شارەکە.

لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا، کاروانە سەربازییەکەی ئەمریکا بە یاوەری هاوبەشە سعودی و ئیماراتییەکان، شاخەکان، کێڵگە گڕکانییەکان و تەپۆڵکە لمییەکانیان لە مانۆڕێکی سەربازیدا تێدەپەڕێنن کە پانتایی نیمچە دوورگەی عەرەبی دەگرێتەوە.

ئەمانە هەموویان بەشێک بوون لە 'تورەیی ڕەسەن'ـی 24، مەشقێک کە تیشکی دەخستەسەر زانستی سەربازیی لۆژیستی. بەبێ هەوڵەکانی سەربازانی هێزی دابینکردن و پشتیوانی، لەم دۆخەدا واتە جوڵاندنی سەرباز و ئامێرەکان بە درێژایی 1,900 کیلۆمەتر بەسەر هەندێک لە سەختترین زەویەکانی جیهاندا، زۆربەی ئەرکە سەربازییەکان شکستیان دەهێنا.

'تورەیی ڕەسەن' نیشانیدا کە چۆن هێزێکی هەڵمەتبەری فرەنەتەوەیی ڕەوانەکراو دەتوانێت بە خێرایی بەسەر وشکانیدا بجوڵێت لە ئەگەری بڕینی ڕێڕەوە ئاوییەکان لەلایەن نەیارانەوە. ئەم "بەکارهێنانە ستراتیژییەی لۆژیستی" "کرۆکی کاری تیم" لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا، سعودیە و ئیمارات نیشان دەدات، عەمید ڕوکنی هێزی دەریایی ئەمریکا مایکل ئی. مەک ویلیامز، فەرماندەی گشتی، گروپی دووەمی لۆژیستیی دەریایی، لە کەمپی لیجۆن، کارۆلینای باکوور ڕایگەیاند.

"ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە، بەڵام دەرئەنجامی سەرکەوتووی 'تورەیی ڕەسەن' دەبێتە گەواهیدەرێک لەسەر توانای بەکۆمەڵمان بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستەکان لە هەر بوارێکدا،" عەمید ڕوکن مەک ویلیامز لە کاتێکدا کاروانەکە لە سەرەتای مانگی ئایاری 2024 ئامادەکاری دەکرد بۆ دەرچوون، ڕایگەیاند.

"ئەمە لاپەڕەیەکی مێژوویی لە هەماهەنگیی سەربازیدا تۆماردەکات، کە جەخت لەسەر پابەندبوونی هاوبەش دەکاتەوە بە ئاسایش و ئامادەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا."

عەمید ڕوکنی سعودیی عوقاب بن عەواد ئەلموتەیری، فەرماندەی 'تورەیی ڕەسەن'ـی 24 ڕایگەیاند؛ ئامانجە سەرەکییەکانی مەشقەکە بریتین لە بەهێزکردنی هەماهەنگی و هاوبەشی، ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکان و بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی مەشقکردن لەڕێگەی بەکارهێنانی بنکە سەربازییەکان و تۆڕەکانی ڕێگاوبان لە ناوخۆی سعودیە.

هێزەکانی ئەمریکا و هاوبەشەکان لە ساڵی 2008ـەوە هەشت جار 'تورەیی ڕەسەن'ـیان ئەنجامداوە، بەڵام مەشقی ساڵی 2024 زنجیرەیەک لە ڕووداوی یەکەمیی لەخۆگرت.

- یەکەم بەشداریی هاوبەش لەلایەن سعودی و ئیماراتییەکان چینێکی دیکەی لە هەماهەنگی زیادکرد، لەنێویاندا دەروازەیەکی سنووری لە نزیک ئەلبەتحا کە تێیدا سەربازانی سعودیە دەستبەرداری ئەرکی یاوەریکردنی کاروانەکان بوون بۆ هاوتا ئیماراتییەکانیان.
- سەربازانی سوپای ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی یەکەم تاقیکردنەوەی مەودا دوور، تاقیکردنەوەی سەرتاسەریی وڵات بۆ سیستەمە گوێزەرەوە تەکتیکییە سەربەخۆیە نوێیەکەی، بەشداریان لە کاروانەکەدا کرد. ئەم بارهەڵگرە

دابینکارییە بەڕێوەبراوانە بە ڕۆبۆت دەتوانن بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەبێ بوونی شۆفێرێکی مرۆڤ کاربکەن، خێرایی زیادبکەن، ئیستۆپ بگرن، ئاراستە بگۆڕن و گەڕانەوە ئەنجام بدەن. ئاوێتەکردنیان لەگەڵ هێزە زەمینییەکان پێویستبوونی سەربازان بۆ ئەنجامدانی ئەرکە مەترسیدارەکانی دووبارە دابینکردنەوە کەم دەکاتەوە.

- هەروەها جێگای ئاماژەبوو کە 'تورەیی ڕەسەن' هاوکات لەگەڵ چەندین مەشقی فرەنەتەوەیی دیکە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامدرا، وەکو 'شێری تامەزرۆ' لە ئەردەن، 'پارێزەری دڵسۆز' لە سعودیە و 'یەکیەتیی پۆڵایین' لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی.

## کاروانێکی پشتبەخۆبەستوو

ئەو بارهەڵگر و کەلوپەلانەی کە کاروانەکە پێکدەهێنن لە کۆتایی مانگی نیساندا گەیشتنە بەندەری یەنبوعی سعودیە و لە کۆگایەکی دابینکاریی بیابانەکەدا خۆیان بۆ دەرچوون ئامادەکرد، کە میکانیکەکان ئامێرەکانیان بۆ پەڕینەوەیەک بەسەر بیابانی عەرەبیدا لە پلەی گەرمیی سەروو 40 پلەی سەدی ئامادەکرد.

زۆرینەی بارەکانی کەشتییە بارهەڵگرەکە پێکهاتبوو لە 72 گوێزەرەوە، کە لاسایی ئاڵنگارییە لۆژیستییەکانی ئەرکێکی دابینکاریی شەڕی دەکردەوە. بارهەڵگرەکانی ڕاکێشان بۆ هەڵگرتنی هەر گوێزەرەوەیەک کە توانای لەدەستدابێت، یاوەری کاروانەکەیان کرد. لە ئەگەری ڕوودانی بریندارببوون و نەخۆشکەوتن، هەر بەشێکی کاروانەکە پزیشکێک و پەرستاری هەڵگرتبوو.

هەروەها ئەندازیارانی سەربازییش بەشدارییان لە 'تورەیی ڕەسەن'ـدا کرد، خزمەتگوزارییەکانیان کاتێک پێویست بوو کە کاروانەکە لە بنکەی ئاسمانیی شازادە سوڵتان لە نزیک ڕیاز بەیەکگەیشتن و نمایشێکی چاککردنەوەی فڕۆکەخانەیان بۆ هاوبەشە سعودییەکان ڕێکخست.

تانکەرە پڕە گەورەکان لە نێو کاروانەکەدا بۆ لاساییکردنەوەی پێویستیی جیهانی ڕاستەقینە بۆ پشتیوانیی ئاسمانی لەم جۆرە ئەرکە مەودا دوورانەدا سووتەمەنییان بۆ هێلیکۆپتەرەکان هەڵگرتبوو.

هەروەها بۆ یەکەمجار لە 'تورەیی ڕەسەن' ئامێری دەستیی لەکارخەری درۆن، کە بە لەناوبردنی شەپۆلی ڕادیۆیی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەلی دوژمن کاردەکات، خرایەڕوو.

"هەموو ئەو کەس و ئامێرانەی لە کاروانەکەدا هەمانە، ئەوە دەردەخەن کە توانای خۆچاککردنەوەمان هەیە لە ئەگەری ڕوودانی هەر شتێکی خراپ،" ڕائیدی هێزی دەریایی ئەمریکا برایتن وارن، یەکێک لە فەرماندەکانی کاروانەکە ڕایگەیاند.



**لیوا ئەحمەد ئەلدەبیس، فەرماندەی ناوچەی ڕۆژئاوای شانشینی سعودیە، لە مەراسیمی کردنەوەی مانۆڕەکەدا پێشوازی کرد لە عەمید ڕۆکنی سوپای ئەمریکا ڕیچارد جەی کویرکی چوارەم، بەرپرسی باڵای بەرگری و بریکاری بەرگری لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ڕیاز.**

عەریفی دەستە بنجامین ماکدۆناڵد/ هێزی پیادەی دەریایی ئەمریکا

**سەربازانی هێزە چەکدارەکانی ئیمارات سەردانی هێزی دەریایی ئەمریکا دەکەن کە خەریکی کاری لۆژیستی و دابینکارین لە میانی 'تورەیی ڕەسەن'ی 24.**

عەریف ئەلفۆنسۆ لیڤێری/هێزی دەریایی ئەمریکا



## هێزەکانی ′تورەیی ڕەسەن′ لە ئەمریکا، سعودیە و ئیماڕاتی یەکگرتووی عەرەبی شانازیی خۆیان بۆ دەستکەوتەکەیان دەربڕی: جوڵەکردنی سەرکەوتووی شەمەندەفەرێکی دابینکاری دوور مەودا بە درێژایی 1,900 کیلۆمەتر لە یەکێک لە سەختترین پانتاییە زەمینییەکانی جیهان.



کاروانی 'تورەیی ڕەسەن'ی 24 لەدوای جێهێشتنی یەنبوع، سعودیە، پێشڕەوی دەکات.
عەریف مێری کۆڵمان/هێزی دەریایی ئەمریکا



**هاوبەشە سعودی و ئەمریکییەکان لە سەرەتای 'تورەیی رەسەن'ی 24 کۆدەبنەوە.**

عەریف مێری کۆڵمان/هێزی دەریایی ئەمریکا

سەرباز و پۆلیسی سعودیە زانیاریی وردی ئاسایشییان بۆ قۆناغی یەکەمی مەشقەکە دابینکرد، دڵنیاییاندا لەوەی کە هاتوچۆی مەدەنی لە هاوبەشیی رێگاوبانەکان زنجیرەی کاروانەکە تێکنادات. هەر شەوێک لەگەڵ وەستانی کاروانەکە، هێزەکانی سعودیە چادر و خواردنیان بۆ سەربازە ماندوو و برسییەکان دابین دەکرد.

## بنیاتنانی هاوبەشی

دۆستایەتی و هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و سعودیە ئۆپەراسیۆنەکانی کاروانەکەی تێپەڕاند. لە سەرەتای 'تورەیی رەسەن'دا، موسڵمانانی هێزی دەریایی ئەمریکی شەرەفی ئەنجامدانی "عومرە"یان بۆ مەککەی پیرۆز پێبەخشرا.

کاتێک کاروانەکە چەند ڕۆژێک دواتر گەیشتە بنکەی ئاسمانی شازادە سوڵتان، سعودییەکان لە ئاڵوگۆڕێکی کولتووریدا کە نمایشکردنی هەڵۆ، خوانی خواردنە خۆشەکانی سعودیە و گەشتکردن بە سەر وشتری لەخۆگرتبوو، میوانداری سەربازانی ئەمریکایان کرد.

سەربازانی ئەمریکا ئەو چاکەیان بە میوانداریکردنی سەربازانی سعودیە لە چالاکیی مەشقەکاندا گەڕاندەوە: چاودێریکردنی قوربانیانی شەڕ، مەشقی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ و چاککردنەوەی ڕێڕەوی فڕینی فریاگوزاری.

حەفتا و پێنج ئەندامی هێزی ئاسمانیی شاهانەی سعودیە، لەنێویاندا ئاگرکوژێنەوەکانی فڕۆکەخانەکان و پزیشکانی نەشتەرگەری بەشی فڕین، بەشدارییان لە کۆبوونەوەیەکی پزیشکیدا کرد کە لەلایەن فەرماندەی فەیلەقەکانی هێزی دەریایی ئەمریکاوە سەرۆکایەتی دەکرا. وانەکان بریتی بوون لە دانانی برینپێچ بۆ چارەسەرکردنی برینەکانی سووتاوی و تەقەکردن، جڵەوکردنی خوێنبەربوونی سەنگەرەکان بە بەستەری برین و ژیاندنەوەی دڵ و سییەکان.

"ئەمە بۆ ئێمە تایبەتە،" یەکێک لە ئەفسەرانی هێزی ئاسمانیی سعودیە دوای دەرچوون لە هۆڵی راهێنان ڕایگەیاند. "ئێمە دەرفەتی ئەوەمان نیە زوو زوو ئەم کارانە لەگەڵ ئەمریکییەکاندا ئەنجام بدەین."

نمایشە کردارییەکان بە هاوڕێیەتی و پێکەنینەوە بە هاوکاری دوو وەرگێڕی زمان ئەنجامدران، سەرۆکی هێزی دەریایی ئەمریکا شارلا بەستامانتێ ڕایگەیاند.

"سەرەتا کەمێک نیگەرانبووم کە بە زمانی عەرەبیم نەدەزانی،" بەستامانتێ ڕایگەیاند. "بەڵام زۆر بە ساناتر بەڕێوەچوو وەک لەوەی چاوەڕێم دەکرد."

## بۆ ناو ئیمارات


سەرنجی 'تورەیی رەسەن' لە بەکارهێنانی تۆڕ و ژێرخانی بەرفراوانی رێگاوبان لە سەرانسەری نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەردەوامبوو کاتێک کاروانەکە نزیکەی هەفتەیەک لە دوای جێهێشتنی یەنبوع بۆ ناو ئیمارات پێشرەوی کرد.

شاری مەشقیی ئەلحەمرەی ئیمارات لە ئەبوزەبی وێستگەیەکی وەستانی سەرەکی بۆ کاروانی 'توورەیی رەسەن' دابین کرد. لە ئەلحەمرە، سەربازانی ئەمریکا و ئیمارات لە میانی راهێنانی خاڵی پڕچەککردن و پڕکردنەوەی سووتەمەنی پێشەوە (FARP)، کە یەکێکە لە چەندین دەرفەتی راهێنان لە نێوان هێزە هاوبەشەکاند، بۆسەیەکی نمایشییان بۆ سەر کاروانەکە ئەنجامدا. FARP داوا لە لە بەڕێوەبەری تێرمینالّ دەکات فەرمان بە فڕۆکەوانەکان بکەن هێلیکۆپتەرەکانیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بنیشێننەوە، کە لەوێدا لەگەڵ بەردەوامبوونی سوڕانەوەی پەروانەکان سووتەمەنییان پێدەدرێت تا بتوانن بە خێرایی بگەڕێنەوە بۆ ئەرکەکانیان.

لە پاشان، کاروانەکە بەرەو دەریا هەنگاوی نا، ئەرکەکەی لە بەندەری فوجەیرە لە کەنداوی عومان کۆتایی پێهێنا. سەربازەکان بۆ لابردنی تۆز، چەوری و پیسی بەهۆی گەشتەکەوە گوێزەرەوەکانیان شوشت، ئامێرەکانیان کۆکردەوە و هەموو شتێکیان بۆ سەر کەشتییەکانی گواستنە بارکردەوە.

هێزەکانی 'تورەیی رەسەن' لە ئەمریکا، سعودیە و ئیمارات شانازیی خۆیان بۆ دەستکەوتەکەیان دەربڕی: جوڵەکردنی سەرکەوتووی شەمەندەفەرێکی دابینکاری دوور مەودا بە درێژایی 1,900 کیلۆمەتر لە یەکێک لە سەختترین پانتاییە زەمینییەکانی جیهان.

مەشەقەکە لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا بە هەماهەنگی نێوان گواستنەوەی هێزی دەریایی ئەمریکا، دەسەڵاتدارانی بەندەرەکان لەسەر دەریای سوور و کەنداوی عومان، هێزە چەکدارەکانی شاهانەی سعودیە، هێزە چەکدارەکانی ئیمارات، هێزی دەریایی ئەمریکا، سەربازانی سوپای ئەمریکا، پۆلیس و وەزارەتە مەدەنییەکانی سعودیە و ئیمارات ئەنجامدرا. ✦


شئوه‌سازی یونیپاس

# خۆپاراستن لە کارەساتی بایۆلۆژی

## حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕێگریکردن لەو تەشەنەکردنانەی کە دەکرێت لە COVID-19 خراپتربن بەدواداچوون بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکان دەکەن

دەستەی یونیپاس

**لەکاتێکدا** کە گەلانی دۆست کاردەکەن بۆ ئەوەی کەرەستەی بەکارهێنانی دوو لایەنە نەکەوێتە دەستی کەسانی خراپەکار، گروپە تیرۆریستییەکان لە هەوڵی تەواوی خۆیاندان بۆ بەدەستهێنانی چەکی کیمیایی، بایۆلۆژی و تیشکدەر. COVID-19 زەنگی جیهانیی لەبارەی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی پەتا لێدا، جا چ لە دەرەنجامی گواستنەوەوە بێت لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ یاخود دزەکردنی ماددە مەترسیدارەکانەوە بێت لە تاقیگەیەکەوە کە دەکرێت تیرۆریستان و نەیارانی تر بۆ دروستکردنی چەکی بایۆلۆژی بیقۆزنەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاڵنگارییانە، بەرنامەی کەمکردنەوەی هەڕەشەی بایۆلۆژیی دەزگای کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، میوانداریی دیداری بەرەنگاربوونەوەی ناوچەیی چەکی کۆمەڵکوژی کرد. زیاتر لە 75 میوان، بە پلەی یەکەم پسپۆڕانی سەربازی و ئاسایش لە بوارەکانی تەندروستی و پەتازانی کە نوێنەرایەتی دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕێکخراوە تەندروستییە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، بەشدارییان لە دیدارەکەدا کرد کە لە مانگی ئایاری 2024 لە بەحرەین بەڕێوەچوو.

ئامانج لێی بریتی بوو لە کۆکردنەوەی داڕێژەرانی سیاسەت لە وەزارەتەکانی بەرگری، تەندروستی و کشتوکاڵ وە هەروەها کەرتە پەیوەندیدارەکانی تر و شارەزایانی تەکنیکی لە بوارەکانی سەلامەتیی تەندروستی، چاودێریی بایۆلۆژی و بەڕێوەبردنی مەترسی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و دەستنیشانکردنی باشترین پەیڕەوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان. دیدارەکە تیشکی خستەسەر ڕاکێشانی سەرنجی پسپۆڕانی کەرتی مەدەنی و سەربازی، ئەکادیمیا، وە نوێنەرانی بایۆتەکنەلۆژی و هەروەها پسپۆڕان لە تیمەکانی وەڵامدانەوەی ماددە کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکی، ئەتۆمی و تەقەمەنییەکان. هەروەها تیشکی خستە سەر ڕێگاکانی پاراستنی تەندروستی سەربازان و ئۆپەراسیۆنە فریاگوزارییەکان و ناوەندەکانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان.

ئامانجەکانی دیدارەکە لە زیادکردنی زانیاری بەشداربووان و توانایان بۆ پەرەپێدانی سیاسەت و ستراتیژییەکان لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەییدا، وە بە هەمان شێوە لە ڕێگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە بایۆلۆژییەکان و بەهێزکردنی ئاسایشی تەندروستیی جیهانی چڕبووەوە. هەروەها کۆربەندەکە هانی گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی مەدەنی و سەربازی، ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی بیرۆکە، دامەزراندنی هاوبەشی و دروستکردنی متمانە بۆ زیادکردنی دەرفەتەکانی هەماهەنگی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی ئاسایشی زیندەیی ناوچەیی دا. ئەمەش هەماهەنگی و بەشداریکردن لە مەشقەکانی ڕاهێنان، ئاڵوگۆڕی زانیاری و بەهێزکردنی هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی هاوبەش لە داهاتوودا لەخۆدەگرێت.



دەزگای بەرگری کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی ئەمریکا

**ئامانجەکانی دیدارەکە لە زیادکردنی زانیاریی بەشداربووان و توانایان بۆ پەرەپێدانی سیاسەت و ستراتیژییەکان لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەییدا، وە بە هەمان شێوە لە ڕێگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە بایۆلۆژییەکان و بەهێزکردنی ئاسایشی تەندروستیی جیهانی چڕبووەوە.**

کۆبوونەوەکانی دیدارەکە گفتوگۆی بەرهەمداریان لە نێوان پسپۆڕان و شاندەکانی وڵاتانی بەشداربوو دروستکرد. شاندی یەمەن باسیان لە خزمەتگوزارییە پزیشکییە سەربازییەکان و ئاسایش و وەڵامدانەوەی زنجیرەی دابینکردن کرد لە یەمەن. پسپۆڕانی سەڵتەنەتی عومان گرنگیی فرە سەرچاوەیی و پێویستی هەمەچەشنکردنی سەرچاوە نێودەوڵەتییەکانی دەرمان و پێکوتەیان بۆ زیادکردنی سوودمەندی و پاراستنی گەل لەو بەرهەمهێنەرانەی کە قەیرانەکان بۆ بەرزکردنەوەی نرخی پێکوتەکان بەکاردەهێنن، تاوتوێ کرد.

شاندی ئەردەن لەبارەی ڕۆڵی هێزە چەکدارەکانەوە دووا لە کارکردن لەگەڵ دەزگاکانی تری دەوڵەت بۆ خاوکردنەوەی بڵاوبوونەوەی پەتاکە و هەروەها ئاڵنگاریی سەختی هاوکاتی بەرەنگاربوونەوەی زانیاری نادروست. هەر لەبەر ئەمەشە دەبێت وڵاتان بۆ هۆشیارکردنەوەی دانیشتووانی خۆیان سەبارەت بە چۆنیەتی خۆپاراستن لە پەتای داهاتوو و ئامادەکردنی گەل بۆ خۆپاراستن، وە ئاگادارکردنەوەیان لە مەترسییەکانی قسە و قسەلۆکی بەدخواز و زانیاری نادروست کە ئاسایشی گشتی لاواز دەکەن هەوڵی بێوچان بدەن، ئەردەنییەکان بەم جۆرە دووان. هەروەها شاندەکە باسیان لە ئەزموونی ناوازەی ئەردەن کرد لە دامەزراندنی ناوەندی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی پەتا و نەخۆشییە گوازراوەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایانەی کە لە نێوان ڕێکخراوە ئاسایشی و تەندروستییەکانی وڵاتەکەدا لە کاتی پەتاکەدا سەریان هەڵدا.

بە دانانی بەوەدا کە دەکرێت هەندێک وڵات بۆ خۆپاراستن لە شەرمەزاریی سیاسی هەوڵبدەن خۆیان لە ئاشکراکردنی تەواوی زانیاری بەدوربگرن، پسپۆڕانی عومان تیشکیان خستە سەر گرنگیی شەفافیەت لەکاتی ڕاگەیاندنی دۆزینەوەی پەتای نەخۆشی یاخود دزەکردنی ماددە مەترسیدارەکان. ئاشکراکردنی تەواوی زانیاری باشترین ڕێگایە بۆ پاراستنی ناوچەکە و جیهان بەگشتی و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەیان. دەکرێت شکست لە ئەنجامدانی ئەمە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بۆ وڵاتانی نزیک، لێکەوتەی کارەساتبار بەدوای خۆیدا بهێنێت. شاندی عومان پێشنیاری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخی کرد بۆ ڕێگریکردن لەو گرفتانەی کە بەهۆی ئاشکرانەکردنەوە دروست دەبن.

"ئێمە پشت بەو زانیارییە فەرمییانە دەبەستین کە لە گەلانی دیکەوە وەریدەگرین، وە لەسەر ئەو بنەمایش، ڕێکاری خۆپارێزی دەگرینەبەر. ئەگەر ئەو زانیاریانە دروست یاخود ڕوون نەبن، ئەوا مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بۆ هەمووان لەئارادایە،" یەکێک لە عومانییەکان ڕایگەیاند. "هەموومان بە پەتای COVID-19 گورزێکی پڕ لە ئازارمان بەرکەوت، کە دەکرێت هۆکارەکەی پشتگوێخستن و ئاشکرانەکردنی ژمارەی حاڵەتەکان بووبێت. بۆیە پێویستە لە دەرەوەی چوارچێوەکە بیر بکەینەوە.

"لە ئێستادا هیچ ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی نییە کە ڕاپۆرتکردن بکاتە ناچاریی و هیچ سزایەکیش بۆ ڕاپۆرت نەکردن بوونی نییە. پاشان پێویستە ئێمە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی وەکو AI بۆ دۆزینەوە و ئەنجامی دروستتر بەکاربهێنین. من لەو باوەڕەدام کە زیرەکی تەندروستی دەتوانێت لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت."

هەروەها عومانییەکان جەختیان لە گرنگی بەشداریکردنی وڵاتان لە ڕێککەوتننامەی ڕێساکانی تەندروستی نێودەوڵەتی و جێبەجێکردنی بۆ ڕێگریکردن لە کارەساتەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە پەتاییەکان یاخود دزەکردنی ماددە مەترسیدارەکان کردەوە.

شاندەکە تیشکی خستە سەر گرنگی هەموارکردنەوەی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بۆ قەدەغەکردنی چەکی بایۆلۆژی و پێویستیکردن لەسەر وڵاتان بۆ جێبەجێکردنی ئەو قەدەغەکردنانە. بەبێ ناچارکردن یاخود ڕێگری نێودەوڵەتی، ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە هیچ کاریگەرییەکیان نابێت.

"عومان یەکێک بوو لە یەکەم وڵاتان کە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی

چەکی بایۆلۆژی واژۆکرد. بێگومان، زۆربەی وڵاتان ئەم ڕێککەوتنەیان واژۆ کردووە، بەڵام بەداخەوە لاوازییەک لە جێبەجێکردنیدا هەیە" نوێنەری عومان ڕایگەیاند. "مەترسییەکانی چەکی بایۆلۆژی هیچ سنوورێکیان نییە. هیچ لایەنێک لە بەرامبەر ئەم مەترسییە سەلامەت نییە".

شاندی قەتەڕ هاوڕایی خۆیان بۆ پێشنیاری عومان دەربڕی بۆ سزا نەدانی ئەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی شەفافانە و ڕاستگۆیانە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان ئاشکرا دەکەن، چونکە ئەم جۆرە لەخۆبوردەییە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە پەتاییەکان سنووردار دەکات و یارمەتی یەکخستنی پشتیوانی نێودەوڵەتی دەدات بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی و هاوکاری. ئەگەر، لەلایەکی دیکەوە، وەڵامی وڵاتانی دراوسێ و دوور نەرێنی بێت، وەکو ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان یاخود وەرنەگرتنی هاووڵاتیانی وڵاتانی زیانلێکەوتوو و پچڕاندنی پەیوەندییە بازرگانییەکان، ئەوا وڵاتان دوودڵ دەبن لە ئاشکراکردنی زانیارییە تەندروستییەکان، ئەمەش هەمووان دەخاتە بەر مەترسییەکانی تووشبوون و زیانلێکەوتنی گەورە.

"نموونەیەکی باش بریتییە لەوەی کە لە سەردەمی پەتای COVID-19ـدا ڕوویدا، کە وڵاتان بە ڕەنگی سوور، پرتەقاڵی یاخود سەوز پۆلێنکرابوون، ئەمەش مانای جۆرێک لە سزای بۆ ئەو وڵاتانە گەیاند کە ڕاستگۆیانە سەرهەڵدانی پەتاکانیان ئاشکراکرد". نوێنەری قەتەڕ ڕایگەیاند. "بەداخەوە ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەندێک وڵات خۆیان لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بەدوور بگرن. ئەگەر ئێمە خوازیاری بەدەستهێنانی زانیاری دروست بین و هانی وڵاتان بدەین بە شەفافیەتێکی تەواوەوە قسە بکەن، ئەوا نابێت ڕێوشوێن بەرامبەر ئەو وڵاتانە بگرینەبەر کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن."

شاندی بەحرەین ترسی گەلیان سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی پێکوتە و تیۆرییەکانی پیلانگێڕی و شکستهێنان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک خستە بەر خواس و جەختیان لە گرنگی هاوبەشیپێکردنی ئامارەکانی پەیوەست بە ئەنجامەکانی پێکوتە کردەوە. هەروەها هانی هەماهەنگیی نێودەوڵەتی لە نێوان حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا لە ئەگەری دزەکردنی ماددە مەترسیدارەکان، هێرشی تیرۆریستی یاخود بڵاوبوونەوەی پەتا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا.

نموونەیەکی گرنگ لەم جۆرە هەماهەنگییە بریتییە لە پەلەکردنی جیهان بۆ پشتیوانیکردنی وڵاتی سیرا لیۆن لە ماوەی بڵاوبوونەوەی تای خوێنبەربوون، کە بڵاوبوونەوەکەی سنووردار کرد؛ بەڵام بڵاوبوونەوەی خێرای COVID-19 کاتێکی وەهات بە جیهان نەبەخشی تا پەتاکە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا قەتیس بکات.

شاندی سەربازیی یەمەن خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەو پەیوەندی و کارانەی لە نێوان دامودەزگاکانی حکومەت و هێزە چەکدارەکاندا ئەنجامدرابوون، بەو پێیەی لە نێوان وەزارەتەکانی پەروەردە، تەندروستی، بەرگری و کشتوکاڵدا کار دەکرێت بۆ سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی مەلاریا. هەندێک لە پارێزگاکانی یەمەن بۆ قەتیسکردنی پەتاکە، چوونە ژوورەوەیان سنووردارکردووە.

شەڕی ناوخۆی یەمەن، کەنار دەریا درێژەکان، زەوییە شاخاوییە سەختەکان و نزیکیی ئەوتۆ لە ناوەندەکانی نەخۆشی لە ئەفریقادا، هەموویان کاریگەریی وێرانکارییان لەسەر توانای وڵاتەکە بۆ قەتیسکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان هەبووە.

"شەڕی ناوخۆی یەمەن کاریگەری زۆری لەسەر لایەنی ئابووری و ئاسایش هەبووە و بووەتە هۆی پچڕان لە دامەزراوە تەندروستییەکان، کە تێیدا بەڕێوەبەرایەتی باڵا کەتووەتە سەنعای پایتەخت، کە دوورە لە ناوچە زیانلێکەوتووەکان. بەڵام ئێمە لە دوو ساڵی ڕابردوودا تێبینی بەرەوپێشچوونمان لە گونجاویی کاتی وەڵامدانەوەی حکومەتدا کردووە.

"لە ماوەی پەتای COVID-19ـدا هەماهەنگی لە سەرانسەری هەموو ئاستەکانی دەوڵەتدا بوونی هەبوو، لە نێوان سەرۆکایەتی و پارێزگارەکان و یەکە سەربازییەکاندا. ئێمە لە هەر یەکەیەکی سەربازیدا یەکەیەکی کیمیاییمان هەیە، کە بەدواداچوون بۆ پەتا. هەڕەشە بایۆلۆژی و کیمیاییەکان دەکات. بێگومان، ڤایرۆسیش هەن کە لە ڕێگەی کۆچبەرە نایاساییەکانەوە لە کەناراوەکانی ئەفریقاوە دێن کە پێویستیان بە برگەی یاسایی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ئاوییەکان، چاودێریکردنی تیمەکانی کەشتیەکان و پشکنینی هەموو ئەو کەرەستانەی کە لە ڕێگەی بەندەرەکانەوە دێن".

> ئاشکراکردنی تەواوی زانیاری باشترین ڕێگایە بۆ پاراستنی ناوچەکە و جیهان بەگشتی و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەیان. دەکرێت ئەنجامەندانی ئەم کارە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بۆ وڵاتانی نزیک، لێکەوتەی کارەساتبار بەدوای خۆیدا بهێنێت.
>
> – نوێنەری عومان

شاندی ئەردەن ئەو وانانەیان باسکرد کە لە پەتای COVID-19 وە فێربوون: دامەزراندنی ناوەندی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی پەتا و نەخۆشییە گوازراوەکان، کە بە ناوەندی ئەردەن بۆ بەڕێوەبردنی پەتا ناسراوە.

"ئەو بۆشاییەی لە هەموو ڕووداوێکدا دەرکەوت، بریتیی بوو لە لاوازی لە هەماهەنگی و هاوکاری نێوان کەرت و دامەزراوە جیاوازەکان. ڕۆڵی نێوان دامەزراوەکان بە ڕادەی پێویست ڕوون نەبوون، ئەمەش بووە هۆی کەڵەکەبوون، دووبارەبوونەوە و زیادەڕۆیی. ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر خێرایی وەڵامدانەوەی کاریگەر هەبوو بۆ دۆخە مەترسیدارەکان و دەرئەنجامی نەرێنی هەبوو لەسەر لەدەستدانی ژیان و بەفیڕۆدان"، بەشداربوویەکی ئەردەنی ڕایگەیاند.

ڕێنمایی شاهانە بۆ دامەزراندنی ناوەندی نیشتمانی وەکو یەکەم دەزگای فەرمی حکومەت دەرکرا کە گرنگی بدات بە تەندروستیی گشتی و بەهێزکردنی توانا نیشتمانییەکان بۆ دەستنیشانکردنی مەترسیە تەندروستییەکان لەکاتێکدا کە ئامادەکاری بۆ بەرەنگاربوونەوە و لەناوبردنیان دەکات.

بە درێژایی سێ ڕۆژ لە دیداری بەرەنگاربوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، بەشداربووان ئەزموونی مەیدانی و چیرۆکی سەرکەوتنی COVID ـیان لەگەڵ هاوتاکانیان ئاڵوگۆڕ کرد، لەوانە هەنگاوە پەیڕەوکراوەکان لە خۆپاراستن، دەستنیشانکردن، ڕاپۆرتکردن و وەڵامدانەوەی مەترسیە بایۆلۆژییەکان و پەتاییەکان. ئاسایشی زیندەیی، سەلامەتیی زیندەیی و چاودێریکردنی بایۆلۆژی و وە هەروەها دەستنیشانکردنی پەتا، شیکاریی و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا سەرهەڵداوەکان و هەماهەنگی نێودەوڵەتی بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەکان گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. هیچ وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێت بەرەنگاری ئەم جۆرە لە هەڕەشە ببێتەوە؛ ئەمە پێویستی بە هاوبەشیی نێودەوڵەتی هەیە. ✦



# هێزە فرەنەتەوەییەکان هاوبەشیی سەربازی بنیات دەنێن

**شێری تامەزرۆی 24 لە 33 وڵاتەوە سەرباز بۆ یەکێک لە مەشقە هەرە گرنگەکانی ناوچەکە بانگهێشتی ئەردەن دەکات**

دەستەی یونیپاس

سیستەمی تۆپهاوێژی مووشەکیی جووڵە بەرزی ئەردەن و ئەمریکا لە چالاکییەکی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ کۆتایی بە 'شێری تامەزرۆ'ی 24 دەهێنێت.
کاپتن ماسیۆ شیڵدز/سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



له گۆرەپانێکی دووری ڕاهێنان لە ناوەڕاستی ئەردەن، هێزە فرەنەتەوەییەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە فڕۆکەیەکەوە کە لەسەر هێڵی ئاسمانی بیابان نیشتبووەوە، دەستیان بە جوڵەکرد. بەگشتی چەکی سوک هەڵدەگرن، بەڵام ئەمجارەیان ئەم سەربازە زۆر کارامە و جوڵەکەرانە بە چەکی قورسترەوە گەیشتن.

بە دەرچوون لە جەستەی فڕۆکەی C-130، سیستەمی تۆپهاوێژی موشەکیی جووڵە بەرز (HIMARS)ـی دروستکراوی ئەمریکا مشتەکۆڵەیەکی بەهێزی بۆ ئەم هێزانەی کاردانەوەی خێرا زیاد کرد. هەڵگرەکانی HIMARS بە شێوەیەکی ئاسایی لەڕێگەی ویلەکانەوە بەسەر سەرجەم زەویەکاندا دەجوڵێن بۆ گەیشتن بە شوێنی بەگەڕخستنیان. بەڵام لە 'شێری تامەزرۆ'ـی 24، ئەو مانۆڕە سەربازییەی کە لە مانگی ئایاری 2024ـدا هێزەکانی 33 وڵات تێیدا بەشداربوون، مووشەک هاوێژەکان لە ڕێگەی ئاسمانییەوە سوودیان لە جێگیرکردنی خێرا لە بەرەکانی شەڕ وەرگرت.

ئەمە یازدەهەمین جار بوو کە ئەردەن میوانداری 'شێری تامەزرۆ'ـی کرد، کە سەرنجی 3,800 سەربازی یەکگرتوو بە ئامانجی هاوبەش ڕاکێشا. پێویستە سەربازەکان چالاکیتر بن. یەکگرتووتر بن. داهێنەرتر و لەڕووی تەکنەلۆژییەوە کارامەتر بن. زیاتر ئاگاداری هەڕەشە هاوچەرخەکان بن بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایش.

جگە لە هێزەکانی ئەردەن و ئەمریکا، سەربازان لە سەرتاسەری وڵاتانی ناوچەکەوە بۆ ئەو مەشقە دوو هەفتەییە هاتبوون: بەحرەین، میسر، عێراق، کازاخستان، کوەیت، لوبنان، عومان، پاکستان، سعودیە، ئیماڕات و یەمەن.

''شێری تامەزرۆ' یەکێک بووە لە مەشقە سەربازییە هاوبەشە سەرەکییەکانی ناوچەکە بۆ ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب و هێزە هاوپەیمانە بەشداربووەکان بۆ پێشخستنی ئاڵوگۆڕی شارەزایی سەربازی، بەدەستهێنانی گونجاندنی پێکەوەیی لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و جێبەجێکردنی پێداویستییە ئۆپەراسیۆنییەکان." عەمید ڕوکن حەسەن ئەلخالیدی، بەڕێوەبەری ڕاهێنانی ئەوکاتی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب.

"خێراکردنی گۆڕانکارییەکان لە ژینگە نێودەوڵەتی، ناوچەیی و ناوخۆییەکاندا پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵی سەرکردەکان لە شانۆی ئۆپەراسیۆنەکان، ئامادەبوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە ئەگەرییەکان، تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی جەنگی هاوچەرخ و گەیشتن بە نوێترین پێشهاتەکانی هونەری پلاندانان، ڕاهێنان و شەڕکردن هەیە".

چالاکییەکانی 'شێری بە تامەزرۆ'ـی 24 ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی سەنگەری هاوچەرخ بوو کە تێیدا پێویستە سەربازەکان ڕووبەڕووی ئەو تەکنەلۆژیا تێکدەرانە ببنەوە کە هەرزانن، بەکارهێنانیان ئاسانن، بە شێوەیەکی بەرفراوان بەردەستن و هەندێکجاریش پێشبینی نەکراون. سیناریۆکان بواری ئاسمانی، وشکانی، دەریایی و ئەلیکترۆنییان لەخۆگرتبوو.

بەرپەرچدانەوەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەل سەرنجی سەرەکیی مانۆڕەکان بوو لە ناوچەی ڕاهێنانی 5، لە ناوەڕاستی ئەردەن. سەربازانی ئەردەن و ئەمریکا

"هەمیشە دڵخۆشم بە چاودێریکردنی ئاستی پیشەیی و لێهاتوویی کە لەلایەن بەشداربووانەوە نیشاندەدرێت. هەموو ئامادەبووان تامەزرۆن بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان، ئاڵوگۆڕی لێهاتوویی و زانیاری."

~ فەریق موراد ئەڵتەروانی ئەردەنی



سەربازانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە ئیماڕات و ئەردەن لە مانۆڕێکی ڕزگارکردنی بارمتەدا هێرش دەکەنە سەر فڕۆکەیەکی نەفەر هەڵگر.
عەریفی دەستە براندۆن وایت/ سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

"شێری تامەزرۆ" یەکێک بووە لە سەرەکیترین مەشقە سەربازییە هاوبەشەکانی ناوچەکە بۆ ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب، و هێزە هاوپەیمانە بەشداربووەکان لە پێشخستنی ئاڵوگۆڕی شارەزایی سەربازی، بەدەستهێنانی گونجاندنی پێکەوەیی لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و جێبەجێکردنی پێداویستیی ئۆپەراسیۆنەکان."

~ عەمید ڕوکن حەسەن ئەلخالیدی، بەڕێوەبەری ئەوکاتی ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب



ئەندامانی لیوای دەستێوەردانی خێرای شێخ محەمەد بن زاید ئەلنەهیان لە ئەردەن لە میانی ئۆپەراسیۆنی گواستنەوەی فڕۆکەوانیدا دەورییەکی بەرگری دادەمەزرێنن. هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

لەسەر ئامێری دەستیی وەستێنەری شەپۆلە ڕادیۆییەکان ڕاهێنانیان دەکرد کە بۆ ئەوە دروستکرابوون جوڵەی دڕۆنەکان بخەنە ژێر کاریگەرییەوە بەرلەوەی بتوانن بارە کوشندەکانیان بخەنە خوارەوە.

مەشقی دەریایی لە بەندەری عەقەبە گوێزەرەوەی بێ کارمەندی سەرزەوی و ژێر ئاوی خستەڕوو کە گۆڕانکاری بەسەر چۆنیەتی پاراستنی کەشتییە جەنگی و دامەزراوە کەنارییەکاندا هێنا لەلایەن هێزی دەریایی و پاسەوانی کەناراوەکانەوە. کەشتییە بێ کارمەندەکان مەودای هەستەوەرەکان و وێنەی هێزە دەرییاییەکان درێژ دەکەنەوە و ڕۆژانە ملیۆنان بایت لە زانیاری دەگوازنەوە کە سیستەمی ژیریی دەستکرد بۆ پەیوەندیدارێتیان ڕیزیان دەکات.

تەکنەلۆژیای تێکدەر لەنێو ئەو بابەتانەدا بوو کە لە سیمیناری سەرکردەی باڵای 'شێری تامەزرۆ'ـدا باسکرا. پێشکەشکارانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن زانیاریان بە هاوکارە فرەنەتەوەییەکانیان گەیاند کە چۆن نەیاران نەک تەنها بۆ هێرشی تیرۆریستی بەڵکو بۆ قاچاخچییەتی ماددە هۆشبەرەکان لە سنوورەکانی ئەردەن و سوریا دڕۆن بەکاردەهێنن.

لە بەرامبەردا، ئەردەن بۆ چاودێریکردنی فڕۆکەوانی و هێرشکردنە سەر دڕۆنەکان، ڕاهێنانی بە سەدان سەربازی هێزە چەکدارەکانی کردووە. دوای ئاوێتەکردنیان بە یەکەکانی هێڵی پێشەوە و ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان، ئەم فڕۆکەوانانە ئەرکی سەرکەوتوویان بۆ چارەسەرکردنی هەڕەشەکانی جیهانی ڕاستەقینە تەواو کرد.

ئەفسەرە باڵاکانی هەرێمەکە داخوازی باشترکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنییان کرد بۆ پاراستنی سیستەمی چەک کە پشت بە ڕێنمایی کۆمپیوتەر دەبەستێت. تەنانەت لە کاتێکدا کە گەلان سیستەمی چەکی بێ کارمەند و ئۆتۆماتیکی دەخەنە ڕوو، پێویستە مرۆڤ بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە بەگوێرەی مەبەست کاردەکەن، لە سورەکەدا بمێنێتەوە.

سەرۆکی شاندی عێراقی، لیوا یاسر عەزیز، ستایشی گرنگیدانی 'شێری تامەزرۆ'ـی کرد لە دروستکردنی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانیی یەکگرتوو بۆ پووچەڵکردنەوەی مووشەک و دڕۆنەکان. پێنج ئەفسەری باڵای وەزارەتی بەرگریی عێراق بەشدارییان لە مەشقەکەدا کرد، وە هاوکاربوون لە پڕکردنەوەی پلەکانی دستەی بارەگا فرەنەتەوەییەکان. دەزگای دژەتیرۆری عێراق پەلێکی (فەوج) تەواوی بۆ مەشقەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دابینکرد.

"هەمووومان بە شانازییەوە ڕۆڵی شەرەفمەندانەی هێزەکانی عێراق لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی عێراق لە ناحەزانی تیرۆریزم یاد دەکەینەوە." لیوا عەزیز ڕایگەیاند. "بەشداریکردنەکە بۆ هەموو هێزە دۆست و هاوپەیمانە بەشداربووەکان سوودبەخش بوو".

'شێری تامەزرۆ'ـی 24 سیناریۆی نەریتی و نانەریتی دروست کرد کە دەبوو هێزێکی ئەرکیی هاوبەشی فرەنەتەوەیی وەڵامیان بداتەوە. جگە لە بەرپەرچدانەوەی تەکنەلۆژیا نوێیەکان کە لەلایەن نەیارانەوە بەکاردەهێنران، مەشقەکە تەقەکردنی ڕاستەوخۆی سەنگەرەکانی ئەنجامدا کە تانک، هێلیکۆپتەری هێرشبەر، تۆپهاوێژی لەخۆگرتبوو، هەروەها هێزی دەریایی و دەریاوانەکانی بۆ ڕاهێنانی هێرشکردنە سەر بەندەرەکان و دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکانی دوژمن لە عەقەبە کۆکردنەوە.

هەروەها 'شێری تامەزرۆ' میوانداری دوو چالاکیی بەرەنگاربوونەوەی چەکی

”'شێری تامەزرۆ' بەهای کارکردنی پێکەوەیی بۆ پاراستنی هێزێکی ئامادە و وەڵامدەرەوە نیشان دەدات کە بەڕاستی ئەوە نیشان دەدات کە ئێمە لە کاتی قەیرانەکاندا ئامادەین پێکەوە وەڵام بدەینەوە.“

~ عەمید ڕوکن جەیسۆن بێنسۆن، بەڕێوەبەری فەرماندەیی ناوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ 'شێری تامەزرۆ'ـی 2024



**بەشداربووانی 'شێری تامەزرۆ' مەشق لەسەر هاوەن دەکەن.**
پسپۆڕ تایڵەر بێکەر/سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا




سەربازان لەگەڵ دەزگای دژەتیرۆری عێراق لە ناوەندی ڕاهێنانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەم مەشقی ئامانج ئەنجام دەدەن.
عەریفی گشتی جێرێد جێهمان/ سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

کۆمەڵکوژی کرد، یەکێکیان لە ناوەندی ڕاهێنانی هاوبەش لە زەرقا و ئەوەی تریان لە عەقەبە. ئەوان سەرنجیان خستە سەر پیسبوونی ئەگەری بە مادده کیمیایی و بایۆلۆژییەکان، وە مەشقەکان وەڵامێکی ڕێخکراویان لەلایەن دەزگا سەربازی و مەدەنییەکانەوە نیشاندا.

تیمە نۆبوەییەکانی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە سەرانسەری ناوچەکە لە ناوەندی ڕاهێنانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەم (KASOTC) مەشقی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریان ئەنجامدا. وەکو بارەگای هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت کە بەشداریان لە 'شێری تامەزرۆ'ـدا کرد، بەکارهێنرا. سەربازانی ئەردەن، سعودیە، ئیماڕات، لوبنان، عێراق و ئەمریکا مەشقی بەئامانگرتنیان ئەنجامدا، هەڵیانکوتایە سەر گوندە ساختەکان و بەرەنگاری چالاکی قاچاخچێتییان دایەوە و بارمتەکانیان ڕزگار کرد.

"گرنگیدانی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نووسینی سیناریۆکان و زنجیرەیی ڕووداوەکان بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە هەموو بەشداربوویەک سوودمەند دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی



**فەرماندە فرەنەتەوەییەکان چاودێری چالاکیی کۆتایی 'شێری تامەزرۆ' دەکەن، کە لەگەڵ مانۆڕی سەنگەرەکانی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ یەکخراوە.** هێزە چەکدارەکانی ئەردەن



**ئەندامێکی دەزگای دژەتیرۆری عێراق مەشقی تەقەکردن تەواو دەکات.**
عەریفی گشتی جێرێد جێهمان/ سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

پێداویستییە تایبەتەکانیان و سنووردارکردنەکانیان لەکاتێکدا هەوڵی دڵنیابوونەوە دەدەن لەوەی لە گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکانیان ئەزموونەکانیان یاخود دەستەی ئامرازەکانیان گەشەپێدابێت." فەریق موراد ئەلتەروانا، کە لە KASOTC چاودێری مەشقی مەیدانی هێزە فرەنەتەوەییەکانی کرد لە 'شێری تامەزرۆ' ڕایگەیاند.

"هەمیشە دڵخۆشم بە چاودێریکردنی ئاستی پیشەیی و لێهاتوویی کە لەلایەن بەشداربووانەوە نیشاندەدرێت. هەموو ئامادەبووان تامەزرۆن بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان، ئاڵوگۆڕی لێهاتوویی و زانیاری."

عەمید ڕوکن جەیسۆن بێنسۆن، بەڕێوەبەری فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا بۆ 'شێری تامەزرۆ'ی 2024، لە میانی وتارێکی ڕۆژی کردنەوەیدا لە KASOTC سوودەکانی 'شێری تامەزرۆ'ی خستەڕوو.

"'شێری تامەزرۆ' بەهای کارکردنی پێکەوەیی بۆ پاراستنی هێزێکی ئامادە و وەڵامدەرەوە نیشان دەدات کە بەڕاستی ئەوە نیشان دەدات کە ئێمە لە کاتی قەیرانەکاندا ئامادەین پێکەوە وەڵام بدەینەوە،" عەمید ڕوکن بێنسۆن ڕایگەیاند.

"بەشداریکردن لە 'شێری تامەزرۆ' پابەندبوونی هاوبەشمان بۆ بەرەوپێشبردنی کارکردنی پێکەوەییمان لەگەڵ هاوبەشەکانمان نیشان دەدات. هەروەها ئەوە نیشان دەدات کە هێزی هاوپەیمانییەتییەکەمان دەتوانێت ئامادەیییەکی تەواو و بەردەوامی هەبێت لە ناوچەکەدا. ئەمە پەیامێکی ڕوون نیشان دەدات لەوەی کە پەیوەندییەکان گرنگن." ✦



**هێزە وشکانییەکانی شاهانەی سعودیە لە مەشقێکی تەقەکردنی ڕاستەوخۆدا لە میانی 'شێری تامەزرۆ' تانک بەکاردەهێنن.** هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

# جەنگ دژ بە ماددە هۆشبەرەکان لەسەر سنووری ئەردەن و سوریا

مستەفا عەبدول حەلیم ئەلحەیاری، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی سەربازی، هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب

**سنووری** باکووری ئەردەن، کە لە سەرەتای شەڕی ناوخۆی سورياوە بەهۆی زیادبوونی قاچاخچێتی و کۆچی نایاسایی لاوازبووە، ڕووبەڕووی قەیرانێکی توندتر بووەتەوە کە پێویستی بە سەرنجی نێودەوڵەتی هەیە.

ئەو قەیرانە بەهۆی دروستکردنی حەبی کاپتاگۆنی هۆشبەری نایاسایی لەگەڵ تێوەگلانی ڕژێمی ئێران و سوریا لە ناوچەی نزیک بە سنووری ئەردەن سەرهەڵدەدات. پاشان ملیۆنان لەو حەبانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە قاچاخ هەناردە دەکرێن.

سنووری مەودا درێژی ئەردەن لەگەڵ سوریا تاکە ناوچە نییە کە بەدەست ئەم بازرگانییە نایاساییەوە دەناڵێنێت. هەرێمەکە بەشێوەیەکی گشتی هەست بە دەرەنجامی نەخوازراوی ئەم مەترسیە ئاسایشییە پەرەسەندووە دەکات:

1. حەبی کاپتاگۆنی دروستکراو لەلایەن سوریاوە، دەبێتە هۆی ئالوودەبوون و کێشەی تەندروستیی تر بۆ هەزاران کەس لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، وە ئەمەش خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لە وڵاتانی جیاوازدا دەخاتە ژێر پەستانەوە.
2. فرۆشتنی حەبی کاپتاگۆن یارمەتی دارایی چالاکییە خراپەکان دەدات، لەوانەش تووندڕەویی توندوتیژ، لەلایەن ڕژێمەکان و میلیشیاکانی ناوچەکەوە.
3. قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان پێکهاتەکانی حکومەت و کۆمەڵگا گەندەڵ دەکات، لەنێویاندا ئەندامانی دەزگاکانی ئاسایش، کە بۆ قازانجی دارایی لە بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان دەبنە هاوبەش.
4. ئۆپەراسیۆنەکانی قاچاخچێتی هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی، چونکە تاوانباران لە سنوورە نێودەوڵەتییەکاندا بەدوای دەرچەی لاوازدا دەگەڕێن. ئەمە ئەو ماددە هۆشبەرانەش دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی بەندەرە دەریاییەکانەوە لە ناوچەکانی وەک کەنداوی عەرەبی بە قاچاخ دەبرێن.

لەو شوێنانەی کە خاڵە پشکنینە سنوورییە مرۆییەکان زیاترن، بەگشتی لە گۆشەی باکووری ڕۆژئاوای ئەردەن، قاچاخچییەکان ئامادەنین خۆیان بخەنە بەر مەترسیی دەستگیرکردن. بەشێوەیەکی زیاتر، قاچاخچییەکان بەدرێژایی سنووری بیابانی هەرە دوور کە بەرەو ڕۆژهەڵات درێژدەبێتەوە هەتا دەگاتە عێراق بەدوای دەرفەتدا دەگەڕێن.

بە سوود وەرگرتن لە سنوورەکان، نزیکەی نیوەی کارگەکانی حەبی کاپتاگۆنی سوریا دەکەونە مەودای 30 کیلۆمەتر دوور لە ئەردەن، ئەمەش تێچووی گواستنەوە بۆ تاوانباران کەم دەکاتەوە. تۆڕەکانی قاچاخچێتی بە درێژایی هەمان ئەو بەشەی سنوورەکان بە شێوەیەکی چڕتر کاردەکەن، لە ئۆپەراسیۆنەکانیاندا درۆن بەکاردەهێنن و ناوبەناو شەڕی تەقەکردن لەگەڵ سەربازانی ئەردەن ئەنجام دەدەن.

بۆ بەرگریکردن لە سنوور، ئەردەن تەکنەلۆژیای هاوچەرخی بەکارهێناوە، ئەمەش زۆرجار بە هاوکاری هاوبەشە ئاسایشییەکە بیانییەکان. سیستەمێکی



**هێزەکانی سنووری ئەردەن درۆنێکی چوار پەروانەییان خستەخوارەوە کە هەوڵی بەقاچاخبردنی ماددەی هۆشبەری دەدا لە سوریاوە.** هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

چاودێری سنوور کە بۆ دەستنیشانکردن، ناسینەوە و بەدواداچوون و ڕێگریکردن لە قاچاخچییەکان و تاوانبارانی تر بنیاتنراوە، لەسەر زۆربەی سنوورە 440 کیلۆمەترییە وڵاتەکە لەگەڵ عێراق و سوریا بەگەڕخراوە.

بەکارهێنانی درۆنی چاودێریکردن و ئامێری بینینی شەوانە لەنێو هێزەکانی پاسەوانی سنووری ئەردەندا کارێکی ڕۆتینییە. وە پەرەپێدانی هێزەکانی کاردانەوەی خێرا لە سوپای ئەردەن دڵنیای دەدات لەوەی کە سەربازە گەڕۆک و تەواو ڕاهێنراوەکان دەتوانن بەپێی پێویست بەشە لاوازەکانی سنوورەکە بەهێز بکەن.

ئەردەن بە تەنها پشت بە هەوڵە سەربازی و ئاسایشییەکان نابەستێت. هەڵمەتەکانی دەزگا گشتیەکان گەل لە مەترسییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ئاگادار دەکەنەوە. هەوڵی دیپلۆماسی لەگەڵ ڕژێمی سوریا بەردەوامی دەبێت تەنانەت ئەگەر هاتنی ماددە هۆشبەرەکان لەو کارگانەی کە بنکەکانیان لە سوریادان بەردەوامبێت، کە خەملێنراوە ڕێژەی 80%ـی حەبی کاپتاگۆنی جیهان بەرهەمدەهێنن.

وەک چۆن لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، وەستاندنی بازرگانی نایاسایی، ئاڵنگارییەکە توانای هەوڵەکانی یەک نەتەوە تێدەپەڕێنێت. زیادبوونی قەبارەی ئۆپەراسیۆنەکانی بازرگانیکردنی نایاسایی بەدرێژایی سنووری ئەردەن پێویستی بە هەماهەنگیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەردەوام هەیە بۆ ڕێگریکردن لێی.

# پابەندبوونی قەتەڕ بۆ هێزە تایبەتەکان

فەریقێکی یەکەمی قەتەڕ لەخۆگرتنی ڕاهێنانی تایبەتمەند لەلایەن وڵاتەکەیەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەرکە ئاڵنگارەکاندا ڕووندەکاتەوە

دەستەی یونیپاس



**هەفتەی** هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت (SOF) بۆنەیەکی ساڵانەیە کە لە شاری تامپا، ویلایەتی فلۆریدا، شوێنی بارەگای فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا بەڕێوەدەچێت.

هەفتەی SOF لە مانگی ئایاری 2024، لە دەیان وڵاتەوە بۆ هاوبەشپێکردنی زانیاری، سەرنجدانی نوێترین تەکتیک و ئامێرەکان و بنیاتنانی پەیوەندی کەسی و پیشەیی لەگەڵ هاوکارە جیهانییەکان سەرنجی سەربازانی تەواو ڕاهێنراوی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

یەکە بەهێزەکەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی قەتەڕ لە هەفتەی SOFـی ساڵی 2024 ئەو سەربازانەی لەخۆگرتبوو کە بە هاوبەشی لەگەڵ هاوتاکانیان لە سەرانسەری جیهان نمایشێکی تواناکانی شەڕی دوور مەودایان ئەنجامدابوو.

یونیپاس لەگەڵ عەمید ڕوکنی قەتەڕی سالم شەریدە، نوێنەری باڵای نیشتمانیی وڵاتەکەی لە فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا، بۆ تاوتوێکردنی گرنگیی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بۆ قەتەڕ کۆبووەوە.

**یونیپاس:** چۆن سەربازانی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتیقەتەڕ هەڵبژێردراون؟

**عەمید ڕوکن سالم:** ئەوان تاقیکردنەوەی زۆر تایبەتمەند و سەخت ئەنجام دەدەن. ئەوان بە شایستەبوونێکی چڕ لە ڕووی چۆنیەتی بنیاتی جەستەیی، زانیاریی، تەندروستی و ئامادەییان بۆ وەرگرتنی ئەم ئەرکانە لە ڕووی دەروونی، هەست و جەستەییەوە هەڵبژێردراون. ئەوان بە ڕێکارییەکی زۆر وردی پێگەیشتندا تێدەپەڕن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە باشترینی باشترینەکان دەگەن بە ئاستی ئامادەیی ئەرک.

**یونیپاس:** ئایا خوێندنگە ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی قەتەڕ بۆ ئامادەکردنی ئەم سەربازانە تا چەند گرنگە؟

**عەمید ڕوکن سالم:** هێزە تایبەتەکانی قەتەڕ بەشداربوون لە پرۆسەی هاوچەرخکردن کە ساڵانێکی زۆری خایاند. یەکێک لە گرنگترین شتەکان بریتییە لە ڕاهێنان و ئامادەکاری بۆ جەنگ. بۆیە هێزە چەکدارەکانی قەتەڕ سەرنجیان خستە سەر خوێندنگە سەربازییەکانیان تا باشترین خولی ڕاهێنان بۆ سەربازەکانمان مسۆگەر بکەن. وەک بەشێک لەم خوێندنگانە، ئێمە لە هەموو لایەکەوە شارەزاییمان کۆکردووەتەوە.

**یونیپاس:** سەنگی بەشداریکردنی قەتەڕ لە مەشقەکانی ڕاهێنانکردنی وەکو 'شێری تامەزرۆ' لە ئەردەن و 'ئەستێرەی گەش' لە میسر چییە؟

عەمید ڕوکن سالم: ئێمە لەم جیهانەدا تەنیا نین و هەموو وڵاتێک پەرە بە بنیاتنانی هێزێکی ئۆپەراسیۆنی تایبەت دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی کە لە جیهاندا دەگوزەرێن، وەکو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، قاچاخچێتی و ماددە هۆشبەرەکان. پێویستە ئێمە بەشداری لە ڕاهێنانەکاندا بکەین تا لە یەکتر فێربین و باشترینەکان بهێنینە پێشەوە. پێویستە ئێمە بۆ دامەزراندنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی خۆمان ڕاهێنان، ئامێر و پرۆسە هاوچەرخەکان ببینین. هەروەها مەشقە سەربازییەکان پەیوەندی، دۆستایەتی و پەیوەستییەکان لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە و جیهان بنیات دەنێن. ئەگەر ئەم ڕاهێنانانە بوونیان نەبێت، ئەوا هەرگیز ئاگاداری ئەوە نابیت کە چی شتێکی نوێ لە بازاڕدا بوونی هەیە و فێری ئامێر و ڕێکارییە نوێیەکان نابیت.

**یونیپاس:** پێشکەوتنەکان لەسەر پرۆژەی 401، بەرنامەی دروستکردنی خوێندنگەی ڕاهێنانی هێزە تایبەتە نێودەوڵەتییەکان لە قەتەڕ چییە؟

**عەمید ڕوکن سالم:** دروستکردنی بینای خوێندنگەکە لە ساڵی 2024 تەواو دەبێت. ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕمان هەیە کە خەڵکی شوێنەکانی وەکو ئەمریکا و ئەردەنن. ئەنجامدانی ڕاهێنان لە خوێندنگەکەدا سەدان سیناریۆی بۆ ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی وشکانی، ئاسمانی و دەریایی لەخۆدەگرێت.

**یونیپاس:** ئامانجی ئامادەبوونی قەتەڕ لە هەفتەی سۆف SOF چییە؟

**عەمید ڕوکن سالم:** بە بوون لەنێوان ئەم کەسایەتییە گرنگانە، تەنها بە سەیرکردن، گوێگرتن و سوودوەرگرتن لە بیرۆکەکانیان فێردەبیت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە کەسانی ناو کایەکە دەناسین کە بە ئامێرە سەرەکییەکانیانەوە لەم پێشانگایە بەشداری دەکەن. ئێمە دەبینین کە جیهان بە جەختکردنەوەیەکی زیاتری لەسەر پاڵپشتی تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ SOF بەرەو کوێ هەنگاودەنێت. جیهان لەبری بە تەنها پشت بەستن بە لایەنی مرۆیی، تەکنەلۆژیای زیاتر بەکاردەهێنێت. من هانی هەموو وڵاتێک دەدەم بۆ بەشداریکردن لە هەفتەی SOFـی ساڵی داهاتوو.

**یونیپاس:** چەند زوو زوو هێزە تایبەتەکانی قەتەڕ ئۆپەراسیۆن لەگەڵ هاوتاکانی وڵاتانی دیکە ئەنجام دەدەن؟

**عەمید ڕوکن سالم:** مەشقی زۆرمان هەیە کە لەگەڵ ئەمریکا، فەرەنسا و دراوسێکانمان ئەنجامی دەدەین. هەمیشە ئاڵوگۆڕکردن ڕوودەدات. لە هەفتەی SOF، قەتەڕ بۆ یەکەمجار بەشداری لە نمایشێکی تواناکان دەکات. تۆ ئەوە تێبینی دەکەیت کە ڕاهێنانەکانمان چەندێک باشە و سەربازەکانمان چەندێک شایستەن. ئەمانە لە باشترین هێزە تایبەتەکانی جیهانن، جیاوازیش لە نێوان کوڕانی بەشداربوودا بەدی ناکەیت. ئەوان وەک یەک پێکهاتە کار دەکەن، وەک ئەوەی خەڵکی هەمان وڵات بن. ✦

# چنگەکان

# دەگوشن




فڕۆکەی C-130ی هێزی
ئاسمانیی پاکستان لە
ئەرکێکدا لە 'چنگی هەڵۆ'
دەفڕێت.



فرۆکەوانانی باڵی خزمەتگوزارییە تایبەتەکانی هێزی ئاسمانیی پاکستان بەر لە مەشقێکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەگەڵ هاوکارانی هێزی ئاسمانی ئەمریکا دەوەستن.

## هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و پاکستان بۆ تێکشکاندنی تیرۆریزم لە مەشقی

# چنگی هەڵۆی 24 هەماهەنگی دەکەن

وتار و وێنەکان لەلایەن ناوەندی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا

**فڕۆکە** جەنگییە فالکۆنەکانی F-16ـی هێزە ئاسمانییەکانی پاکستان و ئەمریکا بە هێرشێکی مووشەکی زەوییان داتەپان لە کاتێکدا کە کۆپتەرە هێرشبەرەکان کە سەربازانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی پاکستان و ئەمریکایان هەڵگرتبوو دزەیان کردە ناو بنکەیەکی تیرۆریستییەوە. سەکۆکانی خولانەوە لە سەرەوە، هەواڵگری، چاودێری و سیخوڕی ڕێکخەری ژمارەیی ئامانجکردنیان بۆ تەواوکردنی سەرکەوتووانەی ئەرکەکە گەیاندە هێزە هێرشبەرەکان.

'چنگی هەڵۆ'، مەشقێکی ڕاهێنانی مەیدانیی پاکستان و ئەمریکایە کە بۆ پێنجەمین جار لە مانگی حوزەیرانی 2024 لە بنکەی ئاسمانی موشەف لە پاکستان بەڕێوەچوو، کە بواری بە یەکخستنی هێزەکان بەخشی لەو ئۆپەراسیۆنانەی کە بۆ هەردوو وڵات بە گرنگ دادەنرێت.

جگە لە هێرشەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، سەربازەکان لەسەر ئاگرکوژاندنەوە، لە ناوبردنی کەرەستەی تەقەمەنی، ئاسایشی بنکە ئاسمانییەکان، چاودێری پزیشکی و شێوازێکی بانگەوازکردن بۆ هێرشە ئاسمانییەکان کە بە بەڕێوەبردنی هێرشی تێرمیناڵی هاوبەش ناسراوە، مەشقیان ئەنجامدا. ئەوەی وەک فێرکاری پۆل دەستی پێکرد گوازرایەوە بۆ گۆڕەپانی دەرەوە بۆ ئەو سیناریۆ تەکتیکییانەی کە ڕووداوەکانی جیهانی ڕاستەقینە نمایش دەکەن.

فڕۆکەوانەکان لە سەرانسەری ناوچەی بەرپرسیارێتی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا بۆ پشتیوانیکردن لە 'چنگی هەڵۆ' ڕەوانەی پاکستان کران. لە دوای گەیشتنی فڕۆکە جەنگییە فالۆنە F-16ـەکانی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا لە تیپی جەنگیی 510ـی هەڵمەتبەر کە لە دۆخی ئاساییدا لە ئیتالیا جێگیرن، فڕۆکەی C-17 Globemaster III ـی سەر بە فەرماندەیی جووڵەی ئاسمانی سەرنشینان و بارەکانیانی گەیاند.

"مەشقی 'چنگی هەڵۆ'ـی 2024 دەرفەتێکی جیاواز بوو بۆ تیپی جەنگیی 510ـی هەڵمەتبەر بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی هێزی ئاسمانیی پاکستان و بەرزکردنەوەی لێهاتوویەکانمان لە ئاسمان و لەسەر زەوی،" فەرماندەی تیپەکە موقەدەم لیۆ مۆر ڕایگەیاند.

فڕۆکەوانانی ئەمریکی کە لە ئاگرکوژاندنەوەدا تایبەتمەندن، لەگەڵ بەشی ئاگرکوژێنەوەی هێزی ئاسمانیی پاکستان بۆ ئەنجامدانی مەشقەکانی دەرهێنانی فڕۆکەوانە بریندارەکان لە فڕۆکەکانیان و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئاگرکەوتنەوە بەهۆی سووتەمەنی و تەقەمەنی لە دوای نیشتنەوەی زبر یەکیانگرت.

ئەوان زانیارییان ئاڵوگۆڕ کرد و لە کۆتایی مەشقەکەدا پێشبڕکێیەکی دۆستانەی ئاگرکوژێنەوەیان بۆ تاقیکردنەوەی ئەو لێهاتووییە نوێیانەی کە لە ماوەی 'چنگی هەڵۆ' فێریبوون ئەنجامدا.

"کاریگەرییەکەی بێئەندازە بەڵام ئەرێنی بووە؛ هەندێک لە وردەکارییە بچووکەکان گرنگییەکی زۆر ئەرێنییان پێدراوە و زۆرێک لە پێشنیار یاخود شێوازەکانمان لە ئەنجامدانی ئەرکەکان لە ئێستاوە گرنگییان پێدەدرێت." عەریفی گشتیی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا جۆناسان کامپۆس، سەرۆکی بەشی ئاگرکوژێنەوەی تیپ ڕایگەیاند. "ئەم ئاڵوگۆڕانە نەک تەنها یارمەتیدەرمانە لە نیشاندانی شارەزاییەکانمان، بەڵکو پەیوەندی و دۆستایەتی بنیاتنراو لەسەر ئاستی کەسی و هەستی کۆمەڵایەتی لە دوای ئەم جۆرە ڕاهێنانانە هەست پێدەکرێن."

تیمە ئاسایشییەکانی هێزە ئاسمانییەکانی پاکستان و ئەمریکا بۆ پاراستنی بەردەوامی فڕۆکەخانەکان یەکیان گرتبوو.

"گەورەترین دەستکەوت بریتییە لە ئاڵوگۆڕی جیاوازییەکان لەو شێوازەی کە پێمان وایە دەبێت ئاسایش بەدیبهێنرێت، هەموو ئەمانە لەکاتێکدایە بیرۆکەی نوێ بە شێوەیەکی بیرمەندانە لەگەڵ پێوانە ئاسایشییەکانیان کە پێشتر چەسپێنراون ئاوێتە دەکرێت." تەکنیکاری هێزی ئاسمانیی ئەمریکا عەریف کیڤن بێرک ئەوەی وت.

تیمێکی پزیشکی دوو کەسی پێکهاتوو لە تەکنیکارێکی پزیشکی و پزیشکی نەشتەرگەریی بەشی فڕین بۆ پشتیوانیکردنی مەشقەکە جێگیرکران. کارمەندانی پزیشکی نەک تەنها چارەسەری نیگەرانییە بچووکەکانی ئەندامەکانیان کرد لە میانی مەشقەکەدا، بەڵکو مەشقەکانیان بۆ لاساییکردنەوەی وەڵامدانەوەکانی فڕۆکەیەکی تێکشکاو هەماهەنگ کرد و ئەنجامدا. هەروەها پزیشکانی ئەمریکی یاوەری



فڕۆکەکانی پاکستان و ئەمریکا بۆ بنکەی ئاسمانی موشەف بۆ 'چنگی هەڵۆ' جێگیر دەکرێن.





بەشداربووان لە دوای ڕێوڕەسمی کردنەوەی 'چنگی هەڵۆ'ی 24 بۆ وێنەگرتن ڕادەوەستن.

ئەندامێکی باڵی خزمەتگوزارییە تایبەتەکانی هێزی ئاسمانیی پاکستان یارمەتی فەرمان دەرکردنی هێرشی ئاسمانی دەدات لە مەشقەکەدا.

پزیشکی نەشتەرگەری بەشی فڕینی هێزی ئاسمانیی پاکستانیان کرد بۆ نەخۆشخانەیەکی ناوخۆیی بۆ ڕووداوێکی نمایشیی قوربانی بەکۆمەڵ.

"هێزی ئاسمانی پاکستان زانیاریی پزیشکی باشی هەیە، و ئێمەش ئەوەی کە پێشتر فێریبووین هاوبەشمان کرد و چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی مەشقەکانمان نیشاندا بۆ یارمەتیدانی باشتر نمایشکردنی ڕووداوێکی جیهانی ڕاستەقینە." عەریفی دەستەی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بڕایەن ساندەرز، تەکنیکاری پزیشکی کە بۆ مەشقەکە گەشتی بۆ پاکستان ئەنجامدا ڕایگەیاند.

ناوەندی جەنگی ئاسمانیی سەر بە ناوەندی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا ڕاهێنەرێکی هاوبەشی بەڕێوەبردنی هێرشی تێرمیناڵی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی ئەکادیمی لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئاسمانی، هێرشە هەماهەنگەکان، بەڕێوەبردنی هەستەوەرەکان و بەئامانجگرتنی ئاست بەرز ڕەوانەکرد. ئەم سەربازانە لە ڕووداوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری 'چنگی هەڵۆ'دا بە پشتیوانی ئاسمانی لێهاتووییەکانی خۆیان نیشان دا.

"ئاڵوگۆڕی بابەتیی پسپۆڕان زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوونەوە لە کارکردنی پێکەوەیی و پەرەپێدانی متمانە بە تواناکانی هاوپەیمانەکانمان." تەکنیکاری هێزی ئاسمانیی ئەمریکا، عەریف براندۆن تاتۆم لە ناوەندی جەنگیی ئاسمانی ئەوەی ڕایگەیاند. "بە نزیک کارکردن لەیەکەوە، ئێمە دەتوانین باشتر لە تواناکانی یەکتر تێبگەین، ئاستی هەماهەنگیمان بەرز بکەینەوە و کاریگەری گشتی ئەرکە هاوبەشەکانمان باشتر بکەین. ئەم هەماهەنگییە ستراتیژ و ئامادەیی بەرگریی هەردوولا بەهێز دەکات."

هێزی ئاسمانی پاکستان ساڵانە بۆ بنیاتنانی پەیوەندییە چارەنووسسازەکانی نێوان هەردوو وڵات و پێشخستنی ئاسایشی هاوبەش لە ناوچەکە میوانداری 'چنگی هەڵۆ' دەکات. ناوەندی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا بە بەردەوامی لە ماوەی سیناریۆی ڕووداوەکان و ئۆپەراسیۆنەکانی جیهانی ڕاستەقینەدا بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگیی ئاسایش دژ بە دەستدرێژکاران لە ناوچەکەدا لەگەڵ هاوبەشە ناوچەییەکان کاردەکات.

"هاوبەشیی بەردەوامیی نێوان گەلەکانمان هێشتا بۆ ئاسایشی ناوچەکە گرینگە لەکاتێکدا ئەمریکا بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی پاکستان لە بەرەنگاربوونەوەی سەختترین ئاڵنگارییە جیهانی و ناوچەییەکان، وەک چۆن لە دوای ڕێککەوتنی هاوکاریی بەرگریی دوولایەنەمان لە ساڵی 1954ـەوە هەمانە." موقەدەمی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا نیکۆلاس گاردنەر، سەرۆکی ئۆپەراسیۆنەکانی 'چنگی هەڵۆ'ـی 2024 ڕایگەیاند.

"'چنگی هەڵۆ'ـی 2024، دوای 70 ساڵ، لەڕێگەی بنیاتنانی ئاشتی، ئاسایش و سەقامگیریەوە هاوبەشیی ئێمە دەپارێزێت. 'چنگی هەڵۆ' کوشندەیی فڕۆکەوانەکانمان بەهێزتر دەکات. ئێمە لە چاوەڕوانی کارکردنی شان بە شانداین لە پاراستنی فڕۆکەکان، پارێزگاریکردن لە فڕۆکەوانەکانمان و بنیاتنانی پەیوەندییەکانمان تا بۆ ماوەی 70 ساڵی تر بەردەوامی هەبێت". ✦



بنیاتنانی خۆڕاگری لە بەرامبەر

# نەخۆشییە درمییەکان

دروستکردنی ناوەندی ئەردەن بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشیەکان
بۆشاییەک لە پاراستنی وڵات لە پەتا ئەگەرییەکان پڕدەکاتەوە

دەستەی یونیپاس

شێوەسازی یونیپاس

**کاتێک** پەتای COVID-19 لە ساڵی 2020 دەستی پێکرد، بەرپرسانی ئاسایش و سەربازی ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی نوێ بوونەوە کە زۆر جیاوازبوو لە ڕزگارکردنی شارێک یاخود گەڕان بەدوای گروپێکی تیرۆریستی. لە بەرامبەر ئەم هەڕەشە نوێیەدا، دەسەڵاتدارانی ئاسایش و تەندروستی سەرنجیان خستە سەر داخستنی بۆشاییەکانی نێوان دامەزراوەکانی ئاسایشی و تەندروستی تا بتوانن بەرەنگاری پەتاکان ببنەوە و بڵاوبوونەوەیان سنووردار بکەن. لەگەڵ ئەوەی وڵاتان پێشبڕکێ بۆ داخستنی سنوورەکانیان دەکەن و بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی پەتاکان کۆشش دەکەن، بە هەمان شێوە خۆیان بۆ ئەگەری پلانی گروپە تیرۆریستییەکان لە ئەنجامدانی هێرشی بایۆلۆژی بۆ زیانگەیاندنی زۆر و تێکدانی سیستەمی ئابووری جیهان، ئامادە دەکەن.



موقەدەم ئەمەل عوبێدات

لە دەرئەنجامدا، حکومەتەکان هەوڵی پڕکردنەوەی کەلێنەکانی نێوان کەرتی ئاسایش و تەندروستی دەدەن بۆ ئەوەی پێشوەختە مەترسییە تەندروستییەکان دەستنیشان بکەن، بڵاوبوونەوەیان جڵەوبکەن و لەگەڵ وەڵامدەرەوەی یەکەمدا هەماهەنگی بکەن. بۆ قسەکردن لەبارەی بیرۆکەی پشت دامەزراندنی ناوەندەکە و ڕۆڵی لە پاراستنی ئاسایشی تەندروستی و ڕێگریکردن لە گواستنەوەی نەخۆشی لە سنوورەکانەوە، یونیپاس لەگەڵ موقەدەم ئەمال عوبێیدات، پسپۆڕی تەندروستیی گشتی و پسپۆڕی پەتاکان لە ناوەندی ئەردەن بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشییەکان (JCDC) کۆبووەوە.

**یونیپاس:** بیرۆکەی پشت دامەزراندنی ناوەندەکە و گرنگییەکەی بۆ ئەردەن چییە؟

**موقەدەم ئەمەل عوبێدات:** لە ژێر ڕۆشنایی مەترسییە بایۆلۆژییە دەرکەوتووەکان و نەخۆشییە نوێیە گۆڕاوەکان کە ماوە ماوە دەردەکەون، شانشینی هاشمیی ئەردەن هاوشێوەی هەموو وڵاتانی تر ڕووبەڕووی مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمیەکان و پەتاکان دەبێتەوە. هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەردەن، لە نێوان چەند وڵاتێکدا کە تووشی ململانێی ناوخۆیی، جەنگ و بڵاوبوونەوەی دووبارەی نەخۆشی دەبن، وایکردووە کە بە دیاریکراوی بەرزیان بێت بە گواستنەوەی نەخۆشیەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە. ئێمە لەو باوەڕەداین کە وەڵامدانەوەی کاریگەر و دەستبەجێ کلیلی بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی ئاسایشی تەندروستی و هەڕەشە تەندروستییەکانە. لەبەر ئەم هۆیە ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی ڕابردوو، دیاریکردنی کاریگەری و خێرایی وەڵامدانەوە پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتەکاندا دەکەین، کە دوایین دۆخ پەتای COVID-19 بوو. لە ڕێگەی ئەم ڕاپۆرتانەوە، بۆمان دەرکەوت کە هەموو ئەو دامەزراوانەی پەیوەندییان بە ئامادەکاری و وەڵامدانەوەی مەترسیە تەندروستییەکانەوە هەیە بە شێوەیەکی زۆر باش ئەرکەکانیان ئەنجامداوە، سەرەڕای بوونی چەندین بەربەست و ئاڵنگاری ئەرکە سەرەکییەکانیان ئەنجامداوە. ئەوان توانیان بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک میکانیزم، لە ناو خودی دامەزراوەکانەوە یاخود لە ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکانی تر، هەروەها لە ڕێگەی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەسەر ئەم ئاڵنگارییانەدا زاڵببن. ئەو بۆشاییەی کە هەمیشە لە نێوان دامەزراوە جیاوازەکاندا بوونی هەبووە، پەیوەندی بە نەبوونی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان ئەو دامەزراوانەیە کە ئەرکی وەڵامدانەوەی ڕووداوەکانیان پێسپێردراوە. ڕۆڵی دامەزراوە جیاوازەکان ڕوون نەبوو، بەرپرسیارێتی دیاریکراو بە ڕوونی دیاری نەکرابوو. زۆرجار ئەمە دەبووە دروستبوونی هۆی کەڵەکەبوون و زیادەڕۆیی لە ڕۆڵەکاندا، کە ڕێگری لە وەڵامدانەوەی دەستبەجێی ڕووداوەکان دەکرد.

لەم ڕوانگەیەوە، ڕێنمایی شاهانەیی لە خاوەن شکۆ شا عەبدوڵڵای دووەمی کوڕی ئەلحوسێنەوە بۆ دامەزراندنی JCDC دەرکرا. ناوەندەکە لە ساڵی 2020 دامەزراوە، بەڵام کارە ڕاستەقینەکانی لە دوای ساڵی 2021ـەوە دەستی پێکرد. ئەرکە سەرەکییەکەی بریتییە لە بەهێزکردنی توانا نیشتمانییەکانە لە دەستنیشانکردن، بەدواداچوون، ئامادەکاری، ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی مەترسیە تەندروستییەکان. هەروەها بە ئامانجی سەرەکیی پاراستی ئاسایشی تەندروستی، JCDC میکانیزمەکانی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هەموو وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بەڕێوەدەبات.

ناوەندەکە لە شەش بەڕێوەبەرایەتی سەرەکی پێکدێت: خۆپاراستن و بەڕێوەبردنی نەخۆشییە درمیەکان، چاودێریکردنی پەتا، تاقیگەکان، ئامادەکاری و وەڵامدانەوەی فریاگوزاری، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی، وە تەکنەلۆژیای زانیاری. لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنی ناوەندەکەدا، هەر بەڕێوەبەرایەتییەک ڕاپرسییەکی سەرتاسەری وڵاتی ئەنجامدا و هەموو هەوڵەکانی ئێستایان لە چوارچێوەی بوارە پسپۆڕییەکاندا بەبەڵگەکرد. لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەر ئاستی پلاندانانی ستراتیژی کاردەکەین، گرنگە ئاگاداری سیاسەت، ستراتیژ و ڕێکارەکانی ستانداردی کارکردنی بین لە هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە وەڵامدانەوە و خۆپاراستن لە نەخۆشییە درم و پەتاییەکان لە ئەردەن بۆ ئەوەی باشتر ڕۆڵی خۆمان دیاری بکەین و بزانین کە دەتوانین لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتا و نەخۆشییە درمیەکان، چۆنیەتی وەڵامدانەوە و چۆنیەتی پەرەپێدانی پلانێکی سیستماتیکی و ستراتیژیی کرداری چ شتێک بکەین.

ئێمە سەردانی سەرجەم دامودەزگا پەیوەندیدارەکانمان کرد، پێداچوونەوەمان بە فایل و پلانەکانیان کرد، وە هەروەها نەخشەی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان خۆمان و وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانمان دارشت. یەکێک لە دەرئەنجامە گرنگەکانی ڕاپرسییە مەیدانییەکە سەبارەت بە وەڵامدانەوەی فریاگوزاریی تەندروستی بریتی بوو لە پلانێکی گشتگیری سەرتاسەریی وڵات بۆ ئامادەکاری و وەڵامدانەوەی نەخۆشییە درمیەکان و پەتاکان. ئەم پلانە بە شێوەیەکی ستراتیژی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، دەزگا پزیشکییە شاهانەییەکانی هێزە چەکدارەکان و ئیدارەی خۆراک و دەرمانی ئەردەن پەرەی پێدراوە. شێوازی کاری پلانەکە لەسەر بنەمای ڕێگاکانی بڵاوبوونەوەی پەتاکان دانراوە. ڕۆڵی سەرەکی هەر دامەزراوەیەک لەگەڵ ئامرازەکانی پەیوەندی و هەماهەنگی بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی دیاری دەکات. هەروەها ئێمە میکانیزمێکمان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە لە ئەگەری باری نائاسایی تەندروستیدا دامەزراند تا هەموو دامەزراوەیەک ڕۆڵ و ئامرازەکانی پەیوەندی کاریگەرانەی خۆی بزانێت. هەروەها تیمی ڕاهێنراو و شیاومان هەیە کە لەسەر ئاستی نیشتمانی بەشداری لە پلانی ستراتیژیدا دەکەن.

**یونیپاس:** چۆن ناوەندەکە یارمەتیی کەمکردنەوەی هەماهەنگی خراپ و کەڵەکەبوونی نێوان دامەزراوەکان دەدات؟

**موقەدەم ئەمەل عوبێدات:** نەک هەر کێشەی خراپی هەماهەنگی چارەسەر کرد؛ بەڵکو بە هەمان شێوە یارمەتی زیادکردنی هاوکاریی نێوان دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دا. ئێمە سیاسەتێکی ستاندارد و پەسەندکراومان سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن و وەڵامدانەوەی ڕووداوە تەندروستییەکان چەسپاندووە. هەرچەندە پرۆسەکە 100% تەواو نەبووە، بەڵام ئێمە لەسەر ڕێگا دروستەکەین بۆ بەدیهێنانی ئەمە. پەیوەندی و هەماهەنگی زۆر باشتر بوون. توانیمان ئەو پەیوەندییە دەستنیشان بکەین کە پێشتر لە نێوان تەندروستی مرۆڤ و ئاژەڵدا نەدۆزرابووەوە. گرینگیدانی ئێمە هەمیشە تەندروستی مرۆڤ بووە، بەڵام ئێستا دەزانین زۆربەی ئەو



پەرستارێکی ئەردەنی لە چوارچێوەی هەوڵێکی حکومەت کە بریتی بوو لە دروستکردنی ناوەندی ئەردەنی بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشیەکان، پەنابەرێکی سوری پێکوتە دەکات. گێتی ئیمەیجس

نەخۆشییە مەترسیدارانەی کە توانای بوون بە پەتایان هەیە لە ئاژەڵەوە سەرچاوە دەگرن. پێشتر ئەم جیاوازییە گرنگە نەزانرابوو. JCDC توانی کەناڵەکانی پەیوەندی لە نێوان کەرتی تەندروستی مرۆڤ و ڤێتێرنەریدا بنیات بنێت بە ئامانجی زوو دەستنیشانکردنی مەترسییەکان ڕێگریکردن لە گواستنەوەیان بۆ مرۆڤ.

**یونیپاس:** چۆن کارمەندت بۆ ناوەندەکە دامەزراند؟

**موقەدەم ئەمەل عوبێدات:** دامەزراندنی کارمەندانی ناوەندەکە هێشتا تەواو نەبووە. ئێمە بە ژمارەیەکی کەم لە کارمەند دەستمان پێکرد و بەگوێرەی پێویست زیادی دەکەین. بەپێی ئەو پلانەی لە سەرەتاوە داڕێژراوە، ژمارەی کارمەندان دەگاتە نزیکەی 150 کارمەند. هەتا ناوەڕاستی ساڵی 2024، کارمەندەکانمان نزیکەی 45 کەسن، کە 27ـیان ئەندامی خاوەن پسپۆڕی تەکنیکین لە کاتێکدا ئەوانی تر کارگێڕن. ئێمە هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی کارەکانداین و لە ئێستادا بەشێوەی هەنگاویی لە پرۆسەی ڕاکێشانی سەرنجی پسپۆڕییەکانداین، بەگوێرەی پێداویستییەکان.

**یونیپاس:** ڕۆڵی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە پشتیوانیکردنی ناوەندەکەدا چییە؟

**موقەدەم ئەمەل عوبێدات:** هێزە چەکدارەکان لە هەموو ئاستەکاندا پشتیوانن. لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنی ناوەندەکەدا، هەوڵێک هەبوو بۆ وەرگرتنی شارەزایانی ئەردەنی، بەتایبەتی لە دەزگا حکومییەکانەوە. ئەم هەوڵانە وەزارەتی تەندروستی و خزمەتگوزاریی پزیشکی شاهانە (RMS)ـی لەخۆگرت. لە هەموو ڕووداوەکانی پەیوەست بە تەندروستی کە لە سەرانسەری شانشینەکەدا ڕوودەدەن، RMS وەکو پشتیوانی سەرەکی بۆ وەزارەتی تەندروستی و هەموو ئەو لایەنانەی کە ئەرکی بەرەنگاربوونەوە و ڕێگریکردن لە نەخۆشی و پەتاکانیان پێسپێردراوە خزمەت دەکات. RMS بەشێکە لە کەرتی حکومەت و خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە ئەندامانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن و خێزانەکانیان دەکات. زیاتر لە 30%ـی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی پێشکەش دەکات و چەندین نەخۆشخانە و ناوەندی پزیشکی بەڕێوەدەبات، لە هەمان کاتدا ڕاهێنان بەو کارمەندانە دەکات کە لەوێ کاردەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک ڕووداو و هەڕەشەی پەیوەندیدار بە تەندروستی ڕوودەدات، وەکو بڵاوبوونەوەی هەندێک پەتا، ئەوا بە کردنەوەی هەندێک لە نەخۆشخانە و بنکە پزیشکییەکانی بە ڕووی کەرتی گشتی و دابینکردنی کارمەند، شارەزایان و پسپۆران بۆ وەزارەت وەکو پشتیوانیی سەرەتایی بۆ وەزارەتی تەندروستی کار دەکات. RMS بە کارمەندە شارەزاکانی پشتیوانیی تاقیگە پزیشکییەکانی ناوەندەکەی کردووە. ڕێگەی زیاتریش هەیە کە دەتوانێت لەڕێیەوە بە هاوکاری لەگەڵ هێزە چەکدارەکان، وەکو ئامادەکاریکردن بۆ وەرگرتنی فڕۆکەی مەدەنی و سەربازی کە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی فریاگوزاری و ڕزگارکردن ئامێربەندکراون، وە دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە یەدەگی ستراتیژی خۆی لە پێداویستییە پزیشکی، ئامێری پاراستنی کەسی و پێکوتەکان پشتیوانی پێشکەش بکات. هەروەها سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی خۆی، وەکو بەڕێوەبەرایەتی زانیاریی سەربازی، و جێگیرکردنی تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا بۆ هێزە چەکدارەکان، بە هەمان شێوە یارمەتیدانی لێکۆڵینەوەکانی پەتا و بەدواداچوون لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و خێزانەکانیان، بەکاردەهێنێت. باشترین نموونەی ئەمەش کۆکردنەوەی هەموو پسپۆڕییەکانی هێزە چەکدارەکان بوو لە ماوەی پەتای COVID-19.

**یونیپاس:** ئایا هاوبەشی و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی تا چەند لە سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی پەتاکاندا گرنگن؟

**موقەدەم ئەمەل عوبێدات:** مەترسی گواستنەوەی نەخۆشی لە سنوورەوە ئاڵنگارییەکە هەموو وڵاتان ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەمەش بە تایبەتی بۆ وڵاتێکی وەک ئەردەن کە دراوسێیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە بەهۆی جەنگ و ململانێکانەوە زیانیان بەرکەوتووە، ئەو ناوچانەی کە زۆرجار وەک ژینگەی سەرهەڵدانی پەتا و نەخۆشییەکان لەبارن و دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەی چەکی بایۆلۆژی لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە بەکاربهێنرێن. لەوەش زیاتر، هەندێک لە وڵاتانی دراوسێ پێشتر بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا زیانی زۆریان بەرکەوتووە. ئەگەر وڵاتێک سنووری لەگەڵ زۆرێک لە دراوسێکانیدا هەبێت، ئەوا مەترسییەکانی ئەو پەتایانەی دەتوانن سنوورەکان ببەزێنن چەند هێندە زیاد دەکات. پێویستە ڕێککەوتن لە نێوان ئەم وڵاتانەدا بۆ هاوبەشپێکردنی زانیاری سەبارەت بە هەر هەڕەشەیەک کە لەوانەیە لە کۆمەڵگاکانیاندا سەرهەڵبدات ئەنجام بدرێت. پێویستە بە ئەنجامی تاقیگەیی و وردەکارییەکانی چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە وە بە هەمان شێوە نیشانەکانی پاڵپشتی بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت حاڵەتە گومانلێکراوەکان دەستنیشان بکرێن و چاودێری بکرێن بەمەبەستی سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی. کاتێک وڵاتان سیاسەتێکی دامەزراویان هەبێت و لە پرسە تەندروستییەکاندا هەماهەنگی بکەن، ئەوا ئێمە لە بەرامبەر گواستنەوەی نەخۆشی بەرگری زیاترمان دەبێت و بۆ خۆپاراستن ئامادەکاری باشتر دەکەین. بەبێ ئەم جۆرە لە هەماهەنگیی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوە تەندروستییە جیهانییەکان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە تا هەموو وڵاتێک لە بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان و دەستەبەرکردنی کەناڵەکانی پەیوەندی نێوان وڵاتان ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی خۆی بزانێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن نوێترین پێشهاتەکان و مەترسیە تەندروستییەکان هاوبەش پێبکەن. ئێمە تاقیگەمان هەیە کە لەلایەن حکومەتی کەنەداوە دابینکراون، وە لەگەڵ ناوەندەکانی ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردن و خۆپاراستن لە نەخۆشیەکان هەماهەنگیی ڕاستەوخۆمان هەیە، کە لەگەڵیاندا بەرنامەیەکمان بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانیی دەروونی و ئاکاری بۆ تیمەکانی وەڵامدەرەوەی یەکەم دەستپێکرد. پرۆژەکە بە هەڵسەنگاندنی تواناکان، نوێکردنەوەی ڕێکارەکان و دانانی مەرجە سەرەتاییەکان سەبارەت بە ئەزموون و خولی ڕاهێنانی پێویست بۆ ئەندامان دەستپێکرد. هەروەها بودجە بۆ مەشقپێکردنی سەرکردەکان و ئەندامانی تیمی وەڵامدانەوە دابینکراوە. بە هەمان شێوە دەزگای کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی سەر بە بەرگری ئەمریکا لە پێشکەشکردنی پشتیوانی و ڕاهێنانی تایبەتمەندا ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا. لە ماوەی COVID-19ـدا، تواناکانی کەرتی

تەندروستیی ئەردەن هەڵسەنگێنرا. ئەمەش کەمیی شارەزایی لە پسپۆڕییەکانی چاودێری چڕدا خستەڕوو. لەژێر ڕۆشنایی ئەمەش، بەهێزکردنی تواناکانمان لە ڕێگەی خولی شیاندنی دەرەکی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا ئەنجامێکی نایابی بەدەستهێناوە.

**یونیپاس:** هەماهەنگیی نێوان ناوەندەکانی بەڕێوەبردنی پەتای دیاریکراوی وڵاتانی ناوچەکە چۆنە؟

**موقەدەم ئەمەل عوبێدات:** هەماهەنگی لەسەر ئاستی حکومەت و وەزارەتدا هەیە، بەڵام لە نێوان دامودەزگاکان و ناوەندەکاندا بوونی نییە. لێرەدایە کە ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دێتە ئاراوە. بۆ نموونە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) ڕێککەوتنێکی لەگەڵ سوریا، ئەردەن و لوبنان بۆ ڕێگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا ئەنجامدا. سیاسەتێکی گشتگیر لە ڕێوشوێنی خۆپارێزی دانرا، وە بەرنامەی وەڵامدانەوە داڕێژرا بۆ ڕێگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە بڵاوبوونەوەیەکی لەو چەشنە.

**یونیپاس:** ئایا لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندیی ڕۆژانەت هەیە؟

**موقەدەم ئەمەل عوبێدات:** پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ دەزگا سەرەکییەکانی وەکو ناوەندی بەڕێوەبردن و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) و دەزگای ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی هەیە، ئەمە جگە لە زۆر دەزگای تری وەک دەزگای کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی سەر بە بەرگری ئەمریکا و ڕێکخراوی فریاگوزاری و کاری نەتەوە یەکگرتووەکان (UNRWA). سەبارەت بە هەڕەشە تەندروستییەکان، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) داوای لە ئەردەن کردووە لیستی مەترسییەکانی نوێ بکاتەوە، بەو پێیەی دوایین نوێکردنەوە لە ساڵی 2019ـدا بووە. ئەمەش بە پشتیوانی تەکنیکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و UNRWA ئەنجامدرا. ئەمە بۆنەیەکی بۆنەیەکی گرنگ بوو کە وەکو وۆرک شۆپێک بەڕێوەچوو کە تێیدا لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە بانگهێشت کران و لە میانیدا ئامرازە ستراتیژییەکانمان بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان بەکارهێنا. بە هەمان شێوە ئەو مەترسییانەمان دەستنیشان، پۆلێن و ڕیزبەندکرد کە دەکرێت وڵاتەکە ڕووبەڕووی ببێتەوە، وە ئاستێکی هەڕەشەمان بۆ هەریەکەیان دیاری کرد. ئێمە پلانەکانمان لەسەر بنەمای کارە لەپێشینەکان دادەڕێژین.


**یونیپاس:** ئایا ناوەندەکە ڕووبەڕووی چ ئاڵنگارییەک دەبێتەوە؟

**موقەدەم ئەمەل عوبێدات:** هەرە گرنگترین ئاڵنگاری بریتییە لە نەبوونی هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی کە وەکو دەزگای بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان مۆڵەت بە ناوەندەکە بدات. ئێمە لە ژێر سیستەمێکدا کار دەکەین نەک یاسایەک. یاسای تەندروستیی گشتی کە لە ساڵی 2008 پەسەند کرا، بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی وەزارەتی تەندروستی بەو پێیەی ناوەندەکە لەو کاتەدا بوونی نەبووە. ئێمە دەزگایەکی سەربەخۆین و سەر بە وەزارەتی تەندروستی نین. ئێمە پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای تەندروستیی گشتی دەکەین تاکو بۆ بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان دەسەڵات و مۆڵەتی پێویست بدرێت بە ناوەندەکە. لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە پشتیوانی ئاسایشی تەندروستی و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پەیوەست بە پەتاکان دەکات. پرسی دووەم بریتییە لە سەختیی لە ڕاکێشانی پسپۆڕی. JCDC ناوەندێکی تازە دامەزراوە کە ئاڕاستە و داهاتووی ڕوون نییە. بە دیاریکراوی ڕاکێشانی ئەو کەسانە سەختە کە ئەزموونیان لەم بوارەدا هەیە و دەکرێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە کارەکانیاندا بووبن و دڵنیایی کاریان هەبێت، بۆیە نەتوانن بە ئاسانی دەستبەرداری ببن. دەکرێت جێهێشتنی پێگە پارێزراوەکانیان بۆ پەیوەندیکردن بە ناوەندێکی نوێوە بە مەترسیدار سەیر بکەن. ئێمە خەریکە بەسەر ئەم پرسەدا زاڵدەبین، چونکە کار و ناوبانگی ناوەندەکە زیاتر بۆ خەڵکی دەرکەوتووە. بە گشتی، ڕۆڵی بنەڕەتیی دامەزراوەیەکی تەندروستیی حکومی کە بەرپرسیارە لە تەندروستیی گشتی ڕوون نییە بۆ کۆمەڵگە. کاتێک ئێمە لە هەر بۆنەیەکی پەیوەندیدار بە تەندروستییەوە بەشداری دەکەین، هەمیشە خەڵک لێمان دەپرسن ئێمە کێین. و بۆیە، دەبێت هەوڵی ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و گرنگی ناوەندەکە بدەین، تەنانەت ئەگەر چەمکەکەش ڕوون نەبێت لایان. بە هەمان شێوە پرسی ناڕوونی سەبارەت بە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی دامەزراوە تەندروستییە جیاوازەکان بوونی هەیە، بە تایبەت ئەگەر قەوارەیەک لە ڕابردوودا ئەو بۆشاییەی پڕکردبێتەوە و سەرکردایەتی دامەزراوەکانی تر بکات. لەبەر ئەو هۆکارە، ئێمە ڕووبەڕووی بەرهەڵستی هەندێک لایەن بووینەوە لە پەسەندکردنی ئەو ڕۆڵەی کە ناوەند دەبێت بیگێڕێت. ئێمە توێژینەوەی نیشتمانیی پێویستمان نییە لەسەر بابەتی بەڕێوەبردنی مەترسیی تەندروستی، ئەمەش مانای وایە ئێمە لە سفرەوە دەست پێدەکەین. سەرەڕای ئەوەش، کورتهێنان لە ڕوونی و ئاشکرایی سەبارەت بە وەڵامدانەوەی کارەسات و بودجەی پەیوەندیدار بە مەترسیی تەندروستی لەسەر ئاستی نیشتمانیدا بوونی هەیە. ئێمە سەختییەکی زۆرمان لە پاڵپشتیکردنی دارایی پرۆژەکاندا بینیووە، بەتایبەتی لەناو دامەزراوە تەندروستییەکان کە هیچ بودجەیەکیان بۆ بەڕێوەبردنی مەترسیی تەندروستی نەبووە. ئێمە لە ڕێگەی هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئاشناکردنی دامەزراوە تەندروستییەکان سەبارەت بە ڕۆڵی JCDC کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە دەکەین، لە هەمان کاتدا هەوڵدەدەین بگەیان بە سەربەخۆیی دارایی خۆمان. پرسێکی تر بریتییە لە شەفافیەت لەناو کەرتی تەندروستیدا. کاتێک دەستمان بە شیکردنەوەی ئاڵنگارییەکانی بەردەم کەرتی تەندروستی و گەڕان بەدوای چارەسەردا کرد، سەرنجمان دا لە هەندێک دامەزراوەدا خواستێک بۆ شاردنەوەی کەلێن و کەموکوڕیەکان بوونی هەیە بۆ ئەوەی خۆیان وەکو وێنەیەکی نموونەیی نیشان بدەن.

**یونیپاس:** تکایە کەمێک زیاتر باس لەو ڤایرۆسانە بکە کە لە ئاژەڵەوە دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤ.

**موقەدەم ئەمەل عوبێدات:** کاتێک دەستمان بە دامەزراندنی ناوەندەکە و پەرەپێدانی پلانی بازرگانی ستراتیژی کرد، سەرنجمان خستەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا. ئێمە هانی هاووڵاتیان دەدەین کە ئەگەر هەر پرسیارێکی پەیوەندیداریان بە تەندروستی گشتی و مەترسییەکانی پەتاکانەوە هەیە، ئەوا ئاراستەی ناوەندەکەمانی بکەن. ئەرکی یەکەممان بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی نەخۆشیەکان و چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان. نەخۆشییە درمییە ئاژەڵییەکان ئەو نەخۆشیانەن کە دەکرێت بەهۆی هۆکاری بەکتریا، ڤایرۆس، مشەخۆر یان هۆکاری نوێی نا نەریتییەوە بگوێزرێنەوە. لە ئاژەڵەوە دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤ و دەتوانن لە نێوان مرۆڤەکاندا لە ڕێگەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ، خۆراک، ئاو یاخود هەوا بڵاوببنەوە. کێشەکە لەو پەیوەندییە نزیکەدایە کە مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵدا هەیەتی، ئاخۆ ماڵی بێت، کشتوکاڵی بێت یاخود کێوی. دەکرێت ئەمەش ببێتە هۆی ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی بازرگانی هەندێک بەرهەمی ئاژەڵیی. دەکرێت پیسبوونی ژینگە، ئاو، خۆراک و هۆکارەکانی توشبوونی تر گۆڕانکاری لە کرۆمۆسۆمەکاندا دروست بکات کە ببێتە هۆی دروستبوونی جۆری نوێی نەخۆشی کە تەنها مرۆڤ تووش بکات. گەورەترین مەترسی بریتییە لە ئەگەری چەندین جار دووبارە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە نێو مرۆڤدا کە دەکرێت بگۆڕێت بۆ پەتای جیهانی. ✦

# ڕۆبۆتیک بۆ ڕزگارکردن



# ناوەندە نوێیەکەی ئەردەن بۆ سیستەمی بێ کارمەند ئاسایشی دەریایی لە کەنداوی عەقەبە و دەریای سوور باشتردەکات

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی سەربازیی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن

**هێزە** چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب پایەیەکی گرنگی سیستەمی ئاسایشی نیشتمانیی ئەردەنە و گرنگترین پێکهاتەیە لە دەسەڵاتی دەوڵەت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، خاوەن شکۆ پاشا عەبدوڵلای دووەم بن ئەلحوسەین لە ساتەوەختی گرتنەدەستی دەسەڵاتە دەستوورییەکانیەوە تەواوی سەرنج و گرنگیدانی خۆی بە هێزە چەکدارەکان بەخشیووە، بۆ ئەوەی لە ڕووی چەک و مەشقەوە لەگەڵ سەردەمدا هەنگاوبنێت.

پلانی گەشەپێدانی فەرماندەیی بەلەمە شاهانەییەکانی هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن بۆ جێبەجێکردنی دیدگای خاوەن شکۆ بۆ دروستکردنی هێزێکی دەریایی پێشکەوتوو، چالاک، زۆر کاریگەر و ئامادە بۆ شەڕ کە توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هەبێت و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژینگەی ستراتیژیدا هەنگاوبنێت بۆ بەرگریکردن لە عەقەبەی تەنها بەندەری ئەردەن، کە زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئابووری ئەردەن، دارێژرا.



ئەردەنی بۆ سیستەمی بێ کارمەند گرنگی دەدات بە بەکارهێنانی کەشتییە دەرياييە بێ کارمەندەکان، وەکو ئەم نموونەیەی کە لەلایەن هێزە دەرياييەکانی ئەمریکاوە لە کەناراوەکانی عەقەبە بەگەڕخرا.

پسپۆڕ ئارۆن تراومان/ هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



**دەریاوانێکی ئەردەنی لە میانی ئەنجامدانی ڕاهێنان لە کەنداوی عەقەبە خۆی ئاشنای درۆنی ژێرئاوی دەکات.**

ئەفسەری پلە نزم ئاستی سێ داوسەن ڕوس / هێزی دەریایی ئەمریکا

> ئێمە لە لێواری شۆڕشێکی تەکنەلۆژیی ئامێرە بێ کارمەندەکانین. هێزە چەکدارەکانی ئەردەن زوو درکیان بەمە کرد و بەردەوام کار لەسەر بەکارهێنانی ئەم سیستمانە دەکەن بۆ چاودێریکردن و سیخوڕیکردن لە ئاسمان و دەریاکانماندا.

لە چوارچێوەی پابەندبوونی ئەردەن بە پاراستنی ئاسایشی دەریایی جیهانی و ناوچەیی، هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن تەکنەلۆژیای یەککخراوی ژێریی دەستکردی لەگەڵ سیستەمی بێ مرۆڤ جێگیرکرد و ناوەندی ئەردەنی بۆ سیستەمی بێ کارمەند (JROC)ـی لە مانگی ئەیلوولی 2022ـدا کردەوە، ئەمەش توانای چاودێریکردن و سیخوڕیی هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەنی لە ئاوە ناوچەییەکان و زەریاکاندا بەرزکردەوە. بە شێوەیەکی باو بە 'ناوەندی ڕۆبۆتیک' ناودەبرێت. هەروەها لە ڕێگەی دروستکردنیەوە، دەریای سوور لە دەستنیشانکردن و ڕێگریکردن پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت.

JROC شانبەشانی ناوەندی ئۆپەراسیۆنی دەریایی کاردەکات. دەتوانرێت ئەرک و خزمەتگوزارییەکانی ناوەندی ڕۆبۆتیک بۆ دەستنیشانکردن و ڕێگریکردن بە کۆکردنەوە و بەستنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە سیستەمی دەریایی بێ کارمەندەوە وەردەگیرێن کە لە دەریادا جێگیرکراون کورت بکرێتەوە. پاشان ئەم زانیاریانە بۆ دروستکردنی بنکەزانیارییەک، کە لە زانستی دەریاییدا پێی دەوترێت شێوازی ژیان بەکاردەهێنرێن. پاشان دەتوانرێت ئەم زانیاریانە بۆ پەرەپێدانی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕێگریکردن، بەرگری و داماڵینی هەڕەشە شیبکرێنەوە و بەکاربهێنرێن. هەروەها تاقیکردنەوەکانی پێشوو سوودی ئەم سیستمانەیان بۆ مەبەستی تر سەلماندووە، لەوانە ئۆپەراسیۆنەکانی چۆڵکردنی قوربانییەکان.

هەرچەندە JROC لەم دواییانەدا دامەزراوە، بەڵام 'ناوەندی ڕۆبۆتیک' بە ناوەندی ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکانەوە دەبەستێتەوە کە لە ئاستی بەرزتر لە توانا نەریتییەکان زانیاریمان بۆ دابین دەکات. هەروەها تۆمارێکی بەرفراوانی جووڵە و بینینی کەشتییەکان لە ناوچە گرنگەکانی دەرەوەی خاکە ئاوییەکانمان دابین دەکات.

ئێمە لە لێواری شۆڕشێکی تەکنەلۆژیی ئامێرە بێ کارمەندەکانین. هێزە چەکدارەکانی ئەردەن زۆر زوو درکیان بەمە کرد و بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ چاودێریکردن و سیخوڕی لە ئاسمان و دەریاکانمان (ڕووی ئاو و هەم ژێر ئاو) کار لەسەر بەکارهێنانی ئەم سیستێمانە دەکەن. لە ڕاستیدا هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن ئەو کاتە تەکنەلۆژیای چاودێری ژێر ئاوی بەکارهێنا کە دەستی کرد بە بەکارهێنانی گوێزەرەوەی لە دوورەوە کارپێکراو (ROV)، ئەمە بەرلە دامەزراندنی JROC بوو. دڕۆنە دەریاییەکان بۆ پاسەوانیی 24 کاتژمێری بەکاردەهێنرێن. ئەمەش توانای ئێمەی بۆ چاودێریکردنی جوڵەی کەشتییەکان بۆ ناو خاکە ئاوییەکانمان و دەرچوونیان بەرزکردووەتەوە. هەروەها ئەم گوێزەرەوانە لە دەرەوەی خاکیە ئاوییەکانمان بۆ بەشداریکردن لە مەشقی هاوبەشی تێکەڵاودا بۆ یارمەتیدان لە دەستنیشانکردنی هەڕەشە ئەگەرییەکان کاریان کردووە. ئەمەش دۆخی هەموو یەکەکانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەنە کە سیستەمی بێ کارمەند بەکاردەهێنن.

هەموو ئەم داهێنانانە پەیوەندییەکی نزیکی ئەردەن و ئەمریکا نیشان دەدەن. گرنگترین هۆکار بۆ ئەمە بریتی بوو لە ئەزموونی جیهانیی هێزی دەریایی ئەمریکا لە ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکان و بوونی فەرماندەیی ناوەندی هێزی دەریایی ئەمریکا/ کەشتیگەلی پێنجەمی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمەش جگە لە ڕۆڵی چالاکانەی هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن لە فەرماندەیی هێزە دەریاییە تێکەڵەکان (CMF) بە سەرۆکایەتی ئەمریکا.

ئەردەن، لە ڕێگەی هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەنەوە، ئەندامێکی چالاکی ئەم هاوپەیمانێتیە بووە لە ساڵی دامەزراندنیەوە لە 2008. ئەم بەشداریکردنە جەختی لەسەر ئەو ڕۆڵە کاریگەرە کردووەتەوە کە هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن دەیگێڕێت و بە باشترین شێوە نیشانی داوە. هیچ گومانی لە ئارادا نییە کە ئەم جۆرە بەشداریکردنە ڕۆڵی لە پاراستنی ئاسایشی دەریایی نێودەوڵەتیدا هەبووە و یارمەتیدەر بووە بۆ گەشەپێدانی پلەکانی هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن. ئەمەش لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی شارەزایی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان و بەشداربوون بە ئۆپەراسیۆنەکان و فەرماندەیی هێزە دەریاییە نێودەوڵەتییەکانەوە بەدەست دێت.

هێزی دەریایی شاهانەی ئەردەن، بە هاوبەشی لەگەڵ فەرماندەیی ناوەندی هێزی دەریایی ئەمریکا، پشتیوانی لە پێکهێنانی هێزی ئەرکی 59 کرد، کە بەرپرسیارە لە چاودێری، سیخوڕی و ئۆپەراسیۆنەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا کە سیستەمی ژیریی دەستکرد و ئامێرەکانی بەڕێوەبردن لە دوورەوە یەکدەخات. ئەردەن ڕۆڵێکی کارا لە ئاسایشی دەریایی ناوچەیی و نێودەوڵەتدا دەگێڕێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە JROC دامەزرێنرا.

کاتێک دێتە سەر باسی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ، ئەردەن یەکێک بوو لە یەکەم وڵاتەکان کە ئەمانەی بەکارهێنا. پەیوەندیی نزیک، هاوبەشی، دۆستایەتی و سەرکردایەتی هاوبەش ئەو بنەمایانەن کە دەبێت پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتە دۆستەکان بەڕێوەببەن. هێزە دەریاییەکانمان پابەندن بە پشتیوانیکردن لە نیزامی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ڕێساکان وە پێشەنگیمان دەکەن تا ببینە هێزێکی بەتواناتر و کاریگەرتر، ئەوەی کە بتوانین بە هاوبەشی فەرماندەیی بکەین. هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە پشتیوانی لە هەموو ئەو چەمکانە دەکەین کە یارمەتیدەرن بۆ پاراستنی ئاسایشی دەریایی ناوچەیی و جیهانی. بڕیاری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایەکی دابینکراو دەکەوێتە سەر هەر وڵاتێکی خۆی. بەڵام، شایانی ئاماژەپێدانە کە چەند وڵاتێکی دۆست ئەفسەریان بۆ بەشداریکردن لە مەشقی سەر سیستەمی بێ کارمەند ناردووە.

پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەم مەشقانە بریتین لە توانای خوێندنەوە و شیکردنەوەی داتاکانی سیستەمی بێ کارمەند، ئاشنابوون بە تەکنەلۆژیا و تەکنیکی هەمەچەشن و پاراوی لە زمانی ئینگلیزی.

ئەردەن خۆی لە مەشقکردن لەگەڵ هاوبەشەکانیدا سوودمەندە چونکە لە بواری سیستەمی بێ کارمەندا نوێیە. مەشقکردن و شایستەیی لەسەر گوێزەرەوە بێ کارمەندەکان زیاتر لە ناوخۆدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام هەندێک لە کارمەندەکانمان بۆ مەشقکردن لەسەر بەکارهێنانی کامێرای ژێر ئاوی بێ کارمەند ڕەوانەی ئەمریکاش کراون، ئەمە جگە لە ژمارەیەک ڕاهێنان لەسەر سیستەمی دەریایی بێ کارمەندە لە ناوەوە و دەرەوە شانشینەکە. یەکەم ژنە ئەفسەری دەریایی ئەردەنی لە بواری ڕۆبۆتیکدا دەرچووی ئەکادیمیای دەریایی ئەمریکایە. ✦




شێوەسازی یونیپاس

# پاراستن لەڕێگەی ئامادەکارییەوە

## هێزەکانی سعودیە و ئەمریکا لە مەشقێکی سەربازی هاوبەشدا هێرشێکی هاوشێوەی چەکی کیمیایی پووچەڵ دەکەنەوە

دەستەی یونیپاس | وێنەکان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی سعودیە

سیناریۆیەکی مەترسیدارە: ڕێکخراوێکی تیرۆریستی یاخود لایەنێکی خراپەکار درۆنێکی ئاسمانیی هەڵفڕاند کە بارێکی کوشندەی لە چەکی کیمیایی هەڵگرتووە و نەک تەنها دامەزراوە سەربازییەکان بەڵکو گەڕەکە مەدەنییەکانیش دەکاتە ئامانج.

بۆ ڕێگریکردن لەم جۆرە سیناریۆیانە کە چەکی کۆمەڵکوژ (WMD)ـی تێدایە، فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا شان بە شانی هاوپەیمان و هاوبەشەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست کاریکردووە، کە بە کۆتایی هاتنی مەشقی سەربازیی 'قەڵغانی پاراستن' بە سەرکەوتوویی لە مانگی ئایاری 2024 گەیشتە لوتکە.



دەستەیەک لە سەربازانی سعودیە بەشدارییان لە 'قەڵغانی پاراستن'دا کرد

مەشقەکە لە شاری سەربازی شا فەهد لە دەمام، سعودیە، بەڕێوەچوو، هێزە سەربازییەکان و دەزگا مەدەنییەکان وەکو تیمێک بۆ ڕێگریکردن لە وێرانکاری و قوربانییدان وەڵامی هێرشێکی نمایشیی فڕۆکەوانی بێ فڕۆکەوانیان دایەوە. ئەم چوارەم دووبارە ئەنجامدانەوەیەی 'قەڵغانی پاراستن' دوای چڕکردنەوەی مەشقەکانی نێوان هێزەکانی سعودیە و ئەمریکا هات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشە کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتۆمییە ئەگەرییەکان (CBRN).

دوای چەند مانگێک لە ئامادەکاری، بەرنامەداڕێژەی سەرەکیی سعودیە عەمید ڕوکن سامی ئەلعولیان خۆشحاڵی خۆی دەبڕی کە 'قەڵغانی پاراستن' ئامانجەکانی خۆی بەدیهێناوە.

"مەشقی 'قەڵغانی پاراستن'ـی 4 ئەنجامدانی چەندین سیمینار و وانەی تیۆری سەبارەت بە پاراستن لە بەرامبەر چەکی کۆمەڵکوژ (WMD)، ڕاهێنانی فەرماندە و کارمەندان لە بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە قەیرانە، بەڕێوەبردنی ناوەندەکانی ئۆپەراسیۆن و ئەنجامدانی وۆرک شۆپی هاوبەشی لەخۆگرت، ئەمە جگە لە جێبەجێکردنی ژمارەیەک مەشقی مەیدانی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ڕێگریکردن لەو قەیرانەکانی دەرئەنجامی چەکی کۆمەڵکوژ (WMD)ـەوە سەرهەڵدەدەن،" عەمید ڕوکن سامی ڕایگەیاند.

زیاتر لە 200 بەشداربووی مەشقەکە کە لە چەندین ڕێکخراوەوە هاتبوون، لە ژینگەیەکی هەڕەشەی جیهانی ڕاستەقینەدا ڕاهێنانیان کرد، کە ئامادەیی خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی هەڕەشە ناوچەییەکان وەکو تیمێک نیشاندا.

مەشقەکە هێزە زەمینییەکانی شاهانەی سعودیە، یەکەکانی بەرگری ئاسمانی و بەرگریی شارستانی؛ هێزی ئەرکیی سپارتای فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا؛ یەکەکانی بەڕێوەبردنی فریاگوزاری، لەناوبردنی کەرەستەی تەقەمەنی و پزیشکیی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا؛ وە مانگی سووری سعودیە، وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی تری لەخۆگرتبوو، کە شانبەشانی یەکتر بەرەو ئامانجێکی هاوبەش کاردەکەن.

لە وتاردان بۆ سەرکردە باڵاکان کە لە ڕۆژی میوانە تایبەتەکان لە 'قەڵغانی پاراستن' ئامادەبوون، عەمید ڕوکن جۆزێف شارکی، جێگری فەرماندەی لەشکری هێزی ئەرکیی سپارتای ئەمریکا، ستایشی قەڵغانی پاراستنی کرد بۆ تواناکەی لە بنیاتنان و پاراستنی پەیوەندییەکاندا.

> "نزیکەی 66 ئەندامی خزمەتگوزاری ئەمریکی شانبەشانی هێزە چەکدارەکانی شاهانەی سعودیە بەشدارییان لەم مەشقە دوولایەنە و پێکەوەییە نێو وەزارەتییەدا کرد."
>
> **— عەمید ڕوکن شارکی ڕایگەیاند**

"نزیکەی 66 ئەندامی خزمەتگوزاری ئەمریکی شانبەشانی هێزە چەکدارەکانی شاهانەی سعودیە بەشدارییان لەم مەشقە دوولایەنە و پێکەوەییە نێو وەزارەتییەدا کرد،" عەمید ڕوکن شارکی ڕایگەیاند. "ئامانجی ئێمە بریتییە لە بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی ئاسایش و برەودان بە کارکردنی پێکەوەیی لە ڕێگەی تەواوی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و پشتیوانی وەزارەتەکان و دەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکان لە بەرامبەر هەڕەشەکانی CBRN."

**بەشداربووانی 'قەڵغانی پاراستن' لە دەستپێکی مەشقەکەدا لە سعودیە کۆدەبنەوە.**






سەربازانی سعودیە و ئەمریکا بنکەیەکی دوای فەرمان لە 'قەڵغانی پاراستن' بەڕێوەدەبەن.

هەروەها مەشقەکە هەڵسەنگاندنی بۆ کاریگەریی چۆنیەتی هاوبەشپێکردنی زانیاری و ڕاپۆرتەکانی هێز و دەزگاکانی سعودیە و ئەمریکا و پەرەپێدانی ڕێککەوتننامەی هاوبەشی وەڵامدانەوەی مەیدانی کرد.

لوتکەی مەشقەکە ئەو ساتەبوو کە سیستەمێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان (UAS) بۆ نمایشکردنی هێرشێکی جەنگیی کیمیایی بە مەبەستی کوشتنی بەکۆمەڵ، سنووری سعودیەی بەزاند. هێزە دۆستانەکان، کە پەیوەستکرابوون بە ناوەندێکی فەرماندەیی کە سەربازانی سعودی و ئەمریکا بەڕێوەیان دەبرد، هەڕەشەکەیان دەستنیشان کرد و ئۆپەراسیۆنەکانیان بۆ لەناوبردنی ئاڕاستەکرد. هێزە زەمینیەکان و دەزگا مەدەنییەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی هەوا، خاک، گوێزەرەوەکان و کارمەندان بەدوورن لە ماددە کیمیاییە ژەهراویەکان دەستیان بە ڕێکارەکانی پاککردنەوە کرد.

مەشقە هاوبەشەکان لە ڕاهێنانی هێزەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ، کە چەکی کیمیایی، بایۆلۆژی، تیشکدەر و ئەتۆمی لەخۆدەگرێت، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن، عەمید ڕوکن سامی ڕایگەیاند.

هێزە سەربازییەکان و دەزگاکانی حکومەت بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیی و هەماهەنگی و وەڵامدانەوە بۆ ڕێگریکردن، ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ پێکەوە کاردەکەن.

"مەشقی لەم جۆرە کارایی و ئامادەیی بنیات دەنێن و تەکنەلۆژیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ بەکاردەبەن کە پێویستیی بە گوێزەرەوەی تایبەتمەند هەیە تا بتوانێت ماددە کیمیاییەکان دەستنیشان بکات، ناوچە زیانلێکەوتووەکان پاک بکاتەوە و بە سەلامەتی مامەڵە لەگەڵ ماددە مەترسیدارەکان بکات." فەریق ڕوکن سامی ڕایگەیاند.

"مەشقە هاوبەشەکان ئەزموونی کرداری لە بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆژیای دەستنیشانکردن و ئامێری پاراستن پێشکەش دەکەن، کاتەکانی وەڵامدانەوە و هەڵەکان لە کاتی قەیرانە ڕاستەقینەکاندا کەم دەکەنەوە. مەشقە هاوبەشەکان متمانە و هاوبەشپێکردنی زانیاری بەرز دەکەنەوە، کە زۆر گرنگن بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی چەکی کۆکوژ."

عەمید ڕوکن شارکی دووپاتیکردەوە کە 'قەڵغانی پاراستن' بوار بە وڵاتانی ناوچەکە دەدات بەکۆمەڵ بە ناوی ئاسایش و سەقامگیرییەوە ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکانی چەکی کۆمەڵکوژ (WMD) ببنەوە.

"ئەندامانی خزمەتگوزاری ئەمریکا دڵخۆشن و شانازمەندن بە کارکردن لەگەڵ هاوتا سعودییەکانیان،" ناوبراو ڕایگەیاند. "ئەم مەشقە ئامرازێکی گرنگی پەرەپێدانی پیشەییە بۆ تاقیکردنەوە و چەسپاندنی چەمک، ڕێکار و تەکتیکەکانی بەرگری CBRN. بە شێوەیەکی بەرفراوانتر، بوار بە سەربازەکان دەدات تواناکان گەشە پێبدەن و خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی خێرای دۆخە قەیراناوییە سەختەکان ئامادە بکەن". ✦




# ئەنجامدانی مەشق بۆ ئامانج

## ئەردەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوچەییەکان، سەرنج دەخاتەسەر ئامادەکردنی هێزەکانی

دەستەی یونیپاس





عەمید ڕوکنی ئەردەنی حەسەن ئەلخالیدی، بەڕێوەبەری ڕاهێنانانی ئەوکات، لە مەراسیمی کردنەوەی مەشقی 'شێری تامەزرۆ'ی 24 قسە دەکات. پسپۆڕ تایلەر بێکەر/سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**لە میانی مەشقی 'شێری تامەزرۆ'ـی 24 کە لە ئەردەن بەڕێوەچوو، یونیپاس لەگەڵ عەمید ڕوکن حەسەن ئەلخالیدی لە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، فەرماندەیی گشتی سوپای عەرەب چاوپێکەوتنی کرد. ئەو باسی لەو ئالنگارییە هاوچەرخانە کرد کە لە داڕشتنی مەنهەجێکی مەشقی کاریگەر بۆ سەربازانی ژێر فەرماندەیی خۆی ڕووبەڕووی دەبنەوە.**

**یونیپاس:** ئایا تا چ ڕادەیەک مەشقە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکانی وەکو 'شێری تامەزرۆ' بۆ هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب، گرنگن؟

**عەمید ڕوکن حەسەن:** لە مەشق و ستراتیژییە ئاسایشییەکانیدا، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە سەربازییەکانە لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە گەلانی دۆست و برا دەکاتە ئامانج. 'شێری تامەزرۆ' یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم هاوبەشییانە کە هەڵقوڵاوی و هەماهەنگی نێوان گەلانی بەشداربوو لە سەرانسەری هەموو بوارە سەربازییەکاندا بەهێز دەکات.

'شێری تامەزرۆ' بەرهەمی هەوڵە ستراتیژییەکانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەنە لەپێناو بەهێزکردن و برەودان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ گەلانی بەشداربوو لە سەرانسەری هەموو بوارە سەربازییەکان، بە دیاریکراوی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە مەشقکردنەوە، بەمەش هاوئاهەنگی لەگەڵ نەتەوە هاوپەیمانەکان بەرەوپێش دەبات و برەو بە هەماهەنگیی هاوبەش دەدات لە کاتێکدا هەماهەنگی نێوان هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، دەزگاکانی ئاسایش و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دەوڵەتی وەکو ناوەندی نیشتمانی بۆ ئاسایش و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان بەهێزدەکات. ئەمەش لە چوارچێوەی ژینگەیەکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا ڕوودەدات تا هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بتوانن ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەک ببنەوە.

لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانەوە، ئێمە دەتوانین سەرکەوتنە خوازراوەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیە ئاسایشییە جیهانی و ناوچەییانەی کە دەورەمان دەدەن بەدەست بهێنین، کە پێویستی بە هەوڵێکی یەکگرتووی نێودەوڵەتی هەیە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ هەمووان.

**یونیپاس:** چۆن سوپای ئەردەن مەشقەکانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی وەک درۆنەکان و هێرشی ئەلیکترۆنی گونجاندووە؟

**عەمید ڕوکن حەسەن:** گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا سەربازییەکان، لەگەڵ هەمەچەشنیی بەکارهێنانەکانیان، ئالنگارییەکەی بەرچاو بۆ

**سەرەوەی لای ڕاست: تیمێکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری دەریایی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەردەن لە میانی مەشقێکی نزیک لە عەقەبە هەڵیانکوتایە سەر بینایەک.** عەریفی دەستە کریستۆفەر ستۆڵزە/هێزی ئاسمانی ئەمریکا

**سەربازانی ئەردەن لە مانۆڕە سەربازییە فرەنەتەوەییەکانی وەک 'شێری تامەزرۆ' سوودمەند دەبن.** هێزە چەکدارەکانی ئەردەن



**سەربازانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەردەن  لە ناوەندی ڕاهێنانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی شا عەبدوڵڵای دووەم خۆیان بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنانی تەقەکردن ئامادە دەکەن.**

عەریف گشتی جێرێد جێیمان/ سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

پلاندانەران و داڕێژەرانی بەرنامەکان دروست دەکات، کە پێویستی بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانی مەشق و گرنگیدان بە جێگیرکردنی تەکنەلۆژیای دروست هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیان.

هەروەها هێزە چەکدارەکان سیاسەتێکی مەشقی جێگر پەیڕەو دەکەن کە توانای بەرەنگاربوونەوەی هەموو گۆڕاوەکان و بنیاتنانی هێزێکی سەربازی زۆر کارا، پتەو و جوڵاوی هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر مامەڵە لەگەڵ ئاڵنگاری و گۆڕانکارییە خێراکاندا بکات.

جیهان گەشەسەندن و بەرەوپێچوونی ڕۆڵی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بێ تەلی (UAVs) بەخۆیەوە بینیووە، کە بوونەتە ئامرازێکی جەنگیی هاوچەرخ و بژاردەیەکی ستراتیژی کاریگەر لە زۆر دۆخدا و لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە جیاوازەکان، کە لە کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری، چاودێریکردن و سیخوڕییەوە دەستپێدەکات هەتا دەگاتە بۆ هێرشی ئاسمانی ئاڕاستەکراو. هەروەها هێرشە ئەلیکترۆنییەکان هەڕەشەیەکی ڕوون و بەسیستەمکراو پێکدەهێنن. هەروەها بە بەڕێوەبردن، لەکارخستنی یان لەناوبردنی سیستەمی کارپێکردنی دامەزراوە گرنگەکانی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئامانجی دیاریکراو، هێرشە ئەلیکترۆنیەکان یەکێکن لە تەکتیکە هەرە گرنگەکانی جەنگی هاوچەرخ.

بە پشتبەستن بەم هەموو ڕاستیانە، 'شێری تامەزرۆ'ی 24 بۆ بەدیهێنانی بە کۆمەڵێک ئامانجی ستراتیژی، ئۆپەراسیۆنی و تەکتیکی، کە زیادکردنی توانا لە ئۆپەراسیۆنەکانی زانیاری و ژیریی دەستکرد، ئاسایشی ئەلیکترۆنی و بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی ئاسمانی بێ کارمەند لەخۆگرتبوو ڕێکخرا.

**یونیپاس:** ئایا سوپای ئەردەن لە پلانی مەشقەکانیدا گرنگی بە چ پابەندییەکی کرداری دەدات؟

**عەمید ڕوکن حەسەن:** هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە سەرانسەری هەموو پلەکانیدا لە بوارەکانی تەکتیک، لێهاتوویی تەکنیکی و لۆژیستیدا پەیڕەوی سیاسەتێک دەکات کە خزمەت بە بەرەوپێشبردنی ئاستی مەشقکردن دەکات. سیاسەتێکی لەم جۆرە خزمەت بە چەمکی سەربازیی پتەوی ئەردەن دەکات کە لەسەر توانای بەرەنگاربوونەوەی گۆڕاوەکان و بنیاتنانی هێزی سەربازی تەواو کارامە و جوڵاو کە توانای خۆگونجاندیان لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان، بەرەنگاربوونەوەی ئاڵنگارییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاڵنگاری و گۆڕاوە سەرهەڵداوە ناوخۆیی و دەرەکییانەدا هەبێت بنیاتنراوە. جگە لەوەش، سیاسەتەکە هەوڵیدەدات سەربازەکان بۆ گۆڕانی بەردەوامی ڕووداوەکان، گۆڕانی شێوازی جەنگەکان و هەمەچەشنی هەڕەشەکان

ئاماده بکات، بۆ ئەوەی یەکەکان و پێکهاتەکانی سوپای ئەردەن بگەیەنێتە بەرزترین ئاستی ئامادەیی شەڕ بۆ ئەنجامدانی ئەو فەرمان و ئەرکانەی پێیان ڕاسپێردراوە.

ڕاهێنانەکان پەیوەندییەکی نزیکیان بە ئاڕاستەی سیاسی دەوڵەتەوە هەیە، کە چەمکی سەربازی دیاری دەکات. مەشقکردن شێوازەکانی خۆی لەو چەمکەوە وەردەگرێت کە سروشتی هەر جەنگێکی ئەگەری، ئامانجەکانی و چۆنیەتی ئامادەکردنی دەوڵەت و هێزە چەکدارەکان بۆ بەشداریکردن لە جەنگێکی لەو شێوەیە بە باشترین شێوە بە بەکارهێنانی نوێترین ئامراز و شێوازە بەردەستەکان دیاری دەکات.

سەرکردایەتی لە هەموو ئاستەکاندا بەرپرسیارێتی ڕاهێنان لە ئەستۆ دەگرێت. دەبێت پراکتیکی و یەکگرتوو بێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا، پەرەسەندنی چەمکەکانی شەڕکردن و ئەو ئاڵنگاری و هەڕەشە ئەگەریانەی کە لە گۆڕانکارییەکانی ژینگەی ستراتیژییەوە سەرهەڵدەدەن. ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە یارمەتیدەرن لە دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی ئۆپەراسیۆن و هەواڵگری لە سەر ئاستی ئۆپەراسیۆن و تەکتیکدا، وە لە هەمان کاتدا لەگەڵ توانا بەردەستەکان بەراوردیان دەکات. هەموو ئەمانە پێویستی بە گەشەپێدانی پلانی ڕاهێنان و مەشقی ڕێکخراو هەیە کە ئامادەیی شەڕی هێزە چەکدارەکان بەرز دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا بەردەوامی گەشەپێدان و هەوڵی بە ئابووریکردن لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی سەرچاوە و تەکنەلۆژیای بەردەست، ڕێکخستنی کات بە باشترین شێوە و پابەندبوون بە پلانی مەشقکردن لەبەرچاوبگرێت.

بۆیە مەنهەجی ڕاهێنانەکە گرنگی دەدات بە چەندین تەوەری جیاواز، بە دیاریکراوی هەڕەشەی نەریتیی درێژخایەنی ئەگەری، وە هەروەها هەڕەشە نانەریتییەکانی وەکو قاچاخچێتی و ئاسایشی سنوورەکان، لایەنە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، هێرشی ئەلیکترۆنی و جەنگی زانیاری.

**یونیپاس:** تا چ ڕادەیەک تەکنەلۆژیا و ئامێرە پێشکەوتووەکان بۆ هێزە چەکدارەکانی ئەردەن، سوپای عەرەب، گرنگن؟

**عەمید ڕوکن حەسەن:** تەکنەلۆژیا و ئامێرە پێشکەوتووەکان لە ستراتیژی بەرگریی نیشتمانی و ئاسایشی هەر نەتەوەیەکدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن. بەدرێژایی چەند دەیەی ڕابردوو، جیهان گۆڕانکارییەکی گەورەی لە بوارەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندیدار بە سەربازییەوە بەخۆیەوە بینیوە کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سروشتی جەنگ و ململانێی چەکداری هەبووە. تەکنەلۆژیا بە کاریگەریی زیاتر توانای هێزە چەکدارەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئاسایشییە نوێ و گۆڕاوەکان بەرزکردووەتەوە. ئەمە زۆر بە ڕوونی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای چەکی زیرەک، موشەکی ئامانج دروست، سیستەمی بەرگری ئاسمانی و مووشەکی، درۆن، ئاسایشی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژیای تردا دیارە.

بە هەمان شێوە ئەم بەردەوامی باشتربوونەی تەکنەلۆژیا سەربازییەکان توانای کێبڕکێی دەوڵەتەکەی لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا باشتر کردووە. زۆرجار دەوڵەت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و پاراستنی سنوورەکانی پشت بە هێزی سەربازی و توانای سەربازیی خۆی دەبەستێت. پاشان، وڵاتان بە ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیا سەربازییەکاندا پێگە و کاریگەری خۆیان بەرز دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا تێچووەکان کەم دەکەنەوە و کارایی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سەربازییەکان زیاد دەکەن. بۆیە هەتا هێزە چەکدارەکان تەکنەلۆژیای پێشکەوتووتریان هەبێت، ئەوا بە شێوەیەکی کاراتر و ئابووریانەتر دەتوانن ئامانجەکانیان بەدەستبهێنن، ئاخۆ لە مەشقکردن، چاککردنەوە یاخود شەڕی ڕاستەقینەدا بێت.

پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی جۆراوجۆری سەربازیان ئاڵنگارییەکی گەورە بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە پلان و بەرنامەی مەشقەکان دادەڕێژن. ئاڵنگارییەکی لەو شێوەیە پێویستی بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانی مەشق و گرنگیدان بە جێگیرکردنی تەکنەلۆژیا گونجاو هەیە بە شێوەیەک کە هەوڵەکان کەم بکاتەوە، مەشقەکان بەرەوپێش ببات و هاوئاهەنگی و هەماهەنگی لە نێوان لقە جیاوازەکانی سەربازیدا زیاد بکات. بەم شێوەیە هێزە چەکدارەکان بەشێک لە توانای شەڕکردن، ئامێر و تەکنەلۆژیاکانیان ڕێکخستووەتەوە وهاوچەرخ کردووە، وە تەکنەلۆژیای چەکی پێشکەوتووی نوێی سەر ئاستی جیهانیان جێگیرکردووە تا لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بەرەوپێش بچن و چارەسەری هەڕەشەکان بکەن.



**هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەردەن لە 'شێری تامەزرۆ'ی 24 مەشق دەکەن.**

عەریفی دەستە براندۆن وایت/ سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

هێزە چەکدارەکانی ئەردەن ڕۆڵێکی بەرچاویان لە توێژینەوە و پەرەپێداندا هەیە، ئەمەش وەک دروستکردنی نووسینگەی دیزاین و گەشەپێدانی ئەردەن (JODDB) وەک بەڵگەیەک، کە دەزگایەکی حکومییە و لە ژێر چەتری هێزە چەکدارەکاندا کار بۆ دیزاینکردن، گەشەپێدان و دروستکردنی نموونەی سەرەتایی ئامێری مەدەنی و سەربازی دەکات. دروستکردنی JODDB خاڵێکی وەچەرخان بوو بۆ پێکهاتە و بەدامەزراوەییکردنی تواناکانی بەرهەمهێنانی ئەردەن و لە پێشانگە سەربازییەکانی وەکو پێشانگە و کۆنفرانسی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەردەن (SOFEX) و پێشانگا و کۆنفرانسی بەرگری نێودەوڵەتیی ئیمارات (IDEX) نموونەیەکی درەوشاوە بووە بۆ وڵاتەکە. تەکنەلۆژیاکانی پیشەسازی سەربازیی ئەردەن تیشک دەخەنە سەر نایابیی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ✦

# هێزەکانی تاجاکستان لەگەڵ هاوبەشانی ئەمریکا مەشق دەکەن




هێزەکانی تاجاکستان و ئەمریکا بەبۆنەی تەواوکردنی مەشقی تەکتیکی پیادە لە ساڵی 2024، ئاهەنگ دەگێڕن.

# چالاکییەکان ئەندازیاری، شەڕی شاخ، تەکتیکی پیادە و پەیوەندییەکانی مەیدانی جەنگی لەخۆگرتبوو

وتار و وێنەکان لەلایەن پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا

لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2024 ـدا، هێزە چەکدارەکانی تاجاکستان پەیوەندیی 21 ساڵەی خۆیان لەگەڵ هاوبەشە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی زنجیرەیەک چالاکی مەشق و ڕاهێنانەوە کە ئەندازیاری، جەنگی شاخ، تەکتیکی پیادە و پەیوەندییەکانی مەیدانی جەنگی لەخۆگرتبوو، دەوڵەمەندتر کرد.

لە سەرەتای ساڵی 2024، فڕۆکەوانانی پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا بۆ ئەنجامدانی مەشقێک لەگەڵ ئەندازیارانی جەنگیی تاجاکستان و سەربازانی خاوەن ئەزموون لە لەناوبردنی کەرەستەی تەقەمەنی و پاراستنی سنوورەکان گەیشتنە تاجاکستان.

هاوبەشەکان مەشقەکانیان لەسەر چاککردنەوەی چاڵە دروستبووەکانی فڕۆکەخانەکان بەهۆی بۆمبەوە کە دەکرێت ڕێگری لە نیشتنەوەی فڕۆکەکان بکات چڕکردەوە. هەروەها مەشقیان لەسەر دانانی ناوچەی بەرگری کرد لە دۆخێکدا بنکەیەکی ئاسمانی بکەوێتە ژێر هێرشی سەربازیی هێزی زەمینییەوە.

"ئەزموونەکە بواری پێمان بەخشی لە یەکتر فێربین و بمانکات بە ئەندازیاری باشتر لە داهاتوودا،" کاپتنی تاجیکی ئەمیرجۆن هۆجیڤ ڕایگەیاند.

لە مانگی ئازاری 2024، سەربازانی پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا کارامەیی پیادەییان لەگەڵ سەربازانی کەرتی ئاشتیپارێزی وەزارەتی بەرگریی تاجاکستان هاوبەشپێکرد.

هاوبەشەکان بابەتەکانی وەکو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ناوچە شارییەکان و ئاماژەکانی دەستی و چەکییەکان لە بەرەکانی شەڕدا تاوتوێ کردووە، ڕائید لە سوپای ئەمریکا ئیسحاق ڕیڤێرا ڕایگەیاند.

"ئاڵوگۆڕەکە بە مەشقێکی مەیدانی، کە سەربازەکان هەموو لێهاتووییەکانیان لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا لەناوچەیەکی شارنشیندا تاقیکردەوە، گەیشتە لوتکە،" ڕائید ڕیڤێرا ڕایگەیاند. "سەربازانی پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا لەگەڵ هاوبەشە




**عەمید ڕۆکن تۆد هابارد، بەڕێوەبەری دەستەی ئەرکانی هاوبەشی پاسەوانی نیشتمانی ڤێرجینیا، لەگەڵ عەمید ڕۆکنی تاجیکی ئیسمۆن شوکیرزۆدا، فەرماندەی هێزە گەڕۆکەکانی وڵاتەکە کۆدەبێتەوە.**

تاجیکییەکانیاندا بیرۆکە، باشترین کردارەکان و وانە فێربووەکانیان بەیەکەوە تاوتوێکرد."

مانگێک دواتر، سەربازانی پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا لەگەڵ سوپای تاجاکستان لە شاری ڕۆمیت کە کەوتووەتە ناوچەیەکی ڕۆژئاوای دوشانبێی پایتەخت، مەشقیی جەنگی شاخیان ئەنجامدا.

لە میانی مەشقەکاندا، سەربازانی ئەمریکا لەگەڵ هاوبەشە تاجیکییەکان لە کەرتی ئاشتیپارێزی وەزارەتی بەرگری و پاسەوانی نیشتمانیی تاجاکستان ئۆپەراسیۆنی جەنگی شاخیان ئەنجامدا. تیمەکە ڕاهێنانیان لەسەر گرێ بەستن و دابەزینە خوارەوە لە لوتکەیەکی 100 مەتری و دروستکردنی پردی گوریس ئەنجامدا.

لە دەوروبەری هەمان کاتدا، بەشداربووانی تاجیکی لە پێنج پێکهاتەی جیاوازی ئاسایش و سەربازی، لەوانە وەزارەتی بەرگری، پاسەوانی سنوور، پاسەوانی نیشتمانی، وەزارەتی ناوخۆ و لیژنەی بارودۆخی نائاسایی، لەگەڵ سەربازانی بەشی ئاماژە و ئەلیکترۆنیی ئەمریکادا مەشقیانکرد.

بەشێکی سەرەکی مەشقەکە بریتی بوو لە پێویستی پەیوەندی ڕادیۆیی سەلامەت، پارێزراو و متمانەپێکراو لە نێوان ئەو سەربازانەی کە لە گۆڕەپانەکەدا ئەرکەکانیان ئەنجام دەدا.

هاوشێوەی فڕۆکەخانە، ئاڵوگۆڕی تەکتیکی پیادە و جەنگی شاخاوی، وە ڕاهێنانی پەیوەندییەکان پشتیوانیان لە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەتی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا کرد. ڤێرجینیا و تاجاکستان لە ساڵی 2003ـوە هاوبەشن و بەیەکەوە زیاتر لە 200 چالاکییان ئەنجامداوە.

سەرکردەکانی تاجاکستان و ئەمریکا لە مانگی ئایاری 2024 بە ئاڵوگۆڕی بۆچوونی سەرکردە سەرەکییەکان لە دوشانبێ، کۆتاییان بەم چالاکییانە هێنا. عەمید ڕۆکن تۆد هابارد لە پاسەوانی نیشتمانیی ڤێرجینیا لەگەڵ عەمید ڕۆکنی تاجیکی ئیسمۆن شوکیرزۆدا، فەرماندەی هێزە گەڕۆکەکانی وڵاتەکە کۆبووەوە.

فەریق ڕەجەبالی ڕەحمۆنالی، فەرماندەی دەزگاکانی پاسەوانی سنووری تاجاکستان، بۆ ڕێزلێنان لە هاوبەشە ئەمریکییەکان بە سەردانێک گەیشتە ڤێرجینیا.

"من لەو هاوڕێیەتیانەی لەگەڵ هاوبەشە تاجیکییەکانمان دروستم کردووە چێژ دەبینم،" عەمید ڕۆکن هابارد ڕایگەیاند. "ئەوان شانازی بە وڵاتی سەربەخۆی خۆیانەوە دەکەن و دەیانەوێت ئاسایش بۆ هاووڵاتییان باشتر بکەن."

لە ساتی دەستپێکردنیەوە لە ساڵی 1993، بەرنامەی هاوبەشی پاسەوانی نیشتمانیی ویلایەتیی ئەمریکا گەشەی کردووە بۆ لەخۆگرتنی 92 هاوبەشی لەگەڵ 106 وڵاتدا. ✦

# یەکەم لە گەیشتن، کۆتا لە جێهێشتن

## سوپای ئەردەن بۆ دڵنیابوونەوە لە جوڵەی خێرای ئامێرەکان بۆ ئەرکەکان، گرنگی بە لۆژیستی دەدات

دەستەی یونیپاس

**سوپاکان** پشت بە پشتیوانیی لۆژیستی دەبەستن چونکە ئەمە ئەو خوێنبەرەیە کە ژیان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەدات. لە هەر ئۆپەراسیۆنێکدا، ئەم هێزانە دەیانەوێت یەکەم هێز بن لە گەیشتن و دوا هێزبن لە جێهێشتن. سەرکەوتنی هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بەندە لەسەر تۆکمەیی و بەردەوامیی تۆڕی پشتیوانی لۆژیستی. ئەم تۆڕە لە شوێنەکانی نزیک بە مەیدانی ئۆپەراسیۆنەکان، هەروەها شوێنە جێگرەوەکان، لە کەمترین ماوەدا پێداویستیە سەرەکییەکانیان بۆ هێزەکان دابین دەکات. لەبەر ئەم هۆکارەیە سوپاکان بەردەوام بۆ تاقیکردنەوەی توانا لۆژیستییەکان مەشق ئەنجام دەدەن. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئەم بابەتە، یونیپاس لەگەڵ عەمید ڕوکن محەمەد ئەلسەمەدی، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی بەڕێوەبەرایەتی دابینکردنی لۆژیستیی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن کۆبووەوە.

**یونیپاس: چۆن پێناسەی ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتی دابینکردنی لۆژیستی دەکەیت؟**

**عەمید ڕوکن ئەلسەمەدی:** بەڕێوەبەرایەتییەکە کۆمەڵێک ئەرکی سەرەکی بۆ خزمەتکردنی پێکهاتەکان و یەکەکانی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن ئەنجام دەدات. ئەم ئەرکانە بەڕێوەبردنی سیستەمی لۆژیستی بە گشتی بۆ خزمەتکردنی پێکهاتە و یەکە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت. ئەگەر بچینە ناو وردەکارییە تەکنیکییەکانەوە، ئەوا دابینکردنی پێداویستییەکانی هێزە چەکدارەکان دەگرێتەوە لەڕووی کەرەستەی جۆراوجۆری پێویست، وەکو جلوبەرگ، ئامراز و ئامێر، ئەمە جگە لە دروستکردنی کەلوپەل بۆ هێزە چەکدارەکان. هەروەها ئەرکەکان بەڕێوەبردنی داهێنانانەی ستراتیژی بۆ مسۆگەرکردنی بەردەستبوونی بەرفراوانی کەرەستە و ئامێری بەکارهێنراو لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە لەڕێگەی فەرماندەیی کۆگا سەربازییەکان، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دابینکردنی لۆژیستییە لەخۆدەگرێت. ئەرکێکی دیکە بریتییە لە دروستکردنی ئەو جلوبەرگانەی کە هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بەکاریدەهێنن، ئەمەش لە ڕێگەی فەرماندەیی جلوبەرگ و ئەرکەکانی هێزە چەکدارەکانەوە. ئەم یەکەیە یەکەیەکی بەرهەمهێنانی یەکخراوی بۆ دروستکردنی جلوبەرگ بۆ ئەندامانی هێزە چەکدارەکان و هەموو پلەکانی هێزە چەکدارەکان هەیە. جگە لەوەش، بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەرایەتییەکە ئەرکی ئامادەکردن و هەماهەنگیکردنی پلانە کارگێڕییەکانی بۆ پشتیوانیکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە چەکدارەکان پێسپێردراوە.

**یونیپاس: بۆچی سوپا هاوچەرخەکان تیشک دەخەنە سەرگەشەپێدانی سیستەمی پشتیوانی لۆژیستی خۆیان؟**



عەمید ڕوکن محەمەد ئەلسەمەدی

**عەمید ڕوکن ئەلسەمەدی:** بۆ ئەوەی هەر هێزێکی چەکدار ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی سەرکەوتوو ئەنجام بدات، بەبێ گوێدانە قەبارەکەی، دەبێت لەگەڵ پلانێکی لۆژیستی پتەو و سەرکەوتوو کە توانای پشتیوانیکردنی هەموو ئەرک و فەرمانەکانی ئۆپەراسیۆنی هەبێت، هاوکات و هاوتەریب بێت. لەم ڕوانگەیەوە، سوپا هاوچەرخەکان، بەبێ گوێدانە ئەرکەکانیان، هەوڵی بنیاتنان و پەرەپێدان سیستەمی لۆژیستیی کارا و متمانەپێکراو دەدەن کە لە توانایدابێت لە میانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا پشتیوانی یەکەکان و پێکهاتەکان بکات. هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لەسەر ئاستی ناوچەیی بە دابینکردنی هەموو ئەو ئامێر، پێداویستی و سیستەمی لۆژیستیی هاوچەرخ کە یەکەکان و پێکهاتەکان پێویستیان پێیەتی ڕۆڵێکی پێشەنگ دەگێرن. لەبەر ئەوەی ئەردەن لە ناوچەیەکی وەها ناجێگیردا هەڵکەوتووە، ئێمە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری و هەڕەشە دەبینەوە. هەر لەبەر ئەمەش دەبێت پلانی لۆژیستی بەردەوام نوێ بکرێتەوە تا لەگەڵ ئاڵەنگارییە نوێیەکان بەرەوپێش بچێت و لەگەڵ هەر هەڕەشەیەکی تایبەت بۆ سەر زنجیرەکانی دابینکردن مامەڵە بکات.

**یونیپاس: چۆن لە کاتی دیاریکراودا بەبێ تێکدانی ژیانی ڕۆژانە لە ئەردەن، هێزی سەربازی و کەرەستەکان دەجوڵێنن؟**

**عەمید ڕوکن ئەلسەمەدی:** هێزە چەکدارەکانی ئەردەن خاوەنی کاروانێکی یەکخراون کە بۆ کۆکردنەوەی ستراتیژی و گواستنەوەی چەک، ئامێر و هێزی مرۆیی لە هەر شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە مەیدانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەردەن بەکاریدەهێنن. ئەمەش هەڵگری تانک، و پاس بۆ گواستنەوەی کارمەندان و گوێزەرەوەکان بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی ئامێرەکانی تر لەخۆدەگرێت. ئۆپەراسیۆنەکانی گواستنەوە لە کاتی دیاریکراو و لەسەر ڕێگای دیاریکراو ئەنجام دەدرێن بۆ ئەوەی بەگشتی جوڵەی خەڵکی مەدەنی، باری مەدەنی و گواستنەوەی مەدەنی پەک نەخەن. لەبەر ئەم هۆکارە، ئێمە مەشی بەردەوام ئەنجام دەدەین، کە هەندێکیان ناوخۆیین بۆ هێزە چەکدارەکان و دامەزراوەکانی تری دەوڵەت، ئەوانی تر شانبەشانی هاوبەشە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانمان لە مەشقەکانی وەکو 'شێری تامەزرۆ'دا ئەنجام دەدرێن. لەم میانی ئەم مەشقانەدا، ئێمە تواناکانمان بۆ گواستنەوەی یەکەکان لە کاتێکی پێوانەییدا تاقی دەکەینەوە، وە بۆ ئەوەی باشترین و خێراترین ڕێگاکان دەستنیشان بکەین، بەردەوام پرۆسەکانمان نوێ دەکەینەوە.

**یونیپاس: سوپای ئەردەن چۆن پەرە بە بەڕێوەبەرایەتی دابینکردنی لۆژیستی پێشدەخات؟**

**عەمید ڕوکن ئەلسەمەدی:** هێزە چەکدارەکانی ئەردەن بە دابینکردنی ئەو کارمەندانەی کە توانای بەڕێوەبردنی سیستەمەکەیان هەیە، لەوانە ئەفسەر، ئەفسەری ناڕاسپێردراو و کارمەندی ئاسایی هەموو هەوڵێک دەدات بۆ پەرەپێدانی ئۆپەراسیۆنە لۆژیستییەکان بۆ هەموو هێزەکانی. ئەمە بە هەمان شێوە مەشق و پەرەپێدانی بەردەوام دەگرێتەوە بۆ ئاگاداربوون لەو سیستەمە هاوچەرخانەی کە پێشکەشی هێزە چەکدارەکان دەکرێت و لە ئۆپەراسیۆنە لۆژیستییەکاندا بەکاردەهێنرێن. هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ سوپای وڵاتانی دۆست لە بواری پەرەپێدانی لۆژیستیدا لەخۆدەگرێت. ئەمە هەمووی سەر بە بەشی سەرچاوە مرۆییەکانن. سەبارەت بە کەرەستە و ئەرکەکان، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان بە ڕێنمایی ڕاستەوخۆ و بەپەلە لە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هاوبەشەوە، بۆ هەنگاونان لەگەڵ پلانەکانی کارکردنی ئێستا و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بە دابینکردنی نوێترین تەکنەلۆژیا و میکانیزمەکان بۆ هێزە چەکدارەکان و بەڕێوەبەرایەتی دابینکردنی لۆژیستی و سەرجەم یەکەکانی کارپێکردن لە سیستەمی لۆژیستیدا گرنگییەکی بەرچاو بەم لایەنە دەدات.
به هەمان شێوە ئێمە سەرنج دەخەینە سەر چەمکی بنەڕەتیی "جێگرەوە ئەگەرییەکان،" چ لەناو خودی سیستەمەکە، لە نێوان یەکە جیاوازەکانی هێزە چەکدارەکان یاخود لەگەڵ سوپای وڵاتانی دۆستدا. ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەبێت یەکخستن، هێز و توانا بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی سیستەمی لۆژیستی بوونی هەبێت تا بە شێوەیەکی گونجاو و کاریگەر کاربکەن. ئێمە بە شێوەیەکی ڕێکخراو کار دەکەین، هەر یەکەیەکیش ڕۆڵی خۆی بە تەواوی بەجێدەهێنێت، وە هەر بەشێکیش بە تەواوی دەزانێت چ شتێک پێویستە. هەروەها یەکخستن لە نێوان پلان و ڕێکاری لۆژیستی لەگەڵ پلانە ئۆپەراسیۆنییەکانی ئێستا لە هێزە چەکدارەکاندا بوونی هەیە. ئێمە لە ماوەی مەشقە هاوبەشەکانی وەکو 'شێری تامەزرۆ'ـدا توانا لۆژیستییەکانمان تاقی دەکەینەوە. ئەمەش دەرفەتێک بۆ سوپای دۆستانەی بەشداربوو لە تاقیکردنەوەی تواناکانیان بۆ هەماهەنگی و ڕێکخستنی ئۆپەراسیۆنەکانیان دەڕەخسێنێت. ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر هەر ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی داهاتوو دەبێت.

**یونیپاس: چۆن مەشقی 'شێری تامەزرۆ' لۆژیستیک ئاوێتەی مەشقەکانی دەکات؟**

**عەمید ڕوکن ئەلسەمەدی:** بۆ ئەوەی هەر پلانێکی کارپێکردن سەرکەوتوو بێت و ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت، دەبێت لەگەڵ پلانێکی لۆژیستیدا هاوتەریب و گونجاو بێت. ڕۆڵی سیستەمی پشتیوانیی لۆژیستی لە 'شێری تامەزرۆ'ـدا لەسەر بنەمای ئەم چەمکە دامەزراوە. سیستەمی پشتیوانیی لۆژیستی زەمینی شانبەشانی هێزەکان لە هەموو چالاکییەکانی مەشقییەکان و لە هەموو بوارە جیاوازەکانی مەشقکردن و ئۆپەراسیۆنی گواستنەوەی ستراتیژی لە مەیدانی ئۆپەراسیۆنەکاندا بوونی هەبوو. ئەمەش خستنەخوارەوەی ئاسمانی بۆ گەیاندنی بار، گواستنەوەی ئامێرەکان بە بەکارهێنانی هێلیکۆپتەر یاخود فڕۆکەی باڵدار و هەروەها ئۆپەراسیۆنە نەریتییەکانی دابینکردنی میکانیکی لەخۆدەگرێت. بە هەمان شێوە بڵاوکردنەوەی یەکەکانی لۆژیستی بۆ پشتیوانیکردنی ئەو هێزانەی کە لەسەر زەوی کاردەکەن، جا چ هێزە چەکدارەکانی ئەردەن یاخود سوپای دۆست بێت، تێدا ئەنجامدرا.

**یونیپاس: لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی ئەردەن تەنها یەک بەندەری دەریایی هەیە، ئەو ئاڵنگارییانە چین کە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتییەکەتان دەبنەوە؟**

**عەمید ڕوکن ئەلسەمەدی:** ئەمە ئاڵنگارییەکە بەڵام سەرەکی نییە بۆ سیستەمی پشتیوانیی لۆژیستی چونکە ئێمە سنووری وشکانیمان لەگەڵ وڵاتانی دۆستدا هەیە و دەتوانین خاک، دەریا و فڕۆکەخانەکانیان بۆ بەردەوامیدان بە زنجیرەکانی دابینکردن بەکاربهێنین. هەروەها دەتوانین سوود لە گواستنەوەی ئاسمانی وەربگرین. جگە لەوەش، ئێمە ئامادەیی هەمیشەیی بۆ هەر کێشەیەک لە زنجیرەکانی دابینکردن دەکەینە ئامانج لەڕێگەی پاراستنی یەدەگی پێویست و گونجاو بۆ پشتیوانیکردنی هێزە چەکدارەکان لە هەر بارودۆخێکدا، جا چ ئۆپەراسیۆن بێت یاخود کارگێڕی، بۆ ماوەیەکی پێویست.

**یونیپاس: تا چەند ناوەندە لۆژیستییە تازە دامەزراوەکە لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی سەربازیی ئەردەن گرنگە؟**

**عەمید ڕوکن ئەلسەمەدی:** ئەمە ناوەندێکی پێشکەوتووی پشتیوانیی لۆژستیە کە دەکەوێتە ناوچەی ڕوەیشید. ماوەی سێ ساڵە کار لەسەر دامەزراندنی دەکرێت. ئەمە دەرئەنجامی هاوکارییەکی بەخشندە و دوو قۆناغیی یەکێتیی ئەوروپایە کە ئێمە سوپاسگوزارین بۆی. ناوەندەکە بریتییە لە زیادکردنێکی چۆنیەتیی بۆ سیستەمی لۆژیستی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی لۆژیستیی کۆگاکان لە ناوخۆی مەیدانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەردەن. هەموو ئەو کەرەستانەی کە سوپا پێویستی پێیەتی، لەوانە جلوبەرگ، کەلوپەل و تەقەمەنی، ئێستا لەوێ بەردەستن. قۆناغی سێیەم ناوەندێکی پێداویستیی پزیشکی لەخۆدەگرێت. ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەموو ئەو یەکانەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵات کاردەکەن بەبێ ئەوەی پێویست بکات بچنە ناوەندە لۆژیستییەکان لە عەممان و زەرقا، دەتوانن هەموو پێداویستیەکانیان لە هەمان ناوەندەوە وەربگرن. سەبارەت بە کۆمەڵگەی ناوخۆیی، یەکێتی ئەوروپا بە دامەزراندنی نۆرینگەیەکی بێبەرامبەر و بە هەمان شێوە نۆژەنکردنەوەی هەندێک خوێندنگە، لایەنێکی زۆر پشتیوانکەر بووە. لایەنی سێهەمی ناوەندی پشتیوانیی لۆژیستی بریتییە لە هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەزگا حکومی و ئاسایشییەکانی تر کە لە ناوچەکەدا کاردەکەن، لەوانەش ئیدارەی گومرگ، ئاسایشی گشتی و دەزگاکانی هەواڵگری. لەبەرئەوەی سەنتەرەکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر قەیرانێکی مرۆیی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، بەتایبەتی کە دەکەوێتە ناوچەیەکی سنووری کە گەواهیدەری لێشاوی پەنابەران بووە. لە ئێستادا پێویستی بۆ بوونی ئەم دەزگایانە لە ئارادایە و بە هەمان شێوە پێویستی بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە لە ناوچەکەدا کاردەکەن لە ئارادایە. لەبەر ئەمە، ناوەندەکە زیادکردنێکی چۆنایەتی و ستراتیژییە بۆ ئەو لۆژیستییانەی لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە لە ناوچەکە دابین دەکرێن. هیوادارین ناوەندێکی هاوشێوە لە ناوچەی باشوور دابمەزرێنرێت بۆ ئەوەی هەمان ڕۆڵی بگێڕێت.

**یونیپاس: چۆن لۆژیستی لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئاشتیپارێزیی ئەردەن لە دەرەوەی وڵات ڕۆڵی گێڕاوە؟**

**عەمید ڕوکن ئەلسەمەدی:** من بەرپرسی لۆژیستی بووم بۆ بەشداریکردنی هێزە چەکدارەکانی ئەردەن لە ئەرکی ئاشتیپارێزیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی کۆت دیڤوار، کە لە ساڵی 2017 کۆتایی هات. فەرماندەیی من یەکەمین بوو بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئامێرەکان بەر لە گەیشتنی کەرتەکانی ئاشتیپارێز بگەن، وە دوا هێزەکانیش دوای چوار مانگ لە کۆتایی هاتنی ئەرکەکە بە فەرمی هاتنە دەرەوە. پێویست بوو دڵنیابینەوە لەوەی کە ئامێرەکان لەناو کەشتیەکاندا بار کراون و دەگەڕێندرێنەوە بۆ ئەردەن. ✦

# سەربازێکی تایبەت بۆ فەرماندەیی هێزە تایبەتەکان

## لیوای یەمەنی ئیسماعیل حەسەن عەبدوڵلا زەحزووح ڕووبەڕووی ئامانجی توندڕەوە توندوتیژەکان دەبێتەوە لە پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگەی یەمەن

دەستەی یونیپاس



**تاقیکردنەوە گشتییەکان لە مەشقی سەربازیی 'شێری تامەزرۆ'ی 24 لە ئەردەن، ئامێرەکانی دژە دڕۆن تاقیدەکەنەوە.** هێزە چەکدارەکانی یەمەن

**بەهۆی** هەڕەشەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە کە هەوڵی بەدەستهێنانی پێگەی خۆیان دەدەن لە کەناراوەکانی دەریای سوور و زەریای هیندی، یەمەن بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی لایەنە خراپەکان کە مەبەستیان ناسەقامگیرکردنی وڵاتەکە بوو، هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی دروستکرد.

بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم یەکە سەربازییە تایبەتمەندانە، وڵاتەکە پێگەی یەکێک لە فەرماندە لێهاتووەکانی خۆی بەرزکردەوە. لیوا ئیسماعیل حەسەن عەبدوڵلا زەحزووح، کە وەک ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانیی یەمەن دەستی بە پیشەکەی کردووە، لە ماوەی شەڕی ناوخۆیی درێژخایەندا کە لەلایەن حوسییەکانی سەر بە ئێرانەوە هەڵگیرسێنرا ئەم ڕۆڵە گرنگەی بۆ پاراستنی وڵات گرتۆتە ئەستۆ.

"هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت توانیویانە مەودای هەڕەشە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە لە پێگەی یەمەن وەکو ناوەندێکی گواستنەوە و هەناردەکردن بۆ تیرۆریستان سەرچاوە دەگرن کەم بکەنەوە،" لیوا زەحزووح ڕایگەیاند. "قەبارەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە لەلایەن هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتەوە بە هاوکاری لەگەڵ هێزە هاوبەشەکانی یەمەن و برایانی هاوپەیمانی عەرەبیمان ئەنجامدراون، کە حەشارگەکانیان کردووەتە ئامانج و ژمارەیەک لە ئەندامانیان دەستگیرکردووە، بچووک کراوەتەوە."

بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، ئەرکەکان نەهێشتنی شانە تیرۆریستییەکان، دەستگیرکردنی سەرکردەکانیان و بەرەنگاربوونەوەی تاوانە چەکدارییەکان و قاچاخچێتی کە پشتیوانی، سەرچاوەی دارایی و ئامێر بۆ توندوتیژی توندڕەو دابین دەکەن لەخۆدەگرت.

"ڕۆڵی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت زۆر گرنگە، چونکە یارمەتیدەرن بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ گروپی تیرۆریستی حوسی لەڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە چەک و مادده هۆشبەرەکانەوە، دوو لە پشتیوانییە داراییە سەرەکییەکانیان،" لیوا زەحزووح ڕایگەیاند.

لیوا زەحزووح لە شاری حودەیدە لەدایکبووە و دەرچووی ئەکادیمیای هێزی ئاسمانی و بەرگریی یەمەنە و خوێندنی ناو پۆلی بە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و کارکردن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە پەیمانگای توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی عەرەبی لە میسر درێژەپێداوە. لە چوارچێوەی خوێندنەکەیدا وانەکانی نێوەندگیری نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان وەرگرتووە، وە بابەتگەلێکی پەیوەندیدار بە وڵاتێکەوە کە بەدەست شەڕی ناوخۆوە دەناڵێنێت.

لە هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی یەمەندا پێشکەوت، کە ساڵی 2011 وەکو سەرۆکی بەشی بەڕیوەبردن و پشکنین دەستی پێکرد. لە ساڵی 2013ـدا، وەکو سەرۆکی گشتیی ئۆپەراسیۆنەکانی لیوای یەکەمی پیادەی شاخاویی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت دەستنیشانکرا. سەرکەوتنی لەو ڕۆڵەدا بووە هۆی ئەوەی کە دوای چەند مانگێک پلەی بۆ فەرماندەیی بەشی هەواڵگری و ئاسایش بەرزبکرێتەوە.

لە ساڵی 2015ـدا پلەکەی بەربووەوە بۆ پلەی عەمید ڕوکن، کە هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی وەکو بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی هەرێمی 5ـەمی سەربازیی وڵاتەکە، و دوای ساڵێک سەرکەوت بۆ پلەی لیوا.

لە ساڵی 2018، فەرماندەیی گشتی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی گرتەدەست. دەستکەوتەکانی لەم پێگەیەدا پلەی ئەندامێتی لە لیژنەی باڵای سەربازی و ئاسایشی کۆماری یەمەن پێبەخشی.

پشتگوێخستنی سەرنجە پڕ لە نیگەرانییەکان سەختە کاتێک کە لیوا زەحزووح ئەوە دەهێنێتەوە یاد کە چۆن سەرکەوتنی یەمەن لە لەڕیشەکێشانی گروپە تیرۆریستییەکانی وەکو قاعیدە بەهۆی دەسەڵات گرتنەدەستی میلیشیای حوسییەکان لە سەنعا لە ساڵی 2014شکستی پێهات.

**هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی یەمەن لە 'شێری تامەزرۆ' بە چەکی قەناس مەشق دەکەن.**
پسپۆڕ ناتاجا فۆرد/ سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



"هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت زۆر پتەون، کوالیتییەک کە لە کاتی بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە گروپە تیرۆریستییەکان بە ئاشکرا دەردەکەوێت."

~ لیوا زەحزووح



سەربازانی یەمەن لە میانی مەراسیمی دەرچوون بۆ کەرتە نوێیەکان لە شاری مەریب نمایش دەکەن. AFP/گێتی ئیمەیجس





بەر لە ڕاپەڕینی حوسییەکان، زۆربەی سەرکردە تیرۆریستییەکان لە یەمەن لەناوبرابوون یاخود دەستبەسەر و زیندانی کرابوون. بە تەنها زیندانی ڕێکخراوی ئاسایشی سیاسی وڵاتەکە 450 ئەندامی قاعیدەی تێدابوو. هەموو ئەوانە لە کاتێکدا کۆتاییان هات کە حوسییەکان زۆربەی ئەو زیندانیانەیان ئازاد کرد بە ڕێنمایی کردنیان بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی دژ بە حکومەتی دەستووری یەمەن.

لە دەرەنجامی هێرشەکانی حوسییەکان و ژێردەستەکانیان، یەمەن کەوتووەتە ناو قەیرانێکی مرۆیی کە هاوشێوەی لە جیهاندا کەمە. ساڵی ڕابردوو پەرەسەندنی هێرشەکانی حوسییەکان بۆ سەر کەشتییە نێودەوڵەتییەکان لە دەریای سوور و نزیک دەریای سوور بۆ زیاتر جێبەجێکردنی کارنامەی خۆیان و ڕژێمی ئێران بەخۆیەوەبینی.

"حوسییەکان هەموو جۆرەکانی تیرۆریزمیان هێنایە کایەوە و هانیان دا، وە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بە سەختی بۆ بەرەوپێشبردنی تەکتیکەکانیان و فراوانکردنی دەستڕاگەیشتنیان بۆ لێکەتەی گەورەترین زیانیان گەیاندن کاریان کردووە، ئەمەش زیانێکی زیاتری بە ناوبانگی یەمەن گەیاندووە." لیوا زەحزووح ڕایگەیاند.

"هەرچەندە پێشتر هەندێک دەرکەوتەی سەرەتایی توندوتیژی و تیرۆریزم هەبوون، بەڵام بوونی هەندێک توخمی تیرۆریستی لەلایەن حوسییەکانەوە هاندران، وە بە هەمان شێوە گۆڕانی تاوانی چەکداری و کوشتن کە پێشتر بوونیان هەبوو بۆ ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی لەڕێگەی قۆستنەوەی ئایین و پەروەردەکردنی بیروباوەڕی نامۆ کە بە پاڵپشتیی دارایی دەرەکی پشتگیریان لێدەکرا."

ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی یەمەن بە وریاییەکی زۆرەوە سەربازان هەڵدەبژێرن. پێویستە ئەوان پیاوی هاوسەرنەدار بن، تەمەنیان لە 22 ساڵ زیاتر نەبێت، کەمئەندامیی جەستەیی و دەروونییان نەبێت و پێشینەی تاوانکارییان نەبێت. لە وڵاتێکدا کە بزووتنەوە سیاسییەکان بووەتە هۆی دابەشکردنی کۆمەڵگا، دەبێت ئەم سەربازانە دروشمی حزبی ڕەتبکەنەوە. جگە لە بەدەستهێنانی لێهاتوویی شەڕکردنی هاوبەش بۆ هەر سەربازێک، ئەندامانی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە بوارەکانی وەکو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ئۆپەراسیۆنەکانی پاککردنەوەی شارەکان ڕاهێنانی تایبەتمەند وەردەگرن.

بەهۆی ئەوەی حکومەتی دەستووریی یەمەن لەو کاتەی کە حوسییەکان ڕاپەڕینەکەیان دەستپێکرد بەشێکی زۆری ژێرخانی سەربازیی خۆی لەدەستدا، زۆرجار هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی یەمەن بۆ گواستنەوە، پەیوەندییە کۆدکراوەکان و پشتیوانیی ئاسمانی پشت بە هاوبەشی ناوخۆیی و هەماهەنگی لەگەڵ هێزی هاوبەش و هاوپەیمانی عەرەبی دەبەستن.

ئەو کارکردنی پێکەوەییە بواری ئەنجامدانی ئەرکی گرنگی بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی پەنابەران کە لە ناوچەی قۆچی ئەفریقاوە دێن، کارکردن لە پشت هێڵەکانی دوژمن و ئەنجامدانی هێرشی دوورخراوە بۆ سەر بەلەمی قاچاخچییەکان پێبەخشیوون.

لیوا زەحزووح خوازیارە بە هاوکاری زیاتری هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی فراوانتر بۆ یەکەکانی بەرجەستە بکات. پێویستییەکان بە تەنیا دارایی نین. ئەو پێویستیی بۆ پشتیوانیی لۆژیستی، بنکە و ئامێری نوێ و زیادکردنی مەشقەکان دەربڕی بۆ ئەوەی بوار بە پیاوەکانی بدات ئەرکی ئاڵۆزتر ئەنجام بدەن.

"هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت زۆر پتەون، کوالیتییەک کە لە کاتی بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە گروپە تیرۆریستییەکان بە ئاشکرا دەردەکەوێت،" ناوبراو ڕایگەیاند. "تیمەکان بە نۆرە لە نێوان پێگە جیاوازەکانی شەڕدا دەجوڵێن و بە خێرایی بۆ وەڵامدانەوەی ئاڵنگاری لەناکاو لە کەمترین کاتدا جێگیر دەکرێن."

**ڕاست: لیوا زەحزووح و موقەدەم ستیوارت پێبڵس لە گۆڤاری یونیپاس چیرۆکێکچیرۆکێک یان دەربارەی یەمەن دەخوێننەوە.**

هێزە چەکدارەکانی یەمەن



# کوەیت و ئەمریکا هاوبەشي بەرگری پتەودەکەن

دەستەی یونیپاس

لە 15ـەهەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی هاوبەشی سەربازی (JMC) کوەیت و ئەمریکا کە لە مانگی ئایاری 2024 لە کوێت بەڕێوەچوو، ئەمریکا بەڵێنی بەهێزکردنی هاوبەشیی ستراتیژی دوولایەنەی خۆیدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی ناوچەکە و جیهان دەبنەوە.

فەریق بەندەر سالم ئەلموزەین سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی کوەیت لە شاری کوەیت لەگەڵ دانیال شەپیرۆ یاریدەدەری جێگری وەزیری بەرگریی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرپەرشتی گفتوگۆکانی کرد.

بڕەودان بە یەکخستنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی و مووشەکی لەگەڵ سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لە سەرانسەری ناوچەکەدا لەنێو ئەو بابەتانەدا بوو کە لە دوو ڕۆژی گفتوگۆکاندا قسەیان لەبارەوە کرا.

کۆبوونەوەکە بە واژۆکردنی چەندین ڕێککەوتنی بەرگری و ئاسایشی لە نێوان هەردوو وڵات لە ڕێوڕەسمێکدا کۆتایی هات کە ئەفسەرانی باڵای سەربازی، شێخە ژن ئەلزەین ناسر ئەلسەباح باڵیۆزی کوەیت لە ئەمریکا و کارین هیدێکۆ ساساهارا باڵیۆزی ئەمریکا لە کوەیت تێیدا ئامادەبوون.

JMC، سەکۆی بەرگریی کوەیت و ئەمریکا بۆ بەرپرسانی باڵای بەرگری، خزمەت بە خستنە بەر باسی پرسە ستراتیژییەکان و پێشخستنی هاوبەشیی بەرگری دەکات.

کوەیت لە هەموو ئاستەکاندا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە کە بەرزکردنەوەی ئاسایش و سەقامگیری نەک تەنها لە کوەیت، بەڵکو لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا کردووەتە ئامانج. JMC تەنها یەکێکە لە لایەنەکانی پەیوەندییەکە. هەروەها دەوڵەتەکەی کەنداوی عەرەبی سەکۆی سەرەکی بۆ ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی بەرەنگاربوونەوە تیرۆر بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دابین دەکات و میوانداری بارەگای هاوبەشی هێزی ئەرکی یەکخراو، ئۆپەراسیۆنی چارەسەری بنەڕەتیی کردووە.

بە پابەندبوون بە ئاسایش و سەقامگیری کوەیت، ئەمریکا لە ڕێگەی بەرنامەی فرۆشتنی سەربازیی بیانییەوە پشتیوانیی تەکنیکیی سەربازی و بەرگری پێشکەش بە کوەیت دەکات. وە کارمەندانی ئەمریکی لە مەشق، ئامادەیی و بنیاتنانی تواندا هاوکاری سوپای کوەیت دەکەن.

لە نیسانی 2024 کوێت یادی بیستەمین ساڵیادی دەستنیشانکردنی لەلایەن ئەمریکاوە وەک هاوپەیمانێکی سەرەکی دەرەوەی ناتۆ کردەوە. بەگوێرەی یاسای ئەمریکا، ئەو پێگە سوودی ئابووری و ئاسایشی بۆ هاوبەشە بیانیەکان دابیندەکات.

**سەربازە موسڵمانەکانی سوپای ئەمریکا لە مانگی ڕەمەزاندا لە چادرێکی سەربازیدا لە کەمپی عارفجان لە باشووری شاری کوەیت نوێژ دەکەن.** AFP/گێتی ئیمەیجس

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی قەتەر، alkhaleejonline.net، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا

# بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە بەرنامەی کاری تورکمانستان و ئەمریکا

دەستەی یونیپاس

**لە** یادی دەیەمین ساڵیادی ڕاوێژکارییە دیپلۆماسییە فەرمییەکان سەبارەت بە پرسەکانی ئاسایشی ناوچەکە، تورکمانستان و ئەمریکا پابەندبوونی خۆیان بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی و کلتووری، برەودان بە مافەکانی مرۆڤ و فراوانکردنی بازرگانی و وەبەرهێنان دووپاتکردەوە.

گفتوگۆی دوولایەنەی ساڵانە، کە لە مانگی نیسانی 2024 لە ئەشقئابادی پایتەختی تورکمانستان بەڕێوەچوو، لەلایەن ڕەشید مێرێدۆڤ، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکمانستان، بەڕێوەبرا. جۆن مارک پۆمەرشایم، یاریدەدەری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری باشووری ئاسیا و ناوەڕاستی ئاسیا، نوێنەرایەتی ئەمریکای کرد.

مێریدۆڤ و پۆمێرشایم پرسە پەیوەندیدارەکان بە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئاسایشییە ناوچەیی و جیهانییەکانیان تاوتوێکرد، لەوانە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی کە تا ئێستاش وەک مەترسییەک بۆ سەر سەقامگیری لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا ماوەتەوە. هەروەها یاسا نوێیەکەی تورکمانستانیان بۆ کەمکردنەوەی دەرهاویشتەکانی میسان کە وەکو بەرهەمێکی لاوەکی پیشەسازیی غازی وڵاتەکە تاوتوێکرد.



**ڕەشید مێریدۆڤ لە وەزارەتی دەرەوەی تورکمانستان، لای ڕاست، میوانداری جۆن مارک پۆمەرشایم یاریدەدەری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری باشووری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست دەکات.**
وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکمانستان

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر گرنگیی سەکۆی دیپلۆماسی "1+C5"، کە پێنج دەوڵەتی ئاسیای ناوەڕاست و ئەمریکا کۆدەکاتەوە ئەمەش دوای سەرکەوتنی یەکەمین لوتکەی سەرۆکایەتیی "1+C5" کە لە مانگی ئەیلوولی 2023 ئەنجامدرا، هەردوو وڵات پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەم دەستپێشخەرییە ناوچەییە کە وەکو کۆڕبەندێک بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییە ئاسایشییە هاوبەشەکان کاردەکات، دووپاتکردەوە.

هەردوو وڵات نیازی خۆیان بۆ ئەنجامدانی خولی داهاتووی ڕاوێژکاریی دولایەنەی ساڵانە لە ساڵی 2025 لە واشنتۆن دی سی، دەربڕی.

سەرچاوەکان: Turkmenistan.gov، دەنگی ئەمریکا

# ئەردەن دژ بە کاریگەریی خراپی ناوچەیی دەجەنگێت

دەستەی یونیپاس

**دەسەڵاتدارانی** ئاسایشی ئەردەن لە مانگی حوزەیرانی 2024ـدا لە شوقەیەکدا کە یەک کیلۆمەتر لە فڕۆکەخانەی سەربازیی مارکا لە عەممان دوورە، کۆگایەکی تەقەمەنییان دۆزیەوە.

لێکۆڵینەوەکان لە دوای دوو ڕۆژ بوونە دەرەنجامی دۆزینەوەی تەقەمەنی زیاتر لە کۆگایەکی گەڕەکی ئەبو عەلەندا لە عەممان، کە چەند کیلۆمەترێک لە شوقەکە دوورە.

هەموو ئەم تەقەمەنیانە لەلایەن فەیلەقی ئەندازیارانی شاهانەوە بەشێوەیەکی سەلامەت تەقێندرانەوە، وە بەڵگەکان وایان لە لێکۆڵەران کرد بگەنە ئەو باوەڕەی کە دوو کۆگاکە سەر بە یەک گرووپی گومانلێکراوبن.

لەم دواییانەدا دەسەڵاتدارانی ئەردەن ڕێگرییان لە چەندین هەوڵی قاچاخچێتیی چەک کرد، کە دواییینیان لە مانگی ئازاری ساڵی 2024ـدا بوو، کاتێک هەوڵێکی قاچاخی ئەو چەکانەی کە لە میلیشیاکانی سوریاوە نێردرابوون بۆ شانەیەک لە ئەردەن شکستپێهێنا.

ئەردەن و ئەمریکا ساڵانێکە لە هەوڵەکانیان بۆ کەمکردنەوەی تیرۆریزم و قاچاخچێتی چەک لە ناوچەکە هەماهەنگی دەکەن. بەگوێرەی ئاماری خەرجییەکانی دەزگای گەشەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمریکا، ئەردەن سێهەم گەورەترین وەرگری هاوکارییە دەرەکییەکانی ئەمریکایە، کە زۆربەیان بۆ هاوکاریی سەربازی تەرخانکراون.

سەرچاوەکان: تەلەفیزیۆنی ئەلعەرەبیە، ئەشرەق ئەلئەوسەت، سی ئێن ئێن، Fox59.com



**هێزەکانی ئاسایشی ئەردەن لە مانگی حوزەیرانی 2024 لە ناوچەی سنووری ڕوەیشید سێ بازرگانی ماددەی هۆشبەریان دەستگیرکرد و دەستیان بەسەر ئەو ماددە هۆشبەر و چەکانەدا گرت کە لەگەڵ خۆیان هەڵیانگرتبوو.** ئاسایشی گشتی ئەردەن

# کۆماری قرغستان پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ویلایەتی مۆنتانا بنیات دەنێت

دەستەی یونیپاس

هاوبەشیی کۆماری قرغستان لەگەڵ هێزەکانی پاسەوانی نیشتمانیی ئەمریکای سەر بە ویلایەتی مۆنتانا بەردەوامە لە گەیاندنی سوود بەو وڵاتەی ئاسیای ناوەڕاست.

باکتیبێک ئامانبایێڤ، باڵیۆزی پایەدار و دەسەڵاتداری کۆماری قرغستان لە ئەمریکا و کەنەدا، بە ئامانجی سوودوەرگرتن لە شارەزایی ویلایەتەکە لە بوارە زانستیەکان و ئەندازیاری بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی لە مانگی ئایاری 2024ـدا سەردانی زانکۆی تەکنەلۆژیای مۆنتانای ئەمریکا کرد.

سەردانەکە بەرهەمی درێژخایەنی هاوبەشیی ڕاهێنانی و پەروەردەیی کۆماری قرغستان بوو لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانای ئەمریکا. وەکو بەشێک لە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەتی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، سەربازانی قرغستان و ئەمریکا لە پەیوەندییەکی سوودبەخشی دوولایەنەدا سەردانی وڵاتانی یەکتر دەکەن.

لە سەردانەکەیدا بۆ ویلایەتی مۆنتانا، باڵیۆز ئامانبایێڤ باسی لەوە کرد کە چۆن وڵاتەکەی لە کردنەوەی سەرچاوەکانی بەخشینی خۆی کە وزەی کارەبای هایدرۆئەلیکتریکی و کانزا ستراتیژییەکانی وەکو سیلیکۆن لەخۆدەگرێت بەردەوامە. بە یارمەتی پسپۆڕانی زانکۆکە، کۆماری قرغستان دەتوانێت بە دابینکردنی ڕاهێنانی تەکنەلۆژی، هەندێکیان بە شێوەی ئۆنلاین، بۆ هێزی کاری وڵاتەکە ئەو ئامانجە بەدی بهێنێت.

"پێموایە ڕێگەی جۆراوجۆر هەیە تا بتوانین پێکەوە کاربکەین،" باڵیۆز ئامانبایێڤ بە خانەخوێکانی مۆنتانای ڕاگەیاند.

ئەو پرۆژانەی کە ئاسایشی قرغستان بەرز دەکەنەوە، بەدیاریکراوی لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک و وزە، بۆ هەردوو کۆماری قرغستان و ئەمریکا سەرمایەیەکی ستراتیژین. ڕائید کریس کۆریی پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا ڕایگەیاند.

"ڕاستیەکە ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوێت بەردەوام بین لەسەر ئەو ڕێگایەی کە گرتوومانەتە بەر، ئێمە لە ڕوانگەی سەرچاوەکانەوە 5 بۆ 10 هێندەی ئێستامان پێویستە." ڕائید کۆری ڕایگەیاند.

باڵیۆز بەڵێنیدا کە داوای ڕەزامەندی لە وەزارەتی پەروەردە و زانستی قرغستان بکات بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنی هەماهەنگیی هاوبەش لە نێوان زانکۆی تەکنیکی قرغستان و زانکۆی تەکنەلۆژی مۆنتانای ئەمریکا.

کۆماری قرغستان لە ساڵی 1996 هاوبەشیی فەرمیی خۆی لەگەڵ پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا دەستپێکرد.

سەرچاوەکان: زانکۆی تەکنەلۆژیی مۆنتانا، پاسەوانی نیشتمانیی مۆنتانا



بیوت، مۆنتانا



محەمەد بن عەبدولڕەحمان بن جاسم ئالسانی، وەزیری دەرەوەی قەتەڕ، لای ڕاستە، جاسم محەمەد ئەلبەدیوی، سکرتێری گشتیی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC)، لە میانی کۆبوونەوەی GCC لە دۆحە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە. AFP/گێتی ئیمەیجس

# قەتەڕ لە جیهانی عەرەبیدا ڕۆڵی پێشەنگ وەردەگرێت

دەستەی یونیپاس

**قەتەڕ** پاڵەوانی چارەسەرە دیپلۆماسییەکان، لە ئاشتی نێودەوڵەتیدا بەشدارییەکی گرنگ دەکات، وە لە نێوەندگیری نێوان لایەنە ناکۆکەکانی ناوچەکە هەوڵی بەرچاو دەدات. ئاسانکاریکردن بۆ کۆبوونەوە سەرکەوتووەکانی دانوستان لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە قەتەڕ بەخشی.

لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، قەتەڕ لە مانگی حوزەیرانی 2024 بە سەرۆکایەتی شێخ محەمەد بن عەبدولڕەحمان بن جاسم ئال سانی، وەزیری دەرەوەی قەتەڕ میوانداری 160ـهەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC)ـی کرد لە دۆحە. وەزیرانی کاروباری دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی GCC بەشدارییان تێداکرد.

دوابەدوای ئەنجامدانی گفتوگۆی بەرفراوان لەسەر پرسە هەرە گرنگە ناوچەیی و جیهانییەکان، چەند پێشنیارێک لە کۆبوونەوەکەوە خرانەڕوو:

- ستایشکردنی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کە لەلایەن کۆمەڵەی جیهانی موسڵمانانەوە لە مانگی ئازاری 2024 لە شاری مەککەی سعودیە لەژێر دروشمی "بنیاتنانی پرد لە نێوان مەزهەبە ئیسلامییەکان" ڕێکخرابوو، بە ئامانجی لەیەکتر نزیککردنەوەی شوێنکەوتوانی مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلام.
- ڕاسپاردنی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (GCC) و ئەمریکا لەسەر ئاستی وەزیرەکان، کە لە مانگی نیسانی 2024 لە بارەگای سکرتاریەتی گشتیی GCC بەڕێوەچوو، وە هەروەها کۆبوونەوەی گروپەکانی ئەرکی بەرگریی GCC و ئەمریکا سەبارەت بە بەرگریی ئاسمانی و مووشەکیی یەکگرتوو و ئاسایشی دەریایی، لە ڕیاز، سعودیە، لە مانگی ئایاری 2024.
- ئیدانەکردنی بەردەوامی داگیرکاریی ئێران لەسەر سێ دوورگەی ئیماڕات: تونبی گەورە، تونبی بچووک و ئەبو موسا، وە داواکاری بۆ بڕیاری فەرمی لە ڕێگەی دانوستانی ڕاستەوخۆ یاخود دادگای نێودەوڵەتی.
- دووپاتکردنەوەی هەڵوێستی نەگۆڕی GCC دژ بە هەموو جۆرەکانی تیرۆیزم و توندڕەوی، بەڵێندان لە کارکردنی بەردەوام لەپێناو لەناوبردنی سەرچاوەکانی بودجەی تیرۆرستان و بەشداریکردن لە هەوڵە جیهانییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان گەلان و خەڵکی ئەو بنەما گرنگانەنن کە GCCـی لەسەر دامەزراوە.
- ستایشکردنی دووەمین کۆبوونەوەی وەزاریی گفتوگۆی ستراتیژی نێوان GCC و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست کە لە مانگی نیسانی 2024 لە تاشکێنتی ئۆزبەکستان بەڕێوەچوو.
- جەختکردنەوە لەسەر دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی سەکۆی ئاستی باڵا لەسەر ئاسایش و هەماهەنگیی ناوچەیی لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و GCC کە لە مانگی نیسانی 2024 لە لۆکسمبۆرگ بەڕێوەچوو.

سەرچاوەکان: ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا

# تاجاکستان و ئەمریکا هەماهەنگیی ئاسایشی ناوچەیی پتەودەکەن

دەستەی یونیپاس



**وەزارەتی دەرەوەی تاجاکستان لە مانگی ئایاری 2024 میوانداریی دیپلۆماتکارانی ئەمریکای کرد.** وەزیری بەرگریی تاجاکستان

سیراجەدین موهرەدین وەزیری دەرەوەی تاجاکستان باسی لە زیادکردنی هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئاسایشی سنوورەکان و تاوانە نێودەوڵەتییەکان کرد. لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ مانوێل میکاڵەر باڵیۆزی ئەمریکا لە مانگی ئایاری 2024، موهرەدین پێشنیاری بەهێزکردنی هاوبەشیی درێژخایەنی ئاسایشی هەر دوو وڵات کرد.

هەروەها دیپلۆماتکارەکان فراوانکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی سەقامگیری زیاتری ئابووری لە تاجاکستان و ناوچەکە خستە بەر باس.

تاجاکستان ئەندامێکە لە گروپی "1+C5"، سەکۆیەکی دیپلۆماسی کە پێنج دەوڵەتی ئاسیای ناوەڕاست و ئەمریکا لەخۆدەگرێت. ئەم چوارچێوەی کارە چارەسەرکردنی نیگەرانییە ئاسایشییە هاوبەشەکان و پێشخستنی هەماهەنگیی ناوچەیی دەکاتە ئامانج. تاجاکستان و ئەمریکا خواستی خۆیان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ نوێنەرانی ئامادەبووی وڵاتانی دیکە دەربڕی.

بەشداریکردنی ئاست بەرزی تاجاکستان تیشک دەخاتە سەر پابەندبوونی ئەمریکا بە ئاسایشی ئاسیای ناوەڕاست و دانان بە گرنگیی ستراتیژیی تاجاکستان. بۆ تاجاکستان، پەیوەندیی بەهێزتری لەگەڵ ئەمریکادا سوودی گرنگ لە هاوکاری سەربازی، هاوبەشپێکردنی زانیاریی هەواڵگری و گەشەپێدانی ئابووری پێشکەش دەکات.

بەشێکی گرنگی هاوبەشیی ئاسایشیی تاجاکستان لەگەڵ ئەمریکا بریتییە لە بەشداریکردنی لە بەرنامەی هاوبەشیی ویلایەتیی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا. هێزەکانی تاجاکستان لەگەڵ هێزەکانی پاسەوانی نیشتمانی ڤێرجینیا بۆ ڕاهێنان و بنیاتنانی پەیوەندی یەکدەخرێن.

سەرچاوەکان: Khovar.tj، نیوز سێنتراڵ ئاسئا، SNG FM، SNG Today

# کازاخستان و ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی ئۆنلاین یەکدەگرن

دەستەی یونیپاس

لە جەنگی بەردەوامیان دژ بە تیرۆریزم، هێزەکانی ئاسایشی کازاخستان بە هاوکاری نووسینگەی ئاسایشی دیپلۆماسیی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا مەشقیان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی ئۆنلاین وەرگرت.

بەرنامەی هاوبەشی ڕاهێنانی ئاسایشی دیجیتاڵی لە مانگی ئایاری 2024ـدا بە بەشداری ئەکادیمیای چەسپاندنی یاسای کازاخستان و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە کازاخستان جێبەجێ کرا.

لەگەڵ ئەوەی تا دێت توندڕەوەکان سەکۆکانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی بیرەباوەڕەکانیان و لەخشتەبردنی شوێنکەوتووەکانیان بەکاردەهێنن، ڕاهێنانەکە لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵاتی وەکو ئامرازێکی لێکۆڵینەوە بۆ ناسینەوە، بەدواداچوونکردن و تێکشکاندنی گروپە توندڕەوەکان هاوکاری دەزگاکانی چەسپاندنی یاسای کرد. ئەم هەماهەنگییە تیشک دەخاتە سەر گۆڕانی سروشتی هەڕەشە ئاسایشییەکان و پێویستیی شێوازی نوێ بۆ چارەسەرکردنیان.

"جەنگی دژ بە تیرۆریزمی هاوچەرخ داخوازیی چارەسەری تەکنەلۆژی هاوچەرخ دەکات."

پۆڵ هێندریکس، ئەفسەری ئاسایشی ناوچەکە لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئاستانا ڕایگەیاند. "هەماهەنگیی لە نێوان کازاخستان و ئەمریکا لەم بوارەدا ڕۆڵێکی گرنگی دەگێڕێت لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵاتەکانمان و تەواوی ناوچەکە."



ئەم دەستپێشخەرییە هاوبەشە بەشێکە لە بەرنامەیەکی گەورەتری نووسینگەی ئاسایشی دیپلۆماسی بۆ یارمەتیدانی کازاخستان لە بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی توندوتیژ و پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە. بەوپێیەی توندڕەویی ئۆنلاین وەکو هەڕەشەیەکی توند دەمێنێتەوە، هەوڵە هاوبەشەکانی لەم چەشنە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە گرنگتر دەبن.

سەرچاوەکان: ZONAkz، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا

# بەحرەین
## هەوڵی کۆتایی هێنان بە ململانێ ناوچەییەکان دەدات

دەستەی یونیپاس




**تابلۆیەکی بانگەشە لە شاری مەنامە ئاڵای دەوڵەتانی ئەندامی کۆمکاری عەرەبی لە بەردەم 33ـهەمین کۆبوونەوەی لوتکەی کۆمکاری عەرەبی لە بەحرەین لە مانگی ئایاری 2024 نیشان دەدات.** AFP/گێتی ئیمەیجس

بە سەرۆکایەتیی خاوەن شکۆ شا حەمەد بن عیسا ئەلخەلیفەی بەحرەین، 33ـهەمین لوتکەی کۆمکاری عەرەبی لە کۆشکی ساخیر لە مەنامە لە مانگی ئایاری 2024 بەڕێوەچوو.

"ئەمڕۆ لوتکەکە بە مەبەستی تاوتوێکردنی بارودۆخی زۆر ئاڵۆزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، جەنگە وێرانکەرەکان، قەیرانە مرۆییە دڵتەزێنەکان و ئەو هەڕەشانەی کە ناسنامە، ئاسایش، سەروەری، یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خاکی نەتەوەکەمان [کۆمەڵگەی عەرەبی] دەکەنە ئامانج، کۆدەبێتەوە." شای بەحرەین لە دەستپێکی وتارەکەیدا ڕایگەیاند.

"لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم هەڕەشانەی دەوروبەری کۆمەڵگەی عەرەبیمان، گرنگیی ئەو بەرپرسیارێتیەی کە بۆ پاراستنی ڕێبازی هاوبەشمان و کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێی سەقامگیری و گەشەپێدان لەسەرمانە، زیاتر دەبێت".

لوتکەکە ئامادەبوونی کەسانی خاوەن پێگەی باڵای بەخۆیەوە بینی کە سەرۆکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەحمەد ئەبولغیت سکرتێری گشتیی کۆمکاری عەرەبی و ئەنتۆنیۆ گەتێرێس سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەخۆگرتبوو.

سەرکردەکان هەشت تەوەری سەرەکییان تاوتوێ کرد، لەوانە پرسەکانی پەیوەست بە چالاکیی هاوبەشی عەرەبی لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، زانیاری و ئاسایشی، وە هەروەها هەماهەنگیی عەرەبی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان.

لە وتارەکەیدا، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵێنیدا پشتیوانی دابینبکات، وە داوای لە دەوڵەتانی عەرەبی کرد لەم کاتە مەترسیدارەدا بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی ناوچەکە یەکبگرن.

"ساتی لەمە باشتر نیە تا ناوچەی عەرەبی یەکبگرن. یەکێتی و یەکدەنگی لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا دەنگی زیندویی ناوچەکە بەرزدەکاتەوە و کاریگەرییەکانتان لەسەر شانۆی جیهان زیاتر بەهێزدەکات." گەتێرێس ڕایگەیاند. "ئەمە دەتوانێت بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی، سوود وەرگرتن لە توانا مەزنەکانی و بەشداریکردنی زیاتر لە چاکەی جیهانیدا یارمەتی ئەم ناوچەیە بدات. لە هەموو ئەم کارانەدا، ئێوە دەتوانن بۆ پشتیوانی و هاوبەشیی ئێمە پشت بە نەتەوە یەکگرتووەکان و بە شێوەیەکی کەسی پشت بە من ببەستن."

شانشینی بەحرەین دەستپێشخەرییەکی فرەلایەنەی پێشکەش بە سەرکردەکانی عەرەب کرد و بەڵێنیدا لەپێناو بەدیهێنانیدا هەماهەنگی لەگەڵ کۆمکاری عەرەبی و نەتەوە یەکگرتووەکان بکات.

دەستپێشخەرییەکە داوای ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی ئاشتی کرد بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگەکان، هاوکاری پەروەردەیی و پزیشکی بۆ خەڵکی ناوچەکانی ململانێ، و گوڕوتینێکی ناوچەیی بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی دەرمانسازی و پێکوتە و هەماهەنگیی نێوان دەوڵەتانی عەرەبی بۆ هەنگاونان بە ئاڕاستەی داهێنانی تەکنەلۆژی و دارایی.

سەرچاوەکان: U.N، al-Arabiya.net، alkhaleej.net.

# ئیمارات سەختیی ژیانی هاوڵاتیانی مەدەنی لە ناوچەی ململانێ ئاسان دەکات

دەستەی یونیپاس

بە پابەندبوون بەو بنەماو و بەهایانەی کە لەلایەن دامەزرێنەرەکەیەوە خاوەن شکۆ شێخ زاید بن سوڵتان ئەلنەهیانەوە برەویان پێدراوە، ئیمارات (UAE) بەردەوامە لە بەشدارییەکانی لەنێوان ئەو نەتەوە پێشەنگانەی وەڵامی قەیرانە مرۆییەکان دەدەنەوە کە بەهۆی ململانێ و کارەساتی سروشتییەوە دروست دەبن.

لە مانگی تەمموزی ساڵی 2024، 18ـهەمین کاروانی منداڵانی برینداری غەززە، تووشبووانی شێرپەنجە و هاوەڵەکانیان بۆ چارەسەر وەرگرتن لە نەخۆشخانەکانی ئیمارات گەیشتنە ئەبوزەبی.

لە مانگی تشرینی دووەمی 2023، فڕۆکەکان دەستیان بە گواستنەوەی بە نۆبەی نەخۆشەکان لە غەززەوە بۆ ئیمارات کرد، بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی خاوەن شکۆ شێخ محەمەد بن زاید ئەلنەهیان سەرۆکی ئیمارات بۆ دابینکردنی چارەسەر و چاودێری تەندروستی بۆ 1,000 منداڵی بریندار و 1,000 تووشبووی شێرپەنجە.

یەکەم گروپ کە لە 15 منداڵ پێکهاتبوو لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی 2023 گەیشتنە ئیمارات. فڕۆکە بازرگانییەکان قەرەوێڵەی گوێزەرەوە و جێگایان تێدا جێگیرکرا بۆ گواستنەوەی نەخۆشەکان.

ئەم دەستپێشخەرییە بەشێکە لە هەوڵە بەردەوامەکانی ئیمارات بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی مرۆیی ململانێکانی غەززە. ئیمارات هەزاران پاکەتی خۆراک، بەتانی، خێمە، دەرمان و پێداویستییەکانی تری گەیاندووەتە خەڵکی مەدەنیی نەدار.

جگە لە پێداویستییە خێراکان، ئیمارات لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی 'سوارچاکی جوامێر'ـی 3 نەخۆشخانەیەکی مەیدانی لە غەززە دامەزراند. لە مانگی کانوونی دووەمی 2024، شاندێکی پزیشکی بە سەرۆکایەتی دکتۆر نورا خەمیس ئەلغەیسی، یاریدەدەری وەزیری تەندروستی لە ئەبوزەبی بە یاوەری کارمەندانی مانگی سووری ئیمارات سەردانی ئەو نەخۆشانەیان کرد کە لە نەخۆشخانەکە خەوێنرابوون.

سەرچاوەکان: دەزگای هەواڵی ئیمارات، ئێن بی سی نیوز، دێڤەڵۆپمێنت ئەید، تەلەفیزیۆنی ئەل غەد.

**ئیماراتییەکان لە کۆگایەکی پزیشکی ئیمارات لە میسر لە مانگی تەمموزی 2024 لە نزیک کۆگای یارمەتییە پزیشکییەکان بۆ غەززە وەستاون.** ڕۆیتەرز



# میسرِ پەیوەندییەکانی پیشەسازیی سەربازی بەهێز دەکات

دەستەی یونیپاس

**وەزارەتی** بەرگری و بەرهەمهێنانی سەربازیی میسرِ پێشکەوتنی بەرچاوی خۆی لە خواستەکانی بۆ زیادکردنی هەماهەنگیی نێوان سوپا و پیشەسازی میسرِی ڕاگەیاند.

هەتا مانگی حوزەیرانی 2024، وەزارەتەکە زیاتر لە حەوت کارگەی چەک و تەقەمەنی نوێکردبووەوە، بە ئامراز و سیستەمی پێشکەوتوو ئامێربەندی کردوون. ئەم کارگانە کارگەی بەرهەمهێنان و چاککردنەوەی زرێپۆش، کۆمپانیای پیشەسازی کیمیایی هێلیۆپۆلیس و کۆمپانیای یوریا فۆرماڵدیهایدی لەخۆدەگرێت.

لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجە، تا بتوانرێت پێکهاتەکانی کەرەستەی هاوردەکراو لە میسرِ دروست بکرێن، وەزارەتەکە داوا لە بەڵێندەرانی بیانی دەکات تەکنەلۆژیا بگوازنەوە میسرِ و ڕاهێنان بە تەکنیکارانی میسرِی بکەن.

بۆ نموونە، کاتێک میسرِ گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای بەرگریی هەنوهای کۆریای باشوور بۆ بەدەستخستنی تانکی K9A1 Thunder خۆکاری تۆپهاوێژی قەبارە 155 ملم واژۆ کرد، لە ڕێککەوتنەکەدا ئەوە هاتبوو کە دەبێت بەشێک لە چەکەکە لە میسرِ دروست بکرێت.

بەگوێرەی پلانی بەرهەمهێنان، میسرِییەکان دەبێ بتوانن نزیکەی 67%ـی پارچەکانی تۆپهاوێژەکە لە ناوخۆدا بەرهەم بهێنن. لە کاتی دەستپێکردنی قۆناغی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، کارگەکانی میسرِ ئامادە دەبن بۆ بەرهەمهێنانی گوێزەرەوەی زرێپۆشی هەڵگری تۆپهاوێژەکان، گوێزەرەوەکانی دووبارە دابینکردنەوەی تەقەمەنی، گوێزەرەوەکانی جڵەوکردنی ئاگر، لوولەی تۆپهاوێژەکان و سیستەمی هەستیاری بینایی، کارەبایی و ئەلیکترۆنی.

میسرِ ئاواتەخوازە ببێتە ناوەندێکی ناوچەیی بۆ بەرهەمهێنانی تۆپهاوێژی خۆکاری 155 ملم. "ئێمە لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی و ئەفریقی کە ئارەزووی بەدەستهێنانی تۆپهاوێژی K9A1 [دروستکراوی میسرِ] دەکەن، دەستمان بە دانوستانەکان کردووە." محەمەد سەڵاح مستەفا وەزیری بەرهەمهێنانی سەربازی ڕایگەیاند.

دامەزراوە بازرگانییە سەربازییەکان لە میسرِ دەکەونە ژێر یەکێک لە سێ ئۆرگانی سەرەکی: وەزارەتی بەرهەمهێنانی سەربازی، وەزارەتی بەرگری و ڕێکخراوی عەرەبی سەر بە حکومەت بۆ پیشەسازیی.

سەرچاوەکان: defensenews.com، aboutmsr.com، ڕۆیتەرز




دەمانچەیەک کە لە میسرِ دروستکراوە لە پێشانگای بەرگری میسرِ لە قاهیرە نمایشکرا.

AFP/گێتی ئیمەیجس



# ئۆزبەکستان ڕێکەوتننامەی هاوکاریی سەربازیی لەگەڵ ئەمریکا پەسەند کرد

دەستەی یونیپاس

**ئۆزبەکستان** بە پەسەندکردنی ڕێکەوتنێک لە مانگی ئایاری 2024 بۆ پاراستنی زانیارییە سەربازییە نهێنییەکان کە لە نێوان وەزارەتی بەرگری خۆی و وەزارەتی بەرگری ئەمریکادا ئاڵوگۆڕکراون، هەماهەنگیی سەربازی لەگەڵ ئەمریکدا قووڵتر کردەوە.

ئامانجی ڕێککەوتنەکە بریتییە لە بەهێزکردنی هەماهەنگییەکانی نێوان هەردوو وڵات و باشترکردنی تواناکانی ئاسایش و بەرگریی ئۆزبەکستان. ڕێککەوتنەکە ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییە سەربازییە نهێنییەکان لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکان دەکات و چوارچێوەیەکی کار بۆ وەرگرتنی هاوکاری سەربازی-تەکنیکیی ئەمریکا بۆ ئۆزبەکستان دابیندەکات.

ڕاڤشانبێک عەلیموّڤ، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەنجومەنی پیرانی ئۆزبەکستان، جەختی لەسەر پێویستیی پەرەپێدانی هەماهەنگییە سەربازییەکانی ئۆزبەکستان لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکە کردەوە. لەم ڕووەوە، پەسەندکردنی ڕێککەوتنی نێوان دەزگاکانی بەرگریی ئۆزبەکستان و ئەمریکا سەبارەت بە پاراستنی زانیارییە سەربازییە نهێنییەکان "بریتییە لە درێژکراوەیەکی لۆژیکیی هەوڵەکان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان،" عەلیموّڤ ڕایگەیاند.

لە ستایشکردنی یاساکەدا، تانزیلا نارباێڤا، سەرۆکی ئەنجومەنی پیران جەختی لەوە کردەوە کە ئەمە هاوبەشپێکردنی زانیاری سوودبەخشی دوولایەنە دەگرێتەوە، کە بڕگەی دابینکردنی ئامێری سەربازی و ڕاهێنان بۆ سەربازانی ئۆزبەکستان لەخۆدەگرێت.

ئەم واژۆکردنە فەرمییە سەردانەکانی فەریقی یەکەم مایکڵ کوڕیلا، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکای بۆ ئۆزبەکستان بەدوای خۆیدا هێنا. فەریقی یەکەم کوڕیلا بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی ئۆزبەکستان دەبنەوە و دۆزینەوەی ڕێگاکانی بەهێزکردنی هەماهەنگیی نێوان هەردوو وڵات سەردانی ئۆزبەکستانی کرد.

لەگەڵ ئەوەی ئۆزبەکستان پەیوەندییە سەربازییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا بەهێزدەکات، ڕێککەوتنەکە هەنگاوێکی گرنگە لە ستراتیژیی بەرگری و پێگەکەی لە ئاسیای ناوەڕاست.

سەرچاوەکان: KUN.UZ ،Podrobno.uz

# عێراق بەرەنگاری بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر دەبێتەوە

دەستەی یونیپاس

**بە** لەبەرچاوگرتنی سنوورە درێژ و کەلێندارەکانی لەگەڵ ئێران و سوریا، عێراق ڕووبەڕووی پەتایەکی نەخوازراوی ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان دەبێتەوە.

لە مانگی حوزەیرانی 2024، هێزێکی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغداد بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت 18 تۆمەتباری دەستگیرکرد. ئەوان خاوەنی درۆن، ئۆتۆمبێلی تۆمارنەکراو، دۆشکە، چەکی دیکە و جۆرەها ماددەی هۆشبەر بوون.

بەگوێرەی ئاماری دەسەڵاتی گشتیی دژە هۆشبەری عێراق (IANGA)، ماددەی کریستاڵی میسامفیتامین بەربڵاوترین ماددەیە، کە لەلایەن 37%ـی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکانی عێراقەوە بەکاردەبرێت، لەکاتێکدا بەکاربەرانی کاپتاگۆن نزیکەی 35%ـی بەکاربەرانی ماددە هۆشبەرەکان پێکدەهێنن.

"دەسەڵاتی گشتیی دژە هۆشبەر لە وەزارەتی ناوخۆ، لە ماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی 2024، چەندین ئۆپەراسیۆنی ئاسایشی پێشوەختەیان دژی بازرگانانی ماددەی هۆشبەر و فرۆشیارانی ماددەی هۆشبەر و هەموو ئەوانەی دەستیان لەم جۆرە تاوانانەدا هەیە ئەنجامداوە." حوسێن ئەلتەمیمی، ئەفسەری کاروباری گشتی ڕایگەیاند.

"ئەم ئۆپەراسیۆنانە بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی تۆڕە گەورەکانی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، دەستبەسەرداگرتنی زیاتر لە یەک تەن و نیو لە جۆرەهاماددەی هۆشبەر و نزیکەی 10 تەن لە دەرمانە دەروون شێوێنەکان، وە دەستگیرکردنی نزیکەی 7,000 هەزار کەسی تێوەگلاو لە تاوانەکانی ماددەی هۆشبەر."

دەزگا ئاسایشییەکانی عێراق بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بە تەنها پشتیان بە ڕێوشوێنی سزادان نەبەستووە. بەڵکو وەزارەتی ناوخۆ 16 ناوەندی چاکسازیی لە پارێزگاکانی عێراقدا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکان لەسەر کۆمەڵگا کردوەوە.

کریستاڵی مێسامفیتامین لە ڕێگەی سنووری باشووری ڕۆژهەڵاتی عێراق بە قاچاخ لە ئێرانەوە دەهێنرێتە عێراق، لە کاتێکدا حەبی کاپتاگۆنی هێورکەرەوە لە سوریاوە لە سنووری باکووری ڕۆژئاوای عێراقەوە دەهێنرێتە ناوەوە.



**سەربازانی عێراق لە میانی ئۆپەراسیۆنێکی دژە هۆشبەردا یەکێک لەو چەند بازرگانانەی ماددەی میسامفیتامینیان دەستگیرکرد.** AFP/گێتی ئیمەیجس

بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. بازرگانیکردنی نایاسایی و بەکارهێنانی ماددە هێورکەرەوەکانی جۆری ئەمفیتامین لە شێوەی حەبی کاپتاگۆن و کریستاڵی میسامفیتامین، نەک تەنها بۆ حکومەتی عێراق بەڵکو بۆ حکومەت و کۆمەڵگاکانیش لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە.

لە مانگی شوباتی 2024. ئەردەن میوانداریی کۆبوونەوەیەکی بۆ وەزیرانی ناوخۆی عێراق، ئەردەن، سوریا و لوبنان سازکرد، کە بە پێکهێنانی شانەیەکی پەیوەندیی هاوبەش بۆ هەماهەنگی، یەکخستنی هەوڵەکان و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردنی سنووریی بە ماددە هۆشبەرەکان کۆتایی هات.

"لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا عێراق و وڵاتانی دراوسێ زیادبوونی بەرچاوی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی حەبی کاپتاگۆنیان بە بەڵگە کردووە ... دەستبەسەرداگرتنی حەبی کاپتاگۆنەکان لە عێراق لە ساڵی 2019 هەتا 2023 نزیکەی لەسەدا 3,380 زیادی کردووە"، نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددە هۆشبەرەکان و تاوانەکان بڵاویکردووەتەوە.

بە پابەندبوون بە ئاسایش و سەقامگیری عێراق، نووسینگەی نێودەوڵەتیی ماددە هۆشبەرەکان و کاروباری چەسپاندنی یاسای سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان هاوکاریی تەکنیکی پێشکەش بە دەزگاکانی چەسپاندنی یاسای عێراق کردووە.

سەرچاوەکان: ئەشرەق ئەلئەوسەت، baghdadtoday.news، سکای نیوز، U.N.

# سعودیە بواری پەروەردەی سەربازی فراوان دەکات

دەستەی یونیپاس

بۆ مانەوەی هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنە سەربازییەکان، خاوەن پایە شازادە خالید بن سەلمان، وەزیری بەرگریی سعودیە، لە مانگی حوزەیرانی 2024ـدا بەرنامەیەکی بۆ گۆڕینی کۆلێژی فەرماندەیی و دەستەی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی سعودیە (SAAFCSC) بۆ زانکۆی بەرگریی نیشتمانی (NDU) دەستپێکرد.

ئامانجی بەرنامەکە بریتی بوو لە زەمینەسازی بۆ زانکۆی بەرگریی نیشتمانی (NDU)، بۆ ئەوەی تا ساڵی 2030، ببێتە زانکۆیەکی سەربازیی ناوچەیی پێشەنگ لە ئامادەکردن و شایستەکردنی سەرکردە سەربازی و مەدەنییەکان لە بوارەکانی بەرگری و ئاسایشی نیشتمانیدا.

"ئەمە سەرەتای قۆناغێکی نوێیە و دەستپێکێکی پرشنگدارە بەرەو داهاتوویەکی پیشەیی پەروەردەی سەربازی لە شانشینەکەدا،" فەریق فەیاز ئەلروەیلی، سەرۆک دەستەی ئەرکانی گشتیی سعودیە ڕایگەیاند. "زانکۆکە بەرنامەکانی خوێندن پێشکەش دەکات، توانا و لێهاتووییەکان گەشەپێدەدات و وەکو ناوەندێکی توێژینەوە بۆ دەرکردنی بڕیار [و] چارەسەرکردنی کێشەکان خزمەت دەکات، وە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی کوالیتی بەرزی گونجاو لەگەڵ بەرزترین ستانداردەکان پێشکەش دەکات."

SAAFCSC بۆ زیاتر لە شەش دەیە ئەکادیمیای باڵای سەربازیی وەزارەتی بەرگریی سعودیە بووە، کە ڕاهێنانی بە ئەفسەرانی دەستەبژێری هێزە چەکدارەکان و دەزگا ئاسایشییەکانی تری سعودیە و وڵاتانی هاوبەش کردووە.

لە بەرواری دامەزراندنیەوە لە ساڵی 1958، SAAFCSC بەشێوەیەکی بەردەوام نوێگەری و هاوچەرخکردنی تێدا ئەنجامدراوە، پێداچوونەوەی بە ستراتیژ، شێواز و مەنهەجەکاندا کردووە تا لەگەڵ پێشکەوتنەکانی زانستی سەربازی، ئاڵنگارییەکانی ئاسایش و تەکتیکی جەنگدا هەنگاوبنێت.

SAAFCSC بەرنامەی خوێندنی پێشکەوتوو پێشکەش دەکات، لەوانە بڕوانامەی ماستەر لە توێژینەوەی ستراتیژی و زانستی سەربازی، خولێکی پلاندانانی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، وە هەروەها چەندین بڕوانامە لە ئاسایشی نیشتمانی، سەرکردایەتی ستراتیژی، زانیاری سەربازی و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی.

NDU دەبێت بە ئاستبەرزترین دامەزراوەی سەربازی کە پەروەردەیەکی کوالیتی بەرز لە خوێندنی سەربازیدا بە نزیکەی 280,000 کەس کە لە سەرانسەری خزمەتگوزارییە سەربازییەکانی سعودیە خزمەت دەکەن، پێشکەش بکات، لەنێویاندا هێزە وشکانییەکانی شاهانەی سعودیە، هێزە ئاسمانییەکان، هێزە دەریاییەکان، هێزەکانی بەرگریی ئاسمانی و هێزەکانی مووشەکی ستراتیژی.

سەرچاوەکان: al-Arabiya.net، ئەشرەق ئەلئەوسەت، elaph.com

هێزەکانی سعودیە ئاسایش بۆ سەردانی ساڵانەی حەجی پیرۆز دابیندەکەن.

AFP/گێتی ئیمەیجس





گۆڤاری یونیپاس بەخۆڕایی بۆ ئەو لایەنانە دابین دەکرێت کە پەیوەستن بە پرسەکانی ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست.

# هاوبەشپێکردنی زانیاری

## ببیەخشە بە یونیپاس

هەر بیرۆکەی چیرۆکێك، نامە بۆ سەرنووسەر، وتاری هزری، وێنە و ناوەڕۆکی تر بنێرە بۆ دەستەی سەرنووسەرانی یونیپاس لەCENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL

## ئامۆژگاریی پێشکەشکردن

- وا پەسەندترە بابەتی پێشکەشکراو بە زمانی ڕەسەنی خۆت بێت. یونیپاس خۆی وەرگێڕان دابیندەکات.
- نابێت وتار لە 1,500 وشە زیاتربێت.
- تکایە با هەر پێشکەش کردنێك ژیاننامەیەکی کورت و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن لەخۆبگرێت.
- پێویستە قەبارەی فایلی وێنە بە لایەنی کەمەوە 1 مێگابایت بێت.

## مافەکان

نووسەرەکان خاوەنی هەموو مافەکانی کەرەستە ڕەسەنەکانی خۆیانن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە مافی پێداچوونەوەمان هەیە بە وتارەکاندا بۆ ئەوەی پێویستییەکانی شێواز و پانتاییان تێدا بەرجەستە بێت. پێشکەشکردنی وتار زامنی بڵاوکردنەوەی ناکات. بە بەشداریکردن لە یونیپاس، ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ ڕازیت بەو مەرجانە.



بۆ بەشداریکردنی **بێبەرامبەر** ئیمەیڵمان بۆ بنێرە بۆ CENTCOM.UNIPATH@MAIL.MIL


یاخود نامەمان بۆ بنێرە بۆ:<br>
Unipath<br>
U.S. Central Command<br>
7115 S. Boundary Blvd.<br>
MacDill AFB, FL 33621 USA


تکایە با ئەمە ناوی خۆت، پیشەکەت، ناونیشان و پلەکەت، ناونیشانی پۆستە و ناونیشانی ئیمەیڵەکەت لەخۆبگرێت.

HTTPS://UNIPATH-MAGAZINE.COM/KU